

# موجتەبا میرزادە
# لێزانێکی مۆسیقای کوردستان و ئێران

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست:


١- موشتەبا میرزادە، کێیە؟!............................................................ وەرگێڕانی ناسری رەزازی ..... ٣

٢- خوێندنەوەیەکی خێرا لەسەر موزیککار "موجتەبا میرزادە"............................... ن: فەرهاد حەمە ساڵح ..... ١٢

٣- موجتەبا میرزادە(مۆزیکار)............................................................. ڕۆژهەڵات ..... ١٦

٤- موجتەبای میرزادە لە ژەنیارێکی ڤیولینەوە بۆڕابەری ئۆرکێسترای کورد.................................. ڕۆژنیوز ..... ٢٢

٥- من و موجتەبا میرزادە............................................................ هەوارگەی دڵان ..... ٢٧

٦- کورتەیەک لە چالاکی هونەری و ژیانی "مامۆستا موجتەبا میرزادە"................... مامۆستا عەلی عابدی ..... ٢٩

٧- موجتەبای میرزادە چوار دەیە پەنجەکانی لەسەر کەمانەکەی لانەبرد................ ئامادەکردنی: ئومێد نەجم ..... ٣٢

٨- موجتەبای میرزادە، لێزانێکی مۆسیقای کوردستان و ئێران.................................. کاوە فەقیەزادە ..... ٣٧

٩- موجتەبا میرزادە، کەمانچەیەکی هێمن ................................................. ئا؛ جەواد حەیدەری ..... ٤٥

١٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ دلێر سەلیم نووسەری کتێبی موجتەبا میرزادە............................ پایگاە خبری هاژە ..... ٥٩

١١- چاوخشاندنێک بەسەر ژیانی هونەری هونەرمەند موجتەبا میرزادە.................................. خالند عجمی ..... ٦٧

١٢- دیدار لەگەڵ ئەرسەلان کامکار دەربارەی موجتەبا میرزادە.................................. فەیسبووکی کامکاران ..... ٧٢

١٣- موجتەبا میرزادە: ڤایۆلینژەنێک بۆ هەمیشە..................................................... بیار رەشید ..... ٧٤

١٤- موجتەبا میرزادە، میوزیکژەنی ناوداری کورد.......................................... ئامادەکردنی؛ مستەفا فاتیح ..... ٧٨




سەرچاوە
Serchawe

## موشتەبا میرزادە، کێیە؟!



**وەرگێڕانی ناسری ڕەزازی**

ژیانی موشتەبای میرزادە ئاوێنەی وێنەنوینی سەرگوریشتەی کەسێکە کە بەلای کەمەوە لە بێفەرهەنگترین ڕەدەی کۆمەڵگا دەستی پێ کردووە و لە مووزیکدا گەیشتۆتە پلەی باڵای لیوەشاوەیی! موشتەبا میرزادە لە شاری کوردنشینی (شاهاوا یان مەندەلی کۆن)ی سەر بە پارێزگای کرماشان لە دایک بووە!! شارێک کە تییدا لە گەڵ مووزیکاران و گۆرانیبێژان، بە شێوەیەکی باش هەڵسوکەوت نەدەکرا! لە ناو خانەودەکەیدا مووزیک بە هیچ جۆرێک بوونی نەبوو! میرزادە کە لە منداڵییەوە شەیدای مووزیک بوو، لە پشت دەرگای خانووی هاوسێکەیانەوە کە ڕادیۆیان هەبوو، بێوچان بەسەعاتان گوێی لە ڕادیۆ ڕادەگرت و کاتێ کە مووزیک بڵاو دەبووەوە، بە تاسەوە کەڵکی لێوەردەگرت! پاشان لەگەڵ ماڵەوەیان چوون بۆ (ایلام غرب،

یان ئیلامی رۆژاوا)! ئیلام لەباری هەڵکەوتی جوغرافیاییەوە بنبەست و لەو سەردەمەدا کولتووریکی لادێیانەی بەسەردا زاڵ بوو! لەوێ رێگایەک بۆ پێشکەوتن بوونی نەبوو!

موشتەبا بۆ خۆی دەڵێ: بۆ یەکەمینجار، چەند ژێرپیاڵە و دەوری (قاپ)م پێکەوە دادەنا و تێدەکۆشام دەنگیان لێوە دەربێنم و مووزیک لێبدەم! کاتێ کە ناهومێد دەبووم، هەر ئەو کارەم بە راستا، یان خەتکێشیک دەست پێدەکردەوە! لە ناو پۆلی خوێندنگەدا تێخی ریشتاشینم بە شێوەی کورت و درێژ، بە جۆرێک کە هیچکام لە تێخەکان یەک ئەندازە نەبن، دەچەقاندە ناو سەندەڵێیەکە و هەرکام لەم تێخانەش دەنگێکی تایبەتی لێوە دەردەهات کە وەکوو یەک نەبوون! دوای ماوەیەک تەمرین توانیم بەم تێخانە میلۆدی دابنێم! ئەم زەحمەتە سەرەتاییانە هەروەها درێژەی هەبوو تا ئەوەی کە فلووتێکم وەدەست خست! ئەو فلووتە سەرپاک کاتی شەوورۆژەکانی منی داگیر کرد! ماوەیەک تێپەڕی تا توانیم ئەویش وەدەنگ بێنم!

لەوانەیە وا وێنا بکرێ کە باسی ئەم وردەکارییانە هیچ پێوەندییەکی بە مووزیکی فیلمەوە نەبێ، بەڵام بە وەبیرهێنانەوەی ئەم وردەکارییانە دەمەوێ نیشانی بدەم کە هونەرمەندێکی ئاوەها تووشی چ بارودۆخێکی مەینەتبار و داخهێنەر بووە!

ئاوازدانەرە رۆژاواییەکان بێ هیچ هەڵاوردنێک بە بەهرەوەرگرتن لە زۆربەی ئیمکانات، بەهاسانی لە کۆنسیرواتوارەکان و کۆمەڵگەورەکانی مووزیک دەست بە خوێندن دەکەن و بە هاسانی پلەباڵاکانی مووزیک تەواو دەکەن! لە حاڵێکدا ئاوازدانەرەکانی ئێمە بۆ وەدەسهێنانی سازێک دەبێ بەندبەندی جەستەیان بخەنە ژێر رێژنەی سامناکی رووداوەکان! لە رێگای سەرنجدان بەم وردەکارییانەوەیە تێدەگەین کە ئێمە بۆچی مووزیکزانانێکی وەکوو چایکۆفسکی، یان لانیکەم بیرنیشتاینمان تێدا هەڵنەکەوتووە!!!

میرزادە دەڵێ: خەڵکی دیکە لە گەڵ باوکم دەیاننایە تاڵوزاخ و سەرکۆنەیان دەکرد کە لەم کارە شەرمهێنەرانەیەی من بەرگری بکا! دەتگوت من کۆمەڵگەم بۆ ئەم شەڕە بانگ کردبوو! باوکم هەمیشە لەگەڵما قڕەی دەکرد و بە هەموو جۆرێک ئازاری دەدام تا بەڵکوو دەس لە مووزیک هەڵگرم و ئابڕووی لە شارەکەدا بپارێزم!

میرزادە بە هەر جۆرێک دەبێ، لەگەڵ ئەم هەموو گیروگرفتەدا هەڵدەکا، تا ئەوەی کە برا گەورەکەی بەرێکەوت سەنتوورێک دەکڕێ! میرزادە لە یەک دوو مانگی سەرەتادا تێکۆشاوە کە چەند پارچەیەک لێ بدا، بەڵام مووزیک هەست و ئەشقی دەوێ! ئەگەر گڕی مووزیک لە دڵدا نەبێ، دەسوەردانە ساز، ئینسان بە تەواوەتی ماندوو دەکا!



سەرچاوە
Serchawe

میرزادە دەڵێ: براکەم هەر کە یەک دوو مانگ سەری نایەسەر سەنتوورەکە و تێگەیشت کە بۆی ناچێتە پێش، دەستی لە تێکۆشان هەڵگرت و سازەکەی بەحاڵی خۆی دانا! من لەو هەلە کەڵکم وەرگرت و سازەکەم عەیرەتی لێ وەرگرت! ،ئەم سازە ئیتر نەگەڕایەوە بۆ لای، منیش بێ هیچ مامۆستا یا فێرکارێک بە هەر گیانکەنشتێک بوو، لە ماوەی شەونخوونیگەلێکی زۆر، فێری لێدانی سەنتوور بووم و یەکەمین کەسێک بووم کە لە ئیلام بۆ سازلێدان هەنگاوم هەڵگرت!

بەم شێوەیە میرزادە نە تەنیا بەسەر خۆیەوە، کە لەم بارەیەوە بەسەر خەڵکی ئیلامیشەوە هەقی هەیە، بەهەرحاڵ جێگەی لەناو خانەوادەکەیدا داسەپینرا! ئەگەریش قەرار بوو تێکۆشانی ئەو خەتەرێک بۆ ئابڕووی خانەوادەکەی بێنێتە پێش، تا ئەو کاتەی هەر رووداوێک کە لەوانە بوو روو بدا، رووی دابوو! لەبەر ئەمە میرزادە بە شوێن هەر هەڵکەوتێکدا، پاودانیکی دیکەی بۆ خۆی وەدەس دەهێنا!

میرزادە دەڵێ: پیاوێکی خەڵکی تاران لە ئیلام بوو کە ناسیاوی باوکم بوو! ئەو پیاوە لە مووزیکدا شەوقوزەوقی هەبوو و ڤیۆلۆنی لێ دەدا! ئەو کە زانی من ناتەواو سەنتوور لێدەدەم بنەمای سەرەتایی ڤیۆلۆنی پێ فێر کردم! هەر ئەویش بوو کە پێی داگرت و باوکمی ناچار کرد کە ڤیۆلۆنم بۆ بکڕێ! بەمجۆرە من بۆ یەکەمینجار بۆخۆم بووم بە خاوەن سازێکی درووست و حیسابی! لە ماوەی پێنج مانگدا ئەوەندە تەمرینم کرد کە توانیم لەسەر شانۆی دەبێرستان بە ڤیۆلۆن کۆنسێرت بدەم! دژایەتی باوکمیش هەروەها درێژەی هەبوو! زۆر جار (کەرۆکە یا کەریلە)ی ڤیۆلۆنەکەی لێدەشاردمەوە! منیش ناچار دەبووم بۆ کەڵکوەرگرتن لە سازەکە قوتیلەیەکی بەتاڵی واکس یان بۆیاخ بنێمە ژێر تەلەکان! بەم چەشنە بە هەر خوێندڵخواردنێک بوو، بە شێوەیەکی تا رادەیەک تەواو، خۆمم فێری ڤیۆلۆن کرد!

میرزادە ساڵی ١٩٦١ بە هۆی ئەو ڤیۆلۆنیستەی کە یارمەتی دەدا و هانی دەدا بۆ فێربوون، دەڕواتە رادیۆ کرماشان و لەوێ لەگەڵ چەند مۆسیقاری دیکەی وەکوو عەبدولسەمەدی و یووسفزەمانی و هیدیکە لەو رادیۆیەدا دەستی بە ژەنینی سازی ڤیۆلۆن کرد و لەگەڵ گۆرانیبێژگەلێکی وەکوو حەسەن زیرەک و خالقی و خەلیلی سدێقی و ئەلبورزی و زۆرێکی دیکەدا کاری کرد، بەڵام دوای ئەوەی کە حەسەن زیرەک لەوێ نەما موشتەباش بە یەکجاریی چوو بۆ تاران و ئیتر تا کاتێ مرد، لەوێ ژیا و خزمەتی بە مۆسیقای فارسی کرد. میرزادە ساڵی ١٩٦٧ چوو بۆ تاران و بەناچار چووە لای مامۆستایەکی سروود کە نۆتەی دەزانی، دەستی بە خوێندن کرد! لە راستیدا بەشداری لە (تاقیکردنەوە لەیەک بڵاوەکان)، (امتحانات متفرقە)، کە لە تاران دەدرا و هەروەها مرخ بە فێربوون، ئەویش بە بۆنەی دەرەتانێک کە لە ناوەند واتە تاراندا هەبوو، لە هەمووش گرنگتر ئەشقی سووتێنەر بە کچێک کە لە تاران دەژیا و ئێستا هاوسەریەتی، دەستیان لە یەک هەڵپێکا و راکێشی تارانیان کرد!



سەرچاوە
Serchawe

موشتەبا دەڵێ: کاتی گەیشتبوو کە دڵهەڵکەنەی زێدەکەم بم و بێمە تاران! بۆ ئەم سەفەرە دەلیلی زۆرم هەبوون! ئەوە بوو کە بەتەنیا هاتمە تاران و ژوورێکم لە (سەرسەبیل)، بە مانگێ (٤٠ تمەن) کرێ گرت! باوکم مانگانە ١٠٠ تمەنی بۆ دەناردم! دەبوو بە مانگێ ٦٠ تمەن، لە تاران ژیان بەرمە سەر!

بۆ گەیشتن بە پلەی سەرووتر دەبێ تاوانێکی زۆر بدرێ! لە نێوان ئاوازدانەرەکانی هاڵیقوودی ئامریکا، هیچ کەسێک ئەم رەنج و کوێرەوەرییانەی نەچێشتووە و تاقی نەکردۆتەوە! لە ئورووپا بە قەدەر ئەژماری سینەماکانی ئێران کۆنسێرواتوار هەیە! خانووەکەی (میکلۆس رۆژا) کە بەسەر تەپۆڵکەکانی هاڵیقوودەوە هەڵخراوە، ئەوەندە رازاوەیە کە دەکرێ بکرێتە هونەرستانی مووزیک! من توانای پێشبینی ئەم بناغەیەم نییە، کە ئەگەر رۆژا، لە سەرسەبیلی تاران لە ژوورێکدا بە مانگی ٤٠ تمەن کرێخانوو دەژیا، دەستی بە چی پلەیەک لە ئیعتباری مووزیک دەگەیشت! یان ئەگەر میرزادەش لە ناو ئەو ئیمکانات و ژیانەی (رۆژ)ادا دەبوو، چی شوێنەوارێکی دەخولقاند! هەر ئەوەندە پێشبینی دەکرێ کە لە کاتی وەها جێگۆڕکەیەکدا ئەم دوو نەفەرە خاوەنی کەسایەتی ئێستای خۆیان نەدەبوون! نیگایەکی کورت لە ژیانی رۆژا تا رادەیەک پێشبینییەکەمان روون دەکاتەوە! ئەو ساڵی ١٩٠٧ لە بوودابێست لە دایک بوو، دایکی عاشقی پیانۆ بوو، بەڵام باوکی هیچ حەزی لە مووزیک نەبوو! تەنانەت لۆمەشی دەکرد کە واز لە مووزیک بێنێ! بەهەرحاڵ ئەم منداڵە ئەوەندە عەبداڵیی مووزیک و تێیدا لێوەشاوە بوو و دەستی لێهەڵنەدەگرت، کە ناچار بوون لە فێربوونی مووزیکدا وازی لێ بێنن! بەم شێوەیە رۆژا بەرلەوەی کە بە منداڵی بتوانێ بخوێنێ و بنووسێ، بە هاسانی دەیتوانی نوت بخوێنێتەوە! رۆژا پێنج ساڵان بوو کە دەرسی ڤیۆلۆنی دەس پێکرد و لە حەفت ساڵاندا توانی موومانیک لە کۆنسێرتۆی ڤیۆلۆنی مۆزارت لێ بدا! ئەوانەی کە سەریان لە ناو مووزیکدایە دەزانن کە ژەندنی کۆنسیرتۆی مۆزارت بە ڤیۆلۆن چەندە لۆری دەوێ! ئەو لە مەدرەسەکەیدا کرا بە سەرۆکی کۆڕی (فرانتس لیست) و رێک لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنی مووزیکی درێژە پێدا! وا بوو کە لە تەمەنی ١٨ ساڵاندا لە تاقیکردنەوەیەکی کۆمپۆزیسیۆن لەبەر (یەک تریۆ) بۆ (فلووت و، ئۆبۆئا و ڤیۆلۆنسۆل)، بوو بە براوە! دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی بوودابێستی بە جێهێشت و چوو بۆ لایپزیک و لە کۆنسیرواتوارە بەناوبانگەکەی مووزیکی ئەو شارەدا نێوی نووسی! تەمەنی ٢٤ ساڵان بوو کە بە هۆی پێشکەشکردنی سەرکەوتوانەی بەرهەمەکانی لە پاریس هاتە سەر ئەوە کە پاتەختی فەرانسە وەکوو ماڵ هەڵبژێری! لە پاریس بوو کە بەرێوەبەری فەرانسەیی (ژاک فدە) بەرهەمی ئەم ئاوازدانەرە لاوەی پەسن کرد و رایکێشایە ناو دنیای سینەما!

میرزادە بە کرۆکاش و خوێندن، لە بەستێنی مووزیکدا لە تاران درێژەی دەدا و دەڵێ: کاتێک هاتمە تاران سەبارەت بە نۆت هیچ شتێکم نەدەزانی! بەڵام بە هۆی پرۆڤە و تەمرینی دوورودرێژەوە توانیم لە ژەندنی ڤیۆلۆندا لێزانین و لێوەشاوەیی وەدەست بێنم! لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر بەو چەشنە فێری ڤیۆلۆن بووم، لەلای خۆشم بڕیارم دا نۆتیش فێر ببم! کتێبێکی

سەرەتایی نۆتم کە (ڤیای موختاری) نووسیبووی و بایی ٤ قەران بوو کڕی و تێکۆشام کە لە رووی ئەوە لە چۆنیەتی ئەلف و بێی مووزیک سەر دەربێنم! ئەو کتێبە جگە لە زانیاری سەرەتایی سەبارەت بە بایەخی (زەمانی نۆتەکان و بێدەنگیی)ەکان هیچی دیکەی پێنەدام! لە راستیدا وای دەردەخست کە فێربوونی نۆت، بێ مامۆستا سانا نییە! بەڵام من کە بۆ فێربوونی مووزیک ئەو هەموو زەحمەتەم کێشابوو، نەمدەتوانی بەو سادەیی یە مەیدان چۆڵ کەم! لەو سەردەمەدا گۆڤاری (مووزیکی ئێران) بڵاو دەبووەوە و هەر حەفتە نۆتی یەک یان چەند ئاوازی چاپ دەکرد! من تەواوی ئاوازەکانم لەبەر بوو و دەمتوانی بە ڤیۆلۆن بیانژەنم! کەوابوو لە رێگای چاو و گوێوە دەستم بەکار کرد! ئاوازەکەم کە لێدەدا، چاوم لە نۆتەکە دەکرد تا بزانم ئەوەی کە لێی دەدەم چۆن دەنووسرێتەوە! کارێکی یەکجار سەخت و ئۆقرەپڕووکێن بوو! بۆ نموونە لە رووی یەکێ لە ئاوازەکانی (مەجیدی وەفادار) توانیم (تریۆلە) فێر ببم! بەهەر شێوەیەک بوو نۆتیش فێر بووم!

لە بەرانبەر کەسێکدا کە بۆ خوێندن دەچێتە کۆنسێرواتواری مووزیکی لایپزیک، کاری میرزادە بایەخێکی زۆرتری هەیە! بە هیچ جۆرێ لە بەروبۆی کارەکەی قسە ناکەم! میرزادە ئاوازدانەرێکە کە هیچ ئیدیعایەکی نییە و بێگومان لە هەڵسەنگاندنێک کە لە نێوان (ئەو) و (رۆژا)دا هێناومەتە گۆڕێ رازی نابێ! چونکە بۆ ئەو ئاوازدانەرانەی کە دەرسی مووزیکیان خوێندووە رێز دادەنێ! مەبەستی من ئەوەیە بیسەلمێنم کە بەرهەمی دوو ئاوازدانەر، تەنیا لەکاتێکدا دەکرێ لەگەڵ یەک هەڵسەنگێندرێ، کە هەر دووکیان هەلومەرجێکی وەکوو یەکیان هەبێ: باوکی رۆژا بەردەوام بۆ مامۆستای کوڕەکەی (هیرمان گرابنێر) لە کۆنسیرواتواری مووزیکی لایپزیک نامەی دەنووسی و سەرەڕای ئەو دژایەتییانەی لە سەرەتادا دەیکرد، چۆنییەتی کاری کوڕەکەی پرسوجۆ دەکرد! خانەوادەی میرزادە بە شاردنەوەی دەندووک (مزراب)ەکانی دەیانەویست بە یەکجاری لە مووزیک واز بێنێ!

میرزادە سوێرانە کارەکەی خۆی درێژە پێدەدا و دەڵێ: لەو سەردەمەدا رادیۆ ئێران رایگەیاند کە چەند ژەنیارێکیان پێویستە! من کە لە ڤیۆلۆندا لێهاتوو بووم و تا رادەیەک توانیبووم نۆت بخوێنم، بە پەلە چووم بۆ رادیۆ! لەوێ (مستەفا کەسرەوی) تاقی کردمەوە و بەختەوەرانە قبووڵ بووم! لەو سەردەمەدا ٣ کۆڕی مووزیک لە رادیۆدا کاریان دەکرد! ئۆرکێستری (نەکیسا)، کەسرەوی رابەری بوو، ئۆرکێستری (فارابی)، حەنانە رابەری دەکرد و ئۆرکیستری (باربەد)یش فەرەیدوون ناسری رێبەرایەتی دەکرد! من لە ناو ئۆرکێسترەکانی نەکیسا و باربەددا دەستم بە کار کرد! بە هۆی ئەوەشەوە کە تازەکار بووم هەمیشە جێگەم قڕە بوو! چونکە لە بەرانبەر ژەنیارە کەونەکاندا کەسێک بایەخی پێ نەدەدام!

میرزادە هەر لەو رۆژانەی دەسپێکی کارەوە لەناو ئۆرکێستری گەورەشدا هەرچەند تووشی هەڵە دەبوو بەڵام هەر ئەو هەڵەیەی بوێرانە لێدەدا! دابەشکەرانی ناو ئۆرکێسترەکە زۆری لێ رازی بوون! بۆ ئەوەی ژەنیارەکانی دیکەی بەهۆی ئەو

بوێرییەوە کە هەیبوو، بە دوای خۆدا راکێش دەکرد! ئەو رۆژەی کە فەرەیدوونی ناسری لەبەر ئەم کارەی دنەی دەدا، لە بیرەوەرییەخۆشەکانی میرزادەیە! ئاخرەکەی کاری میرزادە لە ژەنیارییەوە دەگاتە دروستکردنی مووزیک بۆ فیلم و بۆ خۆی دەڵێ: بۆ فیلمی درووشکەچی گۆرانییەک دروست کرا کە نەسروڵلای کەریمی، لە ژێر دارێکدا دەیخوێند! من لە ناو ئەو ئۆرکێسترەدا کە ئەو گۆرانییەیان تۆمار دەکرد ڤیۆلۆنم لێدەدا! شیعری ئەم گۆرانییە کەریمی دایناب‌وو و خۆشی لە کاتی تۆمارکردندا لەوێ بوو! دوای کۆتایی پارچەمووزیکەکە کەریمی گوتی: لە نێوان ژەنیارەکانی مووزکەکەدا یەکێک هەبوو کە جیا لەوانی دیکە لێی دەدا و دەنگی سازەکەی رەساتر بوو! کاتێک زانی ئەو کەسە منم، لەگەڵ ئەوەی کە ئاماژەی بە بوێریی من کرد لە لێداندا، پێشنیازی پێ کردم کە مووزیکی فیلمی درووشکەچی من دایبنێم! یەکسەر قبووڵم کرد بەڵام (کارگردان) رەنێوهێنەری فیلمەکە، (مەنووچەری سادقپوور)، دژ وەستا و گوتی: فیلم ئەوەجەی بە دروستکردنی مووزیک نییە! سەرفی لەوەدایە کە لە (سێلک)ی گرامافۆن کەڵک وەرگرین! لەبەر پێداگرتنی کەریمی، بڕیار درا کە ئەگەر کارەکەی من باشتر بوو، لە مووزیکی ئۆرگیناڵ بۆ فیلم کەڵک وەرگیردرێ! دوای ماوەیەک رەنێوهێنەر قوبووڵی کرد و منیش وەکوو ئاوازدانەری فیلمەکە هەڵبیژێردرام!

میرزادە کە بە هەڵکەوت بۆ لای سینەما راکێشرا، لەم رشتەیەدا عاشقی کارەکە بوو! هەرچەند بە تێچوونی ئۆرکێستر و ئەو کاتەی کە لەدەستی دەردەچوو، لەم رێگەوە هیچێکی پێنەدەگەییشت، بەڵام وەکوو من، میرزادە دەناسم، ئامادەیە کە بە خۆڕایی بۆ فیلم مووزیک دابنێ! ئەم فەرمانپێدانە نیشاندەری عەشقێکە کە میرزادە بە مووزیک هەیەتی! بەڵام بزانین یەکەمین کاری چۆن داناوە؟ بۆ خۆی دەڵێ: بەرلە دانانی مووزیکی فیلمی درووشکەچی، هەرگیز پارچەیەکی سەربەخۆم بۆ ئۆرکێستر نەنووسیبوو! تەنانەت نێوی تەلەکانی کۆنتراباسیشم نەدەزانی! گرنگتر لەمانە لە کاراکتێر یا کەسایەتی سازەکان بێئاگا بووم و نەمدەزانی کە سازێک دەبێ لە چی پلە و جێگەیەکدا بەکار ببرێ! کەوابوو مانگێک رێگەم خواست و تەواوی ئەم بنەما و قانوونانەم لەو کەسانەی کە شارەزای مووزیک بوون، پرسوجۆ کرد و فێریان بووم! لەو یەک مانگەدا ئەوەندە بۆ تەڤکۆکردنی زانیاریی کۆششم کرد کە ئیتر لانیکەم دەمتوانی پارچەگەلێکی سەربەخۆ بۆ ئۆرکێستر بنووسم! بەڵام گیروگرفتی سەرەکی ئەوە بوو کە بۆ فیلم چیم دەتوانی بکردبا؟ لەم بارەیەوە نە لەشوێنێکدا شتێکم خویندبوو، نە لە کەسێ شتێکم بیستبوو! تەواوی قانوونەکان خۆم خولقاندمن! بۆ نموونە بەسەر ئەو بناغەیەوە کە: دەمزانی هەر سازێک دەنگێکی تایبەت بەخۆی هەیە پارچەکەم ئۆرکێستراسیۆن دەکرد! بەم شێوەیە بۆ خۆم سەرچاوە بووم! وەکوو (دەسپێکەرێک)، بێ هیچ فێرکار، یان پاڵپێوەنەرێک!

بەهەر شێوەیەک بوو، میرزادە مووزیکی فیلمی درووشکەچی نووسی! تێشیدا سەلیقەیەکی بەکار برد! بەم چەشنە قارەمانی فیلمەکە بۆ دەربڕینی عەشقی خۆی بەرانبەر بە ژنەهاوسێکەیان، سێلکی گرامافۆنی گۆرانیی خۆشم دەوێی (دوستت دارم)ی

(سۆسەن)ی گۆرانیبێژی کوردی رۆژهەڵاتی کە بە فارسی گۆرانیی دەچڕی، پەیتاپەیتا بە دەنگی بەرز لە گرامافۆنەکەوە بڵاو دەکردەوە! میرزادە لە مایەی ئەم گۆرانییە عامیانەیە وەکوو موزیکی فیلمەکە کەڵکی وەرگرت و واریاسۆنگەلێکی جۆربەجۆری لە رووی درووست کرد! ئەم فیلمە بۆ میرزادە خۆی، لە هەموو کەسێک زۆرتر (شەوقهەڵخڕێن) بوو!

میرزادە دەڵێ: کاتێک کە کارەکەی من قوبووڵ کرا، لە خۆشیدا پێم وەعەرز نەدەکەوت! لە شەقامی (کۆشک)، بانکێکی خوێنی لێبوو! هەر کە لە ستۆدیۆ هاتمە دەرێ، بۆ شوکرانەی سەرکەوتن لەم کارەدا، لەباتی هەر نەزرونیازێک چوومە ئەو بانکی خوێنە و هەندێک لە خوێنی خۆم پێدان! پاشان بسکویت و چایشیرینم خوارد! بەڵام شەو لەماڵەوە تووشی سەرەگێژە بووم و ژنەکەم هاواری لێ هەستا و بەگژمدا هات!

دوای ئەم ئەزموونە کەریمی بەوە گەیشت کە ئاوازدانەرێکی گەنجی دیوەتەوە! بۆ تەواوی کارەکانی کەڵکی لێوەرگرت! میرزادە بە ئاماژە بە بارودۆخی ئەو سەردەمەی سینەما دەڵێ: هیچکات رووی نەداوە کە بە دەرەتانی تەواو و بە مرخی خۆم موزیکی فیلم بنووسم! هەمیشە دژایەتی سەلیقە لە گەڵ کارگێڕ کە زۆربەیان زانیارییەکی ئەوەندە درووستیان لە موزیک نییە، کارەکەم تەنگەبەر کراوە! کارگێڕانیش لەم بارەوە دیارە خۆیان سەربەخۆ نین و رەدووی خواستی دابینکار و رەنێوهێنەرانن، کە بازرگانن! ئەوانە پێوەرە کۆن و کلاسیکەکانم بەسەردا دەسەپێنن! لە راستیدا لە سەتا پەنجای موزیکی فیلمەکانم، بەپێی سەلیقەی رەنێوهێنەران و کارگێڕان دەنووسرێ! بەم دەلیلە لە تەواوی کارەکانمدا بەرهەمێک کە بەتەواوی بە سەلیقەی خۆم دانرابێ شک نابەم، بەڵام بە گشتیی موزکی (درووشکەچی) و (قیامەتی عەشق) دانراوی (هووشەنگ حیسامی)م زۆرتر لە کارەکانی دیکە لە لا پەسندە!

نابێ وا بیر بکرێتەوە کە ئەم تەنگەبەرییانە تەنیا تایبەت بە ئێرانن و لە رۆژاوا خەبەرێک لەم مەسەلانەوە نییە! لە هالیوود، سەردەمێک وا وێنا دەکرا کە گامی مینۆڕ بەخەسڵەت خەمینترە و گامی ماژۆڕیش کرژ و شادە! رۆژێک رەنێوهێنەرێک بە (ڤیکتۆر یانگ)ی گوت کە: قارەمانی فیلمی (ئینسانێکی خەمهێنەر) و کچێک کە ئەو حەزی لێدەکا، بزۆزە و شاد! دەمەوێ هەرکات کە فیلمەکە پیاوەکە نیشان دەدا، موزیک لە گامی مینۆردا بێ، هەرکاتێکیش کچەکە نیشان دەدا لە گامی ماژۆڕدا بێ، ئەو کاتەش کە هەر دووکیان لە وێنەدان، موزیک هەم مینۆڕ بێ هەم ماژۆڕ!

بەرواڵەت (دەیوید ئوسلیزنیک) لەو دەستە رەنێوهێنەرانە بوو کە ئەوەندە نائاسایی بیری لە موزیکی فیلمەکانی دەکردەوە کە بۆ فیلمی (شەڕ لەبەر خۆرەوە) موزیکێکی پڕشکۆ و تایبەتی دەویست و ئەم بیرەناحەزەی لە مێشکی خۆیدا بەخێو دەکرد کە چوارکەس لە باشترین ئاوازدانەرەکانی هالیوود کۆ بکاتەوە و پێشنیازێکی وایان پێبکا کە: هەر ئاوازدانەرێک بۆ دوو



سەرچاوە Serchawe

حەفتە مزەی کار وەردەگرێ ئەگەر بۆ شانۆیەکی تایبەت لە فیلمەکە مووزیک دابنێ! لە کۆتایی دەورەکەشدا ئەو خۆی چاو لە پارچەکان دەکاتەوە و لە نێوانیاندا باشترینەکانیان هەڵدەبژێرێ! ئاوازدانەری هەڵبژێردراو بێجگە لەو دوو هەفتە، مزەی تەواویش وەردەگرێ! هیچکام لەو چوار کەسە کە ئەو لەبەرچاوی گرتبوون، پێشنیازەکەیان قوبووڵ نەکرد! یەکێک لەوانە (میکلۆش رۆژا) بوو کە پێشتر مووزیکی ئافەرینەهەڵخڕینی فیلمی (تەلیسمکراو)ی بۆ سلزنیک دانابوو! رۆژا بە نوێنەرەکەی ئەوی گوت: بەوردی بەم وشانە بە کاک (سلزنیک) بڵێن کە ئەگەر ئەو هەرگیز نۆتێک لە مووزیکی منی نەبیستبا، ئەم پێشنیازەم بە ناونیتکە دادەنا، بەڵام ئەم کردەوەیە بە جینایەت دادەنێم و هەرگیز نامەوێ نێوی ببیسم!

کاتێک کە سلزنیک بیری بەربەرەکانێ ئاوازدانەرانی لەسەر دەرکرد، (تیۆمکین)، مووزیکی ئەو فیلمەی درووست کرد! مووزیکێکی دەوڵەمەند و گرمەئاسا بوو! (سلزنیک) کورتەیەک لەو ئاوازانەی کە دەیەویستن، بە پێی ئەو هەستانەی کە وەبەرهەمیان دەهێنا، بەسەر چەند کارتەوە نووسی و دایە دەستی تیۆمکین! هەر وەکوو جۆریک نوسخەی پزیشکیی مووزیکایی! چوار هەستەکە ئەمانە بوون: ئیرەیی، نازفرۆشی، سانتیمان و خۆشگوزەرانیی! هەرکە تیۆمکین بۆ ئەمانە مووزیکی دانا، (سلزنیک) ویستی بیانبیسێ! تیۆمکین کە لە پێشدا ئەم لایەنە ئاشکارانەی پێشبینی دەکرد، بەپێی سیاسەتێکی زیرەکانە، بە خۆشڕوویی یەوە قوبووڵی کرد! مایەکانی تیۆمکین بۆ ئیرەیی، نازفرۆشی و سانتیمان پەسندی سلزنیک بوون، بەڵام بەشی عەیاشیی (خۆشگوزەرانیی)یەکەی بە دڵ نەبوو! بە بڕوای ئەو مایەی تیۆمکین لە رادەبەدەر زەریف بوو و پێویستی بە تووڕەیی یەکی زۆرتر بوو! تیۆمکین ئەم رەخنەیەی وەرگرت! بڕیار بوو کە بۆ عەیاشی مووزیکێکی دیکە بنووسێ! کاردانەوەی سلزنیک بەرانبەر بە کۆششی دووپاتەی تیۆمکین دیسان پووچەڵ بوو! ئەو گوتی کە هێشتاش پێویستی بە ریتمی زۆرتر هەیە! ئەوەشی پێ زیاد کرد کە دەیەوێ مووزیکەکە هەڵخڕێنەر بێ! بۆ ئەوەی شانۆی لەبەرچاوگیراو، گاوانێکی تووڕە و کچێکی وەسواسەهەڵخڕینە! تیۆمکین داما! رەوشی هەمیشە ئەمە بوو کە سێ جار لەگەڵ رەنێوهێنەرەکە بیکاتە شەڕ تا لە ئەنجامدا پێک بێن! دیسان دەستی بەکار کردەوە تا مووزیکێکی دیکە دابنێ! ئەمجارە مووزیکەکەی بە زەربەی فراوانی ئۆرکێسترییەوە دانا! کاتێک ئەم (مووزیکە تێکەڵ بەیاو)ەی بۆ سلزنیک لێدا، رەنێوهێنەر هێشتا هەر نارازی بوو! بە تیۆمکینی گوت: شتێک کە لێرە دەبێ هەمانبێ، مووزیکێکی حەزلێکردوویی یە بەڵام من ئاوەها حەزلێکردوویی ناکەم! تیۆمکین تووڕە بوو و هاواری کرد من نازانم تۆ چۆن حەزلێکردوویی دەکەی، بەڵام من ئاوەها حەزلێکردوویی دەکەم! سلزنیک پێکەنی و قوبووڵی کرد کە لەسەر خواستی خۆی باسەکە کۆتایی پێ بێنێ!

سینەما هونەرێکی پڕ تێچوونە! رەنێوهێنەر کە سەرمایەکەی لەسەر فیلمێک دادەنێ، لەبەر ئەم کارە ئەو مافەش بە خۆی دەدا کە هەرکەس و هەرشتێک بکێشێتە ژێر فەرمانی خۆیەوە! تەنانەت وا وێنا دەکا کە هەرچەند مووزیک زۆرتر بێ، ئاکامی باشتر وەدەست دینێ! زۆر پێش هاتووە کە رەنێوهێنەران لە بەرانبەر ئەم پرسیارەدا کە بۆچی لێرەدا مووزیکتان



سەرچاوە
Serchawe

دەویٚ، وەڵامێکی رەزاحکەریان نەبووە! لە ئێران لە بنەڕەتدا لە مووزیکی فیلم تێنەگەییشتوون! بڕێ لە رەنێوهێنەران وا بیر دەکەنەوە کە مووزیکی فیلم، گۆرانییەکەیە کە لە فیلمدا دەخویندرێ! یان (مەنووچەری سادقپوور) بۆ نموونە لە بنەڕەتەوە بە پێویستی نازانێ کە مووزیکێکی سەربەخۆ بۆ فیلمەکە بنووسرێ! خەڵکی دیکەش هەر بەم چەشنە! بڕێ جار پارەیەک کە لە لایەن رەنێوهێنەرەوە دەکرێتە تێچوونی فیلمێک، بۆ کرێی چەند سەعات ستۆدیۆی تۆمارکردن دیسان بەش ناکا! گەرچی کۆشش کرا بە هەڵسەنگاندن، نەناسیاویی رەنێوهێنەرانی جۆربەجۆری دنیا بەرانبەر بە مووزیک نیشان بدرێ، بەڵام هەرگیز نابێ فەرامۆش بکرێ کە بە سەرنج بەو قاییمییەی کە لە شێوەی فیلمسازی رۆژاوادا هەیە، تێکۆشانی ئێمە تەنیا لە رەدەی هەڵسەنگاندنێکی رووبینایيدا بووە! کەوابوو جیاوازیگەلێک کە لە نێوان (دەیوید سلزنیک) و (مەنووچەر سادقپوور)دا هەیە، هەروەها لە جیی خۆی ماوە! هیچ دوور نییە کە ئەگەر سادقپور کارەکەی میرزادەی قوبووڵ نەدەکرد، ئێستاش هەر ژەنیاریکی ناو ئۆرکێستر دەبوو! میرزادە دوای درووشکەچی، بە شێوەی پرۆفس کار و کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ مووزیکی فیلم و تا ئێستاش هەر دەوامی هێناوە! فیلمی ،قەرەنتینە، دانانی مەسعوودی ئەسەدوڵلاهی، یەکی لە ئاخرین فیلمگەلێکە کە میرزادە مووزیکی بۆ داناوە!

**وەرگێڕانی ناسری رەزازی، وەرگیراو لە کتێبی ئەوانەی مۆسیقای فیلمیان داناوە!**

**مەڵبەندی گۆرانی و ئاوازی رەسەنی کوردی**

**٢٠ی جوولای ٢٠١٥**

---



سەرچاوە
Serchawe

## خوێندنەوەیەکی خێرا لەسەر موزیککار "موجتەبا میرزادە"



ن: فەرهاد حەمە سالح

هێماکانی موزیک لە پارچەیەکی موزیکدا، دینامیکیەتی پارچەموزیکە کە بە دیار ئەخات، کە لەڕێگەی موزیکزانەوە ئەگاتە گوێگر، بۆیەکاتێک گوێگرێکی کارێکی موزیک دەبین، جیا لەوەی...

ئاسۆی رۆژهەڵات: هێماکانی موزیک لە پارچەیەکی موزیکدا، دینامیکیەتی پارچەموزیکە کەب ەدیار ئەخات، کە لەڕێگەی موزیکزانەوە ئەگاتە گوێگر، بۆیەکاتێک گوێگرێکی کارێکی موزیک دەبین، جیا لەوەی کە کارەکە"خۆش" یان "ناخۆش"ە، بەڵام ئەتوانین توانایی کەسی موزیکزان بزانین. بێگومان تواناکان جیاوازن، وەهەر ئەم جیاوازییەشە کە تایبەتمەندی کەسی موزیکزان بەدیار ئەخات. هەرچەندێ توانا موزیکییەکان لەگەشەدا بن، بێشک وێنەی موزیکی لەبیری موزیکزاندا فراوانتر و قوڵتر ئەنوێنێ، هەر ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی ئەبێت لەکارێکیدا یان لەژەنینی میلۆدییەکدا وەک سۆڵۆ بە ئامێرەکەی.

هەرچەندە لەگەڵ قۆناغەکانی موزیکی جیهانیدا هێماکانی موزیکیش گەلێ گەشەیان کردووەو لەلایەن موزیککارە جیهانییەکانەوە بەکار هاتوون لەدانانی پارچەیەکی موزیکدا بۆ دینامیکیەتی پارچەموزیکەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانایی ژەنیارەکەکاریگەری هەبووەو هەیەلەسەر دینامیکیەتی پارچە موزیکەکە بەجۆرێک کەتایبەتمەندی خۆی

لەپارچەکەدا ئاوێتە ئەکات کەلای گوێگر بەباشی هەستی پێدەکرێت ئەگەر هەمان پارچەی موزیکیش بێت. بۆ نمونە ئەگەر گوێ بە کۆنسێرتۆی ڕێ مێجەری بیتهۆڤن بدەین کە بۆ ئامێری کەمانی نوسیوە بەژەنینی سۆلۆیستەجیهانییەکانی وەک ئۆیستراخ، ئیساک، مەنوهین، پارلامان و ڤینگەرۆڤ، بەباشی هەست بەتوانا موزیکیەکانی هەریەک لەو سۆلۆیستانە ئەکرێ، کە چۆن کاریگەری هەیە لەسەر دینامیکیەتی پارچەموزیکەکە و تایبەتمەندێتی خۆیان ئاوێتە بووە،کەبەسانایی ئەتوانین ژەنینی سۆلۆیستەکان لەیەکدی جیا بکەینەوە.

بێگومان لەموزیکی کوردیشدا ئەتوانین بەهەمان شێوەمامە ڵە لەگەڵ کاراکتەرە موزیککارەکاندا بکەین. لەم بابەتەدا موزیککار "موجتەبای میرزادە" بە نمونە وەرئەگرین، کەلەسێ لایەنی بواری موزیکدا دەرئەکەوێ وە ک موزیککار و دابەشکار، ژەنیاری گروپ و هەروەها سۆڵۆیست. هەوڵئەدەین لێرەدا بەجیا باس لەم لایەنانەبکەین..

### کاراکتەری میرزادە وەک موزیککار و دابەشکار...

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بڕوانینەکۆی ئەو بەرهەمەگۆرانیانەی موزیککار میرزادە کەلەساڵی ١٩٨١ بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ مەزهەری خالقی ئەنجامداوە وەک کاری موزیک و دابەشکردن، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرئەکەوێت کەچەندە توانا موزیکییەکەی گەشەی کردووە بە بەراورد لەگەڵ سالآنی پێشودا. بۆ نمونەئەگەر بەراوردی گۆرانی "بۆی دێنم" کەلەساڵی ١٩٨١دا دووبارەکاری موزیکی بۆ کردۆتەوەو لەگەڵ هەمان گۆرانی کەلەساڵی ١٩٦٩دا بۆ یەکەم جار کاری موزیکی بۆ کردووەئەو ڕاستیەمان بۆ دەرئەکەوێت و بەم شێوەیەدێتەگوێ.

ئامێرەکان لەجاری یەکەمدا بریتین لەئامێری کەمان، سەنتورو زەرب، کەهەرسێکیان پێکەوەدەست پێدەکەن و پاش تەواو بوونی موزیکی سەرەتای گۆرانییەکە گۆرانیبێژ ئاوازەکەدەبێژێ.

بەڵام لەدووبارە تۆمارکردنەوەی بەهەمەکەدا ئامێرەکان بریتی ئەبن لەئامێرەژێدارەکانی وەک کەمان، چەلۆ و کۆنترباس، هەروەها ئامێری فوداری ئۆبوا و ئامێری ڕۆژهەڵاتی وەک تار، وە هەروەها ئامێری ڕیتمی وەک زەرب و تامبورین. پاشان لێرەدا میرزادە هەوڵیداوە کاراکتەری ئامێرەکان پیشان بدات لەڕێی ئەو دابەشکردنەی کەکردویەتی بۆ ئامێرەکان بەشێوەیەکی گونجاوو کە لەپاشدا وێنەیەکی هونەری بەرجەستە ئەکات، کەئەمەش توانا موزیکییەکەی میرزادەبەیان ئەکات.
کاراکتەری میرزادە وەک ژەنیاری گروپ...



سەرچاوە
Serchawe

ژەنینی میلۆدیەک بە ئامێری تەنها وەک سۆلۆ تەواو جیاوازە لە ژەنینی هەمان میلۆدی بەگروپ، چونکە پێویستە هەموویان پەیوەست بن بە جێ بەجێ کردنی هێما موزیکییەکانی میلۆدیەکەوە، بۆ نمونە ئەگەر میلۆدیەکە بە گروپێکی ئامیری کەمان بژەنرێ، پێویستەکەوان )قەوس(ەکان وەک یەک بەکاربهێنرێن)بۆ سەرەوەیان بۆ خوارەوە(، هەروەها کەوانەکان بەیەک هێزی ڕاکێشان ببیسترێن و بەهەمان شێوەش بۆ هەموو هێما موزیکییەکانی تریش. بۆیە ئەگەر لەسەر هەمان ئەوبەرهەمانەی ساڵی ١٩٨١بوەستین و گوێ بە ژەنیارانی گروپی کەمان بدەین، بەباشی دەردەکەوێت کە لێرەدا کاراکتەری میرزادە وەک ژەنیارێکی گروپی کەمانە، وە ئەو پەیوەست بوون و جێ بەجێ کردنەی دینامیکیەتی پارچە موزیکەکە لەگەڵ گروپەکەدا تەواو لای بیسەر هەستی پێدەکرێ، کە بێگومان ئەمەش پێویستی بەتوانا و سەلیقەیی هەیە، هەتا ئەو گونجاندنە یەک لەگەڵ ئەوی دیدا بکرێ.

### کاراکتەری میرزادە وەک سۆلۆیست...

بەدرێژایی مێژوو ئەو ڕاستییە هەیە کە هەموو موزیککارانی دونیا کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر یەکدی، کە لە پاشدا هەر موزیککارێک لەگەڵ گەشەی توانا موزیکیەکەیدا تایبەتمەندێتی سەربەخۆی کەسایەتی خۆی لەکارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و لای گوێگر بۆتە ئاماژەیەک بەستایل یان شێوازی موزیککارەکە. بۆ نمونە، ئەگەر بەجیا گوێبگرین لەکاری هەر سێ موزیککاری جیهانی هاندڵ، باخ و ڤیڤاڵدی، هەست ئەکەین کەبەجۆرێک کاریگەریان هەبووە لەسەر یەکدی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستیەش هەست پێدەکەین کە هەریەک لەم موزیککارانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە وەک ستایل یان شێوازی کارکردن لەکارەموزیکییەکاندا.

ئەگەر بەهەمان نەفەس بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان و ئاوڕ لەشوێن و دەوروبەر و ژیانی میرزادە بدەینەوە، موزیککارانی وەک حەسەنی کامکار، حەسەنی یوسف زەمانی، مستەفا کەسرەوی، یاحەقی، عەلی تەجویدی، مورتەزا حەنانە، حوسێن عەلی مەلاح و یوسفی...هتد ئەبینینەوە، کە بێشک بەجۆرێک کاریگەری لەسەر میرزادە هەبووە، بەڵام پاش ئەوەی توانا موزیکییەکەی کامڵتر و گەشتر و هەروەها وێنەموزیکیەکەی بیری فراوانتر ئەبێت، تایبەتمەندێتی میرزادە وەک موزیککارێکی سەربەخۆ خۆی بەیان دەکات و پێمان ئەڵێت کەچیتر لەژێر ڕەحمەتی کاریگەریەکاندا نابمە کۆیلە و منیش هەم و ژیانیش بەم ڕەنگە ئەبینم. ئەگەر گوێ لە ئەو میلۆدیانە بگرین کە میرزادە وەک سۆلۆ ژەنیونی، زۆر جار وابووە بۆ جاری دووەهەمی ژەنینی میلۆدیەکە بەڕەنگی جیاوازتر پیشانداوین، کەئاماژەیە بۆ توانا موزیکیەکەی، بۆ وێنەموزیکیەکەی بیری.

توانایەکی تری میرزادە لە ژەنینی سۆڵۆدا Improvisation  ئیرتیجالی بووە بەبێ ئەوەی پێشتر ملۆدیەکی دیاریکراو هەبوبێت و بیژەنێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا لەسەر ئەو ڕیتم و پەیژەموزیکیەی کەهەبووە توانیویەتی ئەو زنجیرە تۆنالیتێتیەی بیری بەژەنینی کەمانەکەی بگەیەنێتەگ ویگر و هەروەها تایبەتمەندێتی خۆی وەک ستایل یان شێوازێکی سەربەخۆ بەرجەستەبکات بەشێوەیەکی گونجاو بەدەست پێکردن و کۆتایی پێ هێنانی ژەنینی Improvisation دکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی موزیکناس - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## موجتەبا میرزادە(مۆزیکار)



### ڕۆژهەڵات

موجتەبا میرزادە ساڵی ١٩٤٥ (١٣٢٤ی هەتاوی) لە شاری کرماشان لە دایک بووە. باوکی کارمەندی حکومەت بووە و هەر بەو هۆیە چەند ساڵێک لە ئیلام نیشتەجێ دەبن. کە دەگەڕێنەوە بۆ کرماشان تەمەنی شازدە ساڵ دەبێت. میرزادە لە تەمەنی منداڵیدا بەهۆی گوێ ڕاگرتن لە ڕادیۆی دراوسێکەیانەوە لەگەڵ مۆسیقا ئاشنا بووە و ئەوکاتە ئەلاقەیەکی تایبەتی بە ویۆلۆنی خالدی و پەرویز یاحەقی دەبێ و هەر لە ڕێگای ئەو ڕادیۆیەوە گوێیان لێڕادەگرێت. یەکەم ئامێری موسیقی کە لە تەمەنی منداڵیدا دەستی داوەتێ ئامێری نەی و دواتر ئامێری سەنتوور بووە. میرزادە پێش لەوەی دەست بە کاری ویۆلۆن بکات بە سەنتووری براگەورەکەی کاری موسیقی کردووە.

**میرزادە دەڵێت:** "هەر لە سەرەتای منداڵیمەوە هۆگر و خولیای ویۆلۆن بووم، بەڵام لەبەر کەم داهاتی باوکم توانای کڕینی ئەم ئامێرەم نەبوو، لە تەمەنی منداڵیدا و بەهۆی کاروباری باوکم لە کرماشانەوە بەرەو ئیلام کۆچمان کردبوو،

لەوێ دراوسێیەکی تارانیمان هەبوو کە خۆی خەریکی ئامێری دڵخوازی من واتا ویۆڵۆن بوو، بە پەرەسەندنی هاتوچۆ لەگەڵ ئەواندا ئەو ژەنیارە هەستی هونەری لە مندا بەدی کرد و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە پێشنیاری بە باوکم کرد ویۆڵۆنێکم بۆ بکڕێت، بەمجۆرە من بووم بە خاوەنی ویۆڵۆنێکی ٧٠ تمەنی کە زۆربەی گۆرانییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەکم هەر بەم ویۆڵۆنە ژەنیوە، دوای چەند ساڵ مانەوەمان لە ئیلام بۆ کرماشان گەڕاینەوە. ئەو کات لە کرماشان مامۆستایەکی لێهاتوی وای لێنەبوو کە من ویۆڵۆنی لێ فێربم، هەر بۆیەش من هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبووە و هەرچیبیەکی هەمە تەنیا هەست و توانایی خواپێداو و تێکۆشانی خۆم بووە."

**مەزهەری خالقی دەڵێت:** "میرزادە بە شێوەیەک کە خۆی باسی دەکرد، کاتێک کە خوێندکار بووە هەموو ساڵێک لە کرماشاندا خوێندکارەکانی ناوچەی کوردستانی ئێران لە کرماشان یان شوێنێکیتر فێستیڤاڵی مووزیکیان هەبووە، لەو فێستیڤاڵانەدا هەر جارێک کە بەشداری کردبێت هەمیشە یەکەم بووە". یەکێک لەو دەرگایانەی کە مووزیکی کوردی بە ڕوی میرزادەی هونەرمەند و بلیمەت دا کردەوە، ئاشنابوونی ناوبراو لە گەڵ هونەرمەندی کۆچ کردوو حەسەن کامکار بوو. موجتەبا میرزادە ساڵی ١٩٥٩ (١٣٣٨) دەچێتە شاری سنە و لە ئۆرکێسترای ئەم شارەدا بەسەرپەرشتی حەسەن کامکار پەرە بە هونەرەکەی دەدات، لەو هەل و دەرفەتەدا بوو کە موجتەبا توانی کۆمەڵێک ئەزموون لە کامکار وەرگرێ و پاشان وەک کاربەدەست لە ڕادیۆی کوردی سنەدا دامەزرێت. دوای ساڵێک مانەوە لە سنە، ساڵی دوایە یانی ١٩٦٠ دەگەڕێتەوە بۆ کرماشان و لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگی ئەم شارەدا لە بەشی رادیۆدا دەست بەکار دەبێت. لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا دەبێت بە ئەندامی گرووپی ڕادیۆی کرماشان و ساڵێک دواتر وەک ڕابەری ئۆرکێسترای ئەو ڕادیۆیە دیاری دەکرێت. دواتر لە گەڵ گۆرانیبێژی گەورەی کورد حەسەن زیرەک هاوکاری هونەری دەست پێدەکا. لە چاوپێکەتنێکدا میرزادە دەڵی ١٥٠ تا ١٧٠ گۆرانی بۆ حەسەن زیرەک ئامادە کردووە. کاتێک مۆسیقای سروودی نەورۆز لەگەڵ زیرەک دا تۆمار دەکا تەمەنی ١٦ ساڵ بووە.

ساڵی ١٩٦٧ (١٣٤٦) میرزادە دەچێتە تاران و لەوێ لەڕێگەی گۆڤارێکەوە بە ناوی (موزیک ایران) کە هەفتانە نۆتی چەند گۆرانییەکی تێدا بڵاو دەکرایەوە هەوڵیدا خۆی فێری خوێندنەوەی نۆت بکات. لەم ڕووەوە دەڵێت:" لەبەر ئەوەی هەموو ئاوازەکانم لەبەر بوو بە شێوەی خۆڕسک دەمتوانی بیان ژەنم، دەچووم لە هەمان کاتدا سەیری نۆتەکانم دەکرد و دەمخوێندنەوە و پاشان چەندبارەم دەکردنەوە و دەکەوتمە بەراورد کردنیان تا نۆتەکان بناسمەوە، بەڕاستی کارێکی تاقەت پروکێن بوو. لە یادمە بەهۆی گۆرانییەکی (مەجید وەفادار)ەوە بۆ یەکەمین جار (ترێل) فێر بووم، تا بەو شێوەیە فێری نۆتە خوێندنەوە بووم."



سەرچاوە
Serchawe



میرزادە موسیقی لێدان بە شێوەیەکی خۆڕسک فێر ببوو، ئەو کات کە لەگەڵ حەسەن زیرەک لە ڕادیۆ کرماشان دەبێ، زیرەک هەر ئاهەنگێکی کە بەسەر زاریدا هاتووە، میرزادە هەر لەسەر ئەو شێوە گوتنەی ئەو ئاهەنگی بۆ هۆنیوەتەوە. دواتر کاتێک هایدە بە میرزادە دەڵێت: "بەڕێز میرزادە ئەو مۆسیقایەی کە تۆ دەیژەنی، وەحشییە، مرۆڤ سەرسام دەکات". میرزادە لە وڵامی هایدەدا دەڵێت: "خانمی هایدە، ئەو مۆسیقایە، مۆسیقای کوردییە."

محەممەد کەمانگەر، یەکێک لە بەرپرسانی ئەوکاتی ڕادیۆ کرماشان دەڵێت: ئەو کات میرزادە بە تەمەنێکی کەمەوە دێتە ڕادیۆ کرماشان و بە هۆی ئەوەی کە نایناسن، وەرناگیرێ. من بۆخۆم هەر ئەو کات بردمە کن پیاوێکی ئەرمەنی کە لە وێڵۆندا مامۆستا بوو. من پێم گووت: "ئەوە بڕێکی دەزانێ، هاتووە لەکن جەنابت بە تەواوەتی فێر بێ." مامۆستاکەش وێڵۆنەکەی دەداتێ و دەڵێ: "دا قەتعەیەکی لێدە". میرزادەش کە دەست پێدەکات، مامۆستاکە سەری سووڕ دەمێنێ کە منداڵێک لەو تەمەنە کەمەدا ئاوا مۆسیقا بژەنێت. مامۆستاکە دەڵێت: "ئەوە لە من زیاتر دەزانێت".

ساڵی ١٩٦٠ (١٣٣٩) هەر دوای ئەو بەسەرهاتەی کەمانگەر، کاک محەممەد هەڵدەستێ میرزادە دەباتە ڕادیۆ کرماشان و بەرپرسانی ئەوێ بەو قەناعەتە دەگەیەنێت کە ئەو کوڕە هەڵکەوتەیە و وادەکات کە گرێبەستی کارکردنی لەگەڵ واژۆ کەن. دواتر ساڵی ١٩٦٢ (١٣٤١) ئەو کات کە ئۆرکێسترای ڕادیۆ کوردی تاران دێنە کرماشان و لەوێدا هونەری میرزادە گەشە دەستێنێت.

**مەزهەر خالقی لە سەر میرزادە دەڵێ:** "ئەو پەنجە بە سۆزەی میرزادە بوو بە هۆی ئەوەی ڕادیۆ کرماشان ببێ بە خاوەن ئۆرکێسترایەک کە شەوانە هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران و لە دوایەشدا کوردستانی عێراق گوێ بیستی ڕادیۆ کرماشان بن و لەو ڕێگایەوە گوێ گران بە دەنگی موزیکی گۆرانیبێژانی ئێران ئاشنا بوون و زۆر بە تاسەوە گوێیان لێ دەگرت".

ساڵی ١٩٦٧ (١٣٤٦) میرزادە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران بە پلەی سێیەم وەردەگیرێت، بەڵام کۆلێژ تەواو ناکات و بەجێی دەهێڵێ. هەر ئەو کاتە هاوکاری لەگەڵ هونەرمەندگەلێکی پایەبەرزی وەک مورتەزا حەنانە، جەلیل شەهناز، حوسێن یاحەقی، حەسەن کەسایی دەست پێدەکات. دواتر لە ئۆرکسترا گەورەکانی وەک فاڕابی، نەکیسا و بابەرد و هەروەها بەرنامەی (گلها)ی ئەوکات بە سۆڵۆ لەگەڵ گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە بۆ وێنە ئیرەج و گوڵپایەگانی کار دەکات.

هەر لەو سەروبەندەدا پێشنیاری دانانی موزیکی فیلمی درشکەچی بە میرزادە دەدرێت و خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "پێش ئەم کارە هەرگیز موزیکم بۆ ئۆرکیسترا نەنووسیبوو و هەندێک زانیاری هەبوو لەسەر ئامێرەکان کە من نەمبوو، بۆ نمونە نەمدەزانی ژێکانی کۆنتراباس چۆنە و چییە؟! بۆیە لەماوەی مانگێکدا لە ڕێگەی پرس و ڕاوە هێندەم زانیاری کۆکردەوە کە بتوانم بۆ ئۆرکێسترا کارێک بنووسم. بەڵام کێشەی سەرەکیم ئەوەبوو کە نەمدەزانی ئایا بۆ فیلمەکە دەبێت چی دابنێم؟ چونکە تا ئەو کاتە هیچ زانیارییەکم سەبارەت بە کاری موزیکی فیلمسازی بەرچاو نەکەوتبوو و لە کەسیشم نەبیستبوو و نەشمدەزانی کامەن؟ بۆیە هەموو یاسا و ڕێساکان خۆم دامنان".

میرزادە هەر لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێ کە کاری دارشتنی مۆسیقای بۆ زیاتر لە ٥٨ فیلمی سینەمایی کردووە. بەشێک لەو فیلمانە بریتین لە: صمد و قالیچه حضرت سلیمان (سەمەد و فەرشی حەزرەتی سولەیمان)، صمد در بە در میشود (سەمەد ئاوارە دەبێت)، نفس‌بریده (پشووسوار)، جای امن (هێمنگە)، صمد در راه اژدها (سەمەد لە ڕێگای ئەژدیهاکاندا)، میراث (میرات)، صمد خوشبخت میشود (سەمەد بەختەوەر دەبێت)، علی کنکوری (عەلی کۆنکوری)، عیالوار (منداڵدار)، قیامت عشق (قەیامەتی عەشق)، تختخواب سەنفره (تەختی سێ کەسی)، حکیم‌باشی (حەکیم باشی)، خانە قمر خانم (ماڵی قەمرخانم)، صمد و سامی، لیلا و لی لی (سەمەد و سامی، لەیلا و لیلی)، گلها و گلولەها (گوڵ و گولەکان)، مسافران مهتاب (ڕێبوارانی تریفە)، مدرک جرم (بەڵگەی تاوان) ، حماسە مهران (حیماسەی مێهران)، تفنگدار (چەکدار)، خانە عنکبوت (یانەی جاڵجاڵۆکە)، جایزە (خەڵات)، دادا، قرنطینە (قەرەنتینە)، اعدامی (ئیعدامی)، پنجمین سوار سرنوشت (پێنجەمین سوارکاری چارەنووس)، بن‌بست (بەربەست)، زن و زمین (ژن و زەوی) مردی در طوفان (پیاوێک لە ڕەشەبادا)، درشکەچی (داشقەچی)، شاطر عباس(شاترعەباس)، عزیز قرقی (عەزیز قرقی)، عمو یادگار (مامە یادگار)، لوتی، محلل.



سەرچاوە
Serchawe

موجتەبا میرزادە لە کاری موسیقی و هونەریدا هیچ سنوورێکی نەدەناسی. لەگەڵ هونەرمەندانی کورد و فارس، گرووپی موسیقی ڕەسەن و ناوچەییەوە بگرە تا مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوا و پاپ، جاز و بلووز هەروەها تا سترانە کووچە بازاڕییەکان و مارش و مۆسیقای فیلم کاری کردووە.

میرزادە لە تەمەنی هونەری خۆیدا بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد وەکوو حەسەن زیرەک، مەزهەر خالقی، محەممەد ماملێ، ئیبراهیم خۆشنەوا، مورتەزا توندڕەو، هاشم ڕەبیعی، خەلیل سەدیقی، عەزیز شاروخ، حوسێن شەریفی، ناسر ڕەزازی، جەمشید عەزیزخانی، پەیام عەزیزی، خەبات مەولوودی، کەیوان عەلی محەممەدی... میرزادە هەوەڵ کەس بووە کە بە یارمەتی عوسمان کیمنەیی مۆسیقای هەورامی بردۆتە نێو ئۆرکێستەوە و کەڵکی لێ وەرگرتووە.

میرزادە هەروەها کاری بۆ زۆر لە هونەرمەندە گەورەکانی فارس کردووە. بۆ نموونە: شەجەریان، هایدە، ئیرەج، مەهەستی، ئەکبەر گوڵپایەگانی، موعین، گوگوش، حومەیرا، سوسەن، ئەفسەر شەهیدی، محەمەد ئیسفەهانی، عەلی ڕەزا ئیفتیخاری، هومایون کازمی... سادق نوجوکی ئاهەنگسازی بەناوبانگی مێژووی مۆسیقای ئێران لە دیمانەیەکدا سەبارەت بە میرزادە دەڵێت: "موجتەبا لە ڕوانگەی توانای داهێنەرییەوە باشترین ژەنیارێک بووە کە بە درێژایی تەمەن دیتوومە".

موجتەبا میرزادە لە ئامێری کەمانچەشدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆ نموونە دەتوانین باسی شاکارەکانی "دایە دایە وەختی جەنگە"، "چوپون"، "میری (جەنگی لوڕان)" بکەین کە بە دەنگی ڕەزا سەقایی و پەنجەی مەجتەبا میرزادە تۆمار کراون. شایانی باسە کە میرزادە جگە لە ئامێری سەرەکی خۆی کە ویۆڵۆن بووە، شارەزاییەکی باشی لە کەمانچە، تار، سێتار و پیانۆدا هەبووە.

میرزادە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنابوو و کاتی خۆی عاشقی کچێک دەبێت لە تاران، خۆشەویستی بۆ ئەو کچە بە شێوەکە کە پێی دەڵێت: "ئەگەر بێت و ڕازی نەبیت بەوەی من موزیک بژەنم ئەوا ئامادەم هەموو پەنجەکانم ببڕمەوە". پاشان لەگەڵ ئەو کچە هاوسەرگیری دەکات و بەرهەمی چل ساڵی ژیانیان دوو کچ بە ناوەکانی ئیلیکا و ئاناهید دەبێت. لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ کە بۆ ماوەیەکی زۆر لای خزم و کەس و کاری خێزانی باسی نەدەکرد کە خەریکی مۆسیقایە و هەر کات لێیان دەپرسی شوغلی چیە، وەڵامی دەدانەوە کە لە بانک کار دەکات. ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە ئەو کات خەڵک وەک ئێستا ڕێزی هونەرمەند و کاری هونەرییان نەدەگرت.

میرزادە دوای زیاتر لە چل ساڵ کاری هونەری و بەخشینی چەندین شاکاری گەورە بە موزیکی کوردی و فارسی، لە ڕێکەوتی

١٧ی جــوولای ٢٠٠٥ کە هاوکــات دەبێــتە ٢٦ی پووشــپەڕی ١٣٨٤ی هەتــاوی بە هــۆی نەخۆشــی دڵەوە لە یەکێــک لە نەخۆشخانەکانی گەورەی تاران کۆچی دوایی کرد.

لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی گەورە هونەرمەنـدانی کورد و فـارس لە گۆرستانی هونەرمەنـدان بە خـاک سپێردا. لە کـاتی بەخاک سپاردنەکەیدا هونەرمەندی ناودار شەجەریان گوتی: "مردنی میـرزادە کارەسـاتێکی گەورە بـوو بەتـایبەتی بـۆ موزیکی کوردی و بە گشتی موزیکی ئێران، جگە لەوەش ئەمڕۆ هونەرمەندێکمان لەدەستدا کە زەحمەتە کەس هەبێت بتوانێت جێگەی بگرێتەوە"

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردلاند**



سەرچاوە
Serchawe

## موجتەبای میرزادە لە ژەنیارێکی ڤیولینەوە بۆڕابەری ئۆرکێسترای کورد



**ڕۆژنیوز**

میوزیسیانی بەنێوبانگ و ڕابەری ئۆرکێسترای کورد، موجتەبای میرزادە، ئەمرۆ ١٥ ساڵی تەواو بەسەر کۆچی تەمەنیدا تێدەپەڕێت، میرزادە دیاردە و وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ دنیای هونەرو خۆرێک بوو بەسەر ئاسمانی گۆرانی کوردییەوە و لە ژیانی هونەری خۆیدا سەدان کاری ناوازەی بۆ هونەرمەندانی کورد و بیانی کردووە.

ساڵی١٩٤٥ لەشاری کرماشان لەدایک بووە، هەر لەمنداڵییەوە خولیای مۆسیقا بووە، سەرەتا بەئامێرەکانی نەی و سەنتور دەستپێکردووەو دواتر لە هەموو ئامێرەکانی تردا شارەزایی پەیدا کردووە.

هونەرمەند ناسرپەزاری، لەبارەی ژیانی میرزادەوە دەڵێت، موجتەبا تووشی بارودۆخێکی مەینەتبار و داخهێنەر بووە تا گەیشتووە بەو ئەستێرە پرشنگدارە لە دنیای هونەرو موزیکدا، "موجتەبا لە شاری کوردنشینی شاهاوا یان مەندەلی کۆنی سەر بە پارێزگای کرماشان لە دایکبووە، شارێک کە تێیدا لەگەڵ موزیکاران و گۆرانیبێژان، بە شێوەیەکی باش هەڵسوکەوت نەدەکرا، لەناو خانەوەدەکەیدا میوزیک بە هیچ جۆرێک بوونی نەبوو، پاش ئەوەی ماڵیان دەچێتە ئیلامیرۆژاوا، لەوێش ئەو سەردەمە کلتوورێکی لادێیانەی بەسەردا زاڵبووە کە ڕێگایەک بۆ پێشکەوتن بوونی نەبووە تیایدا".



موجتەبا و ناسر ڕەزازی

بەر لەماڵئاواییکردنی میرزادە لەبارەی ژیانی خۆیەوە دەڵێت، "لەگەڵ هەموو ئەم گیروگرفتەدا هەڵمکرد، تا ئەوەی کە برا گەورەکەم بەڕێکەوت سەنتوورێکی کڕی، هەر کە یەک دوو مانگ سەری نایەسەر سەنتوورەکە و تیگەیشت کە بۆی ناچێتە پێش، دەستی لە تێکۆشان هەڵگرت و سازەکەی بەحاڵی خۆی دانا، من لەو هەلە کەڵکم وەرگرت، لە یەک دوو مانگی سەرەتادا تێکۆشام کە چەند پارچەیەک لێبدەم، بەڵام مووزیک هەست و ئەشقی دەوێت ئەگەر گڕی مووزیک لە دڵدا نەبێ، دەسوەردانە ساز، ئینسان بە تەواوەتی ماندوو دەکات، بەڵام هەرچی بێت، ئەم سازە ئیتر نەگەڕایەوە بۆ لای، منیش بێ هیچ مامۆستایا فێرکاری فێری لێدانی سەنتوور بووم و یەکەمین کەسێک بووم کە لە ئیلام بۆ سازلێدان هەنگاوم هەڵگرت.

## وێستگەکانی ژیانی هونەری میرزادە

میرزادە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا دەبێتەڕابەری ئۆرکستراێرادیۆی کرماشان، هاوڕێکانی دەڵێن، میرزادەڕادیۆکەی بەرەو

ئاراستەیەکی کوردی زۆر جوان بردووە، بەو پێیەی لە وڵاتێکی فارسی وەک ئێراندا کاری کردووە، بەڵام دەست و پەنجەی هەمیشەڕەسەنایەتی کوردی پێوە دیار بووە.

هونەرمەند مەزهەری خالەقی لەبارەی میرزادەوە دەڵێت، ئەو دەمەڤیۆلین تەنها کاری فارسی پێدەکرا، بەڵام میرزادە توانی مۆرکێکی کوردی ببەخشێتە ئەم ئامێرە.



**خالقی دەڵێت**. لەڕووی تەکنیکەوە موجتەبا زۆر بەهێز بوو هەم لە دابەشکردنی کار و خوڵقاندنی جوانیدا، جگە لەوەش کەسێک بوو زوو شتی وەردەگرت و زووش دەیکردە بەرهەم، کە ئەمانە پێکەوە ئەو مرۆڤەڕەسەنەی دروستکرد لە موزیکی کوردیدا، لەگەڵ ئەمەشدا میرزادە داهێنانی هەبوو.

موجتەبا لە ڕادیۆکانی کرماشان و تاران خزمەتی بە هونەر بە گشتی و هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی بە تایبەتی کردووە و لە هەردووکیاندا بووەتەڕێبەری ئۆرکسترای کورد.

لە تەمەنی منداڵییەوە باوکی ڤیولینێکی بۆ دەکڕێت بە ٧٠ تمەن کە دواتر زۆربەی گۆرانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەکی هەر بەوڤیۆلینە ژەنیوە.

ئەو دەمەی حەسەن زیرەک دەچێتەڕادیۆی کرماشان میرزادە تەمەنی لە ٢٠ ساڵ تێپەڕ ناکات، لە ماوەی سێ ساڵدا زیاتر لە



سەرچاوە
Serchawe

سەد گۆرانی بۆ تۆمار دەکرێت کە زۆرترینیان کاری میرزادەیە.

کە شۆڕشی ئێرانـڕوودەدات، هونەرمەنـد خـالەقی بەرلەوەی ئێـران جێبهێڵێت، بڕیـاردەدات کۆمەڵێک کـاری تـازە لەوێ بە جێبهێڵێت، پەیوەنـدی بە میـرزادەوە دەکـات تـا بـۆی تەواو بکـات، ئەویـش نـزیکەی ٤٠ کەس لە موزیکژەنەکـانی ئێـران کۆدەکـاتەوە نزیکی ١٥ گۆرانی بـۆ خـالەقی تۆمـار دەکـات، جگە لەوەی موزیکەکەی بـۆ ئامـادە کـردووە، کـاری میکس داونـی موزیکەکەشیبۆ ئەو بەرهەمانە کردووە کە وەک خالەقی دەڵێت، کـاری هەمـوو کەسێک نەبـووە و دەبـوو تەنهـا موزیسیان ئەو کارە بکات.

## پێگەی میرزادە لە هونەری کوردی

یەکێک لەو دەرگایانەی کە موزیکی کوردی بەڕووی میرزادەی هونەرمەنـد و بلیمەت دا کردەوە، ئاشـنا بـوونی نـاوبراوە لەگەڵ مامۆستای کۆچکردوو حەسەن کامکار باوکی کامکارەکان بوو.

میـرزادە سـاڵی١٩٥٩ دەچێـتە شـاری سنە و لە ئۆرکێسـترای ئەم شـارەدا بەسەرپەرشتی مامۆسـتا (حەسـەن کامکـار) پەرە بە هونەرەکەی دەدات، لەو هەل ودەرفەتەدا بـوو کە موجتەبـا تـوانی کۆمەڵێک ئەزمـوون لە مامۆسـتا کامکـار وەرگرێ و پاشـان ببێ بە فەرمانبەر لەڕادیۆی کوردی سنەدا.

میرزادە لە تەمەنی هونەری خۆیدا تا پێش مردنی، کاری بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد کردووە لەوانەش (حەسەن زیـرەک، مەزهەر خالقی، محەمەدی ماملێ، ئیبراهیمی خۆشنەوا، مورتزا توندڕەو، هاشمی رەبیعی، خەلیلی سەدیقی، عەزیـز شـاروخی، حسێن شەریفی، ناسری رەزازی، جەمشید عەزیزخانی، خەبات مەولودی، کەیـوان عەلـی محەمەدی، کـانی، شێرکۆ تـالیب کە هەندێکیان دەکەونە دە ساڵی سەرەتای کاردنی میرزادەوە، هەندێکی تریان ساڵەکانی دواتر ئەوانی تریش دە ساڵی کۆتـایی تەمەنی.

ئەمە جگە لەوەی کە کاری بۆ زۆر لە هونەرمەندە گەورەکانی فارس کردووە لەوانە : شەجەریان، هایدە، ئیرەج، مەهەستی، ئەکبەر گولپایەگانی، موعین، گوگوش، حومەیرا، سوسن، ئەفسەری شەهیدی، محەمەد ئەسفەهانی، عەلیـڕەزا ئیفتیخـاری، هومایون کازمی و چەندینیدیکە.

میرزادە جگە لە ئامێری سەرەکی خۆی کە بریتی بوو لەڤیۆلین، شارەزاییەکی باشی لە (کەمانچە، تار، سێتار، پیانۆ) هەبووە، ئەمە جگە لەوەی کۆمپۆزەرێکی زۆر لێهاتوو بووە، هەروەها کاری موزیکی ٥٨ فلمی فارسی کردووە، زیاتر لە ٤٠ ساڵ خزمەتی کاروانی هونەری مۆسیقای فارسی و کوردی کردووە.

## گەنجینەی میرزادە

میرزادە بەبێ خوێندنی ئەکادیمی خۆی فێری خوێندنەوەی نۆتەی میوزیک کردووە، بەڵام دواتر دەچێتە تاران و لەوێ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەردەگیرێ و درێژە بە خوێندنی هونەر دەدات.

میرزادە گەنجینەیەکی گەورە و بە نرخی بۆ هونەری کوردی بەجێهێشتووە لە بواری تەکنیکدا کە زۆر سادەن و لەهەمانکاتیشدا قورسایی خۆیان هەیە کە دەتوانرێت کار لەسەر ئەوە بکرێت ئەو جۆرە تەکنیکانەی بکرێتە تەکنیکێکی نەگۆڕ و بنەڕەت لە موزیکی کوردیدا.

هەندێک لە میوزیسیان و هونەرمەندەکانی کورد دەڵێن، ئەگەر موزیکی کوردی بە زانستی بنوسرێتەوە وەک پرۆگرامێک بۆ خوێندن، ئەوا کارەکانی میرزادە کە سەرچاوەکەیان شاخ و گوند و دەشتەکانی کوردستانەو بە نۆتە بنوسرێتەوە، بە دڵنیاییەوە شوێنێکی گەورەی دەبێت وە دەتوانرێت بە نمونەیەکی زیندوو باس بکرێت لە موزیکی زانستی کوردیدا.


میرزادە لە ١٧ی تەمووزی ٢٠٠٥ لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا بە نەخۆشی دڵ لە تاران بۆ هەمیشە چاوی لێکناو ماڵئاوایی لە دنیای هونەر کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## من و موجتەبا میرزادە



موجتەبا پاش ئەوەی لە کرماشانەوە هات بۆ تاران هاوکاریی خۆی لە گەڵ بەرنامەی کوردی دەس پێکرد.

بەرنامەی کوردی، لەو سەردەمەدا، لە سێ بوارەوە مۆسیقای تۆمار ئەکرد. یەکەم لە ئۆرکێستری تایبەتی بەرنامی کوردی، دووهەم لە ئۆرکێسترای گەورەی رادیۆ ئێران و سێهەم دوو سێ مۆسیقاری هەبوو کە حەوتەی جارێ، کە بەرنامەی "بەزمی هەینی" لە ئستۆدیۆ تۆمار ئەکرا لەسەر دەرخوازی دانیشتوان و بەشداری یەکێ لە گۆرانی بێژەکان، گۆرانی یان تۆمار ئەکرد، موجتەبا لەم بەشەدا بە تایبەت لەگەڵمان هاوکاری هەبوو.

رۆژێکیان لەبیرمە دەوری چل کەس هاتبوونە ئستۆدیۆ، موجتەبا هات و ڤیۆلۆنەکەی گرت بەدەستەوە، دەستی پێکرد. هەموو بێ دەنگ سەیری دەس و پەنجەیان ئەکرد، کتوپڕ لە نێو خەڵکەکە، کابرایەکی ئاسایی بێ ئەوەی هونەرناس و مۆسیقار بێ، هاوارێ لێ هەستا و وتی "باوکەڕۆ چی ئەکا ئەو کابرایە خۆ جەرگ و دڵی لە ڕیشە دەرهێنام!"
جا بەڕاستیش هەروەها بوو. کاتێ لەئۆرکێستری گەورەی رادیۆ ئیران دا بەشداری ئەکرد، لە نێو چل پەنجا ئامرازی مۆسیقا دا ڤیۆلۆنەکەی موجتەبا هاواری ئەکرد، وەک چۆن لە ئاسمان دا برێ ئەستێرە بەورشەترن لەوانی تر، ڤیۆلۆنەکەی موجتەباش دیار بوو و بەر گوێ دەکەوت.

مۆجتەبا لە تاران بەباشی جێی خۆی کردەوە، نە تەنیا لە ئۆرکێسترای گەورەی رادیۆ بەشداری ئەکرد مۆسیقای بۆ نێزیکەی

پەنجا فیلمی فارسی داناوە.

لەگەڵ هە موو گۆرانی بێژەکانی فارس دا هاوکاری هەبووە. زۆربەی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک و مەزهەری خالەقی کە لە ڕادیو کرماشان تۆمار کراون وە وان لەوپەڕی جوانی و دلڕفێنی دا کاری مۆجتەبایە و دەس و پەنجە ڕەنگینەکانی وێن کە گەیاندوونی بەو جێگایە.

یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی مۆجتەبا ئەوەیە، کاتێ گەیشتە ئەو پلە و پایە، کە لە نێو مۆسیقارە بە ناوبانگەکانی ئێرانا ئەدرۆشایەوە، خۆی نەگۆڕی لە خۆی تەبا نەبوو و بەو پەڕی شانازی یەوە، لە وەڵامی پرسیاری هەواڵ نووسانا کە ئەیان پرسی کوردی؟ ئەیوت ئەرێ برام، خۆم کوردم، دایکیشم کوردە، باوکیشم کوردە. بەزاراوەی جۆری کەلهوڕی (کرماشانی) ئەدوا.

موجتەبا خەریک بوو لە ناوهونەرمەندانا بگاتە عاستێ کە کەس لەو بانتر نەبێ. بەڵام بەداخەوە بەڵای ناگەهانی شۆڕش هات، ئامرازی مۆسیقاکانی شکاند و مۆسیقارەکانی ڕاونا، قەڵەمی نووسەرانی شکان و لاپەڕەییەکی ڕەشی لە مێژووی هونەری ئێراندا بەدی هێنا.

زۆر لە هونەرمەندان ئەو بارە سەنگینەیان بۆ هەڵ نەگیرا، دلیان لە لێدان وەستا و ڕۆحیان بەرەو ئاسمانی بێ پاومان دای لە شەقەی باڵ، دیارە موجتەباش یەکێ لەوانە بوو!

لە باری کەسایەتیەوە نێزیک بەدڵ خوێن شیرین و سەروزوان خۆش و مێهرەبان بوو جیهانی زۆر گەورە دەهاتە بەرچاو وە بڕوای وابوو کە هۆنەر سنوور ناناسێ و مەرزی بۆ نیە. ئەیوت

**رسد ادمی به جایی که بجز خدا نبیند**
**بنگر که تا چه حد است مقام ادمیت**

واتە: مروڤ ئەتوانێ بگاتە ئەو جێگایە کە جگە لە خوا هیچی تر نەبینێ ، تۆش سەرنجێ بدە لە بەرزایی ئەو ئاستەی مروڤایەتی بەداخەوە کاتێ کۆچی دوایی کرد نەیان هێشت ڕێ و ڕە سمێکی بۆ بەڕێوە بچێت

زۆر ساکار نێژرا: ساڵی لە دایک بوونی ١٩٤٥ وە ساڵی کۆچی دوایی ٢٠٠٥

ڕۆح و ڕەوانی شاد بێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەوارگەی دڵان - ڕێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# کورتەیەک لە چالاکی هونەری و ژیانی "مامۆستا موجتەبا میرزادە"



**مامۆستا عەلی عابدی**

مۆجتە با میرزادە ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی لە شاری کرماشان لە دایک بووە و تا کلاسی پێنجی سەرەتایی لە شاری ئیلام ژیاوە و سەرەتایی کاری موزیکی هەر لەو شارە دەست پێکردووە.

وەکی میرزادە بۆ خۆی دەڵێ : ئەو یەکەم کەس بووە کە لە شاری ئیلام غیرەتی منالان و گەنجانی شکاندووە بۆ ئەوەی مامۆسیقا بژەنێ. مامۆستا مۆجتەبا میرزادە هەر لە سەرەتای منالیەوە بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەی دەوروبەری وەک کاسەو کەوچک و دواتریش بە کەڵک وەرگرتن لە ئامێری فلووت و سەنتوور بە بێ مامۆستا توانی مووزیکێکی سەرتایی فێربێت و لە کلاسی شەشمی سەرەتایی لەگەڵ بنەماڵەکەی دەگەرێتەوە کرماشان.

باوکی ناوبراو بە هۆی سەیی بوونیەوە رازی نە بوو کە کورەکەی وەدوای کاری مووزیک کەوێ بەڵام پێداگری و تکای یەکێک لە دۆستانی باوکی، باوکی رازی دەکات "ڤیۆلۆنێک" بۆ موجتەبا بکرێت. موجتەبای وریا و شەیدای مووزیک بە ورەیەکی بێ هاوتا شەو و رۆژ خەریکی پروڤە دەبێت و لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی دەچێتە رادوێ سنە و لە وێ لەگەڵ ئورکێستری رادوێ

بە سەرپرشتی مامۆستا "حەسەن کامکار " بە ماوەی سالێک دەمێنێتەوە و چەندین بەرهەم تومار دەکەن.
سالی ١٣٣٩ دەگەڕێتەوە شاری کرماشان و لە تەمەنی ١٥ سالیدا دەچێتە رادوێ کرماشان و وەک مۆسیقارێکی کەم تەمەن بەلام بە توانا سەدان بەرهەمی بە نرخ و ماندگار بۆ گۆرانی بێژانی کوردتومار دەکا و نموونەی بەرچاوی ئەم چالاکیانەش گۆرانیەکانی "حەسەن زیرەک و مەزهەر خالقی " و چەندین گۆرانی بێژی تره.

لە پاش ئەوەی کە بە پیلانی چەن کورد فرۆشێک و زەختی "ساواک" "حەسەن زیرەک " لە رادوێ دەر دەکەن مامۆستا میرزادەش لە وێ دلخۆشی نامێنێ و بۆ درێژەدانی خوێندن و دەولەمەند کردنی ئەزموونی هونەری روودەکاتە شاری تاران و لە ماوەیەکی کەمدا توانی جێگەیەکی بەرز بۆ خۆی دەستەبەر بکات هەموو بەرهەمە فارسیەکان جێگە پەنجەی هونەری ئەوی پێوە دیارە. میرزادە جگە لەوەی بۆ گۆرانی بێژانی ناوداری کورد و فارس مۆسیقای ژەنیوە زوربەی بەرهەمە فارسی و کوردیەکانیش هەر خۆی تەنزیم و ئامادەی کردووە.

نابراو جیا لەوەی کە لە ژەنینی مۆسیقدا ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە چەندین ئامێری وەک ڤیولۆن - کەمانچە - سێ تار - چەلۆ بە شێوەیەکی مامۆستایانەو لە ئاستێکی بەرز دەژانی.

شایانی باسە جیا لەو خالانەی ئاماژەی پێدرا سەرپەرەشتی چەندین تیپی موزیکی بە ناوبانگی لە ئەستۆ بووە لە چەندین ولاتدا کۆنسێرتی کردووە و بۆ ٩٠ فیلمی سینەمایی موزیک مەتنی داناوە کە تەنیا ناوی ٣٥ فیلم بەر دەستە.

میرزادە ئاهەنگساز و مۆسیقا ژەنێکی نموونە و مامۆستایەکی بە ئەزموون بوو کە لە مێژووی موزیکی خۆرهەلاتی ناوەراستدا هاوتای پەیدا نابێت و شاهێدی ئەم ئیدعایش بەرهەمەکان و ستایلی هونەری ناوبراوە. لە کاتێکدا کورد هەموو وەخت زیاتر پێویستی بەم جورە بلیمەتانەیە بە داخەوە لە ٢٦ - ٤ - ١٣٨٤ی هەتاوی مامۆستا میرزادە دلە پڕ لە مێلۆدیەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و بە کۆچی دوای ئەم بلیمەتە هونەری کوردی تووشی خەسارێکی گەورە هات و بە داخەوە کورد و دەسەلاتی کورد نەیتوانی لە بەرهەمی هونەری و لە ئەزموونی تایبەتی ئەم سوارە چاکە لە زانکۆکانی کوردستان کەلک وەربگرێت.

لیستی ئە و گۆرانی بێژە کوردو فارسانەی کە میرزادە موزیکی بۆ ئامادە کردوون یان موزیکی بۆ ژەندون، شایانی باسە ناوی ئەم گۆرانی بێژانەی خوارە وە کورتەیەک لە چالاکیەتۆمار کراووە کانی مامۆستا میرزادە یە وەکی بۆ خۆی ئاماژەی پێکردووە و دەلێ : (لەنێوان سالی ١٣٤٧ی هەتاوی تاوە کوو سالی ١٣٥٧ی هەتاوی هیچ گۆرانی بێژێک لە ناو فارسەکاندا نە ماوە

کە من موزیکم بۆ نەژەندبێ یان موزیکم بۆ ئامادە نە کردبێ) کە واتە زۆر بەر هەمی میرزادە هێشتا بزرە و ناوی زۆر گۆرانی بێژی تر ماوە کە ناوبراو موزیکی بۆ ژەندوون و دەبێ هەوڵ بدرێ ئەو ناوانەش کۆکرێتەوە بخرێتە سەر ئەرشیفی چالاکیەکانی مامۆستا میرزادە.

**گۆرانی بێژە فارسەکان**: هایدە، مەهەستی، گوگوش، شەجەریان، ئەفسەر شەهیدی، عەهدیە، تاجیک، حومەیرا، مۆعین، ئومید، لەیلافروهەر، ئیرەج حاجی ئەمیری، هومایون کازمی، عەلی رەزا ئیفخاری، ئیرەج مەهدیان، گوڵپا، شەکیلا، پەروا، فەرزین، سوسەن، ئاغاسی، دەیان کەسی تر.

**گۆرانی بێژە کوردکان**: حەسەن زیرەک، ماملێ، خەلیل سددیقی، رەزاسەققایی، عەزیز شاروخ، مورتەزا توندرەو، ئیبراهیم خۆشنەوا، مەزهەری خالقی، حوسەین شەریفی، جەمشید عەزیزخانی، سەید محەمەدسەفایی و چەندین کەسی تر.

لیست و ناوی هەندی لە وفیلمە سینە ماییانە ی کە (مامۆستا میرزادە) موزیک مە تنی بۆ داناون تێبینی: مامۆستا میرزادە موزیکی مەتنی بۆ نزیکەی ٩٠ فیلمی سینەمایی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی داناوە. کە یەکەم کاری موزیکی بە فیلمی سینە مایی دۆرۆشکەچی دا ناوە.

گل ها و گلولە ها (١٣٧٠) درشکەچی (١٣٥٠) مسافران مهتاب (١٣٦٦) مدرک جرم (١٣٦٤) حماسە مهران (١٣٦٣) تفنگدار (١٣٦٢) خانە عنکبوت (١٣٦٢)جایزە (١٣٦١) دادا (١٣٦١)قرنطینە (١٣٦١)اعدامی (١٣٥٩) پنجمین سوارسرنوشت (١٣٥٩)بن بست (١٣٥٧) زن و زمین / خوش غیرت (١٣٥٧) صمد در بە در می شود (١٣٥٧) نفس بریدە (١٣٥٧)جای امن (١٣٥٦) در امتداد شب (١٣٥٦) صمد در راە اژدها (١٣٥٦) میراث (١٣٥٥) صمد خوشبخت می شود (١٣٥٤)علي کنکوري (١٣٥٢)عیالوار (١٣٥٢) حکیم باشی (قیامت عشق) (١٣٥٢) تختخواب سە نفرە (١٣٥١)(١٣٥١) خانە قمرخانم (١٣٥١)صمد و سامی، لیلا و لی لی (١٣٥١) مردی در طوفان (١٣٥١)شاطر عباس (١٣٥٠) صمد و قالیچە حضرت سلیمان (١٣٥٠) عزیز قرقی (١٣٥٠)عمو یادگار (١٣٥٠) لوطی (١٣٥٠) محلل (١٣٥٠) کافی شو (بە رنامە ی تە لە فزیۆنی)

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## موجتەبای میرزادە چوار دەیە پەنجەکانی لەسەر کەمانەکەی لانەبرد




**ئامادەکردنی: ئومێد نەجم**

لە بنەماڵەیەکی مەلازادە لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو و لە کرماشانەوە دەستی بۆ کەمانچەکەی برد، لە قوڵایی ڕێگرییە باوەکانی کۆمەڵگە بەرەو لوتکەی هونەرکەی رۆشت، بەشێک لە کارەکانی شەجەریان و گوگوش ئەو میوزەک ژەنیان بووە، بەڵام هیچ کام لەوان بەقەدەر کارکردن لەگەڵ حەسەن زیرەک دڵخۆشی نەکردووە، تەنانەت ئەو ڕێڕەوی کاری هونەری زیرەکی گۆڕی و بەرگی کوردانەتری بە بەردا کرد.

زۆربەی کەس گوێیان لە ئاوازەکانی بووە، ئاوازی گۆرانییە بەناوبانگەکەی حەسەن زیرەک( نەورۆزی)ش هەر خۆی دارێژەری بووە، ئەو (موجتەبای میرزادە)یە کە ڕێگرییەکانی بنەماڵەکەی رایان نەگرتوو چوار دەیە پەنجەی لەسەر ژێیەکانی کەمانەکەی بوو.

موجتەبای میرزادە هونەرمەند و میوزیکژەنی کورد ژەنیاری کەمانچە و سێتار، ئاهەنگسازی کلاسیک و فۆلکلۆر، پاپ و میللی و ئاوازدانەری مۆسیقای فیلم بووە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە.



سەرچاوە
Serchawe

میرزادە هەر لە سەرەتای منداڵیەوە هۆگر و خولیای کەمانچە بووە، رادیۆی هەمسایە لە کرماشان دەرفەتی ئەوەی بۆ دروستدەکات دەست بداتە خولیاکانی لەوێ لەگەڵ دوو میوزکژەن کە مامۆستای سەردەمی خۆیان بوون تێکەڵ دەبێت مەهدی خالید و پەرویز یاحەقی، ئەوەش هاوکاری زۆری دەبێت بۆ ئەوەی هونەرەکەی پەرە پێبدات هەرچەندە مامۆستایەکی دیاریکراوی نەبووە بۆ ئەوەی فێری بکات.

خانەوادەکەی میرزادە دژی ئەوە بوون کوڕەکەیان ببێتە میوزک ژەن ئەوان سەید و مەلازادەی کرماشان بوون و کارەکەیان بە پێچەوانەی شەرع زانیوە، سەید تەقی باوکی ناڕازی بوو لەوەی کوڕەکەی ببێتە هونەرمەند بەڵام ئەوە میرزادەی نائومێد نەکرد، میرزادە کاتێک منداڵ بووە، سەنتورێکی بۆخۆی دروستکردووە، کاتێک باوکی گوێی لە دەنگی ژەنینی سەنتورەکە دەبێت دەیشکێنێت، چونکە باوکی رووبەڕووی رەخنەی خەڵک بووبووەوە گوایە سەیدەو بۆی دروست نییە کوڕەکەی ساز بژەنێ.

بەهۆی کاروباری باوکییەوە لە کرماشانەوە کۆچ دەکەن بۆ ئیلام، ئەوەش هەلێکی دیکە پێدەدات تا برەو بە کارەکەی بدات، لەوێ دراوسێیەکی تارانییان هەبووە کە خۆی ژەنیاری کەمانە بووە، میرزادە زۆرجار سەردانی کردووە، توانای هونەریی لە میرزادە بینیوەو پێشنیازی بۆ باوکی میرزادە کردووە کەمانێکی بۆ بکڕێت، پێچەوانەی مامەڵەی پێشووی سەید تەقی رازی دەبێت و کەمانێکی بە نرخی ٧٠ تمەن بۆ دەکڕێت کە زۆربەی ئاوازەکانی بۆ گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی بەو کەمانچە ٧٠ تمەنییە ژەند.

موجتەبا میرزادە لەسەرەتای کاری هونەری بە عەشقی گوێگرتن لە کەمانەکەی (پەرویز یاحەقی) کەمانژەنی ناوداری مۆسیقای ئێرانی فێری مۆسیقا بووە، لەژێر کاریگەری ژەنیار پەرویز یاحەقی بووە و هەمیشە بە ڕێزەوە ناوی هێناوە، بەڵام دواتر میرزادە بووە خاوەن شێواز و ستایلی تایبەت بە خۆی وەک ژەنیارێکی لێهاتووی کەمان.

میرزادە بەبێ خوێندنی ئەکادیمی خۆی فێری خوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقا کردووە، ئەویش لەڕێگەی گۆڤاری (موزیک ایران) کە هەفتانە نۆتەی چەند گۆرانییەکی تێدا بڵاو دەکرایەوە، مەشقی زۆری دەکرد لەسەر ئاوازەکان تا فێری نۆتە خوێندنەوە بووە.

ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە شاری سنە و لە ئۆرکێسترای ئە شارەدا بەسەرپەرشتی (حەسەن کامکار) باوکی خانەوادەی هونەریی کامکاران، پەرە بە هونەرەکەی دەدات، پاشان بووە میوزیک ژەنی ڕادیۆی کوردی سنە، دوای ئەو قۆناغە بووە یەکێک لە گەورەترین ژەنیارانی کەمانچە لە ئێران و پێی وابوو کە ژەنینی کەمانچە نابێت لە ژێر کاریگەری ژەنینی ئامێری کەمانچەدا

بێ، چونکە ڕۆحی ئەم دوو ئامێرە لێک جیایە.

دیارترین شاکارەکانی موجتەبا میزادە لە مۆسیقای کوردی، ئەو بەرهەمانەیە کە بۆ هەردوو هونەرمەندی کورد (حەسەن زیرەک و مەزهەری خالقی) کردووە، پێش ئەو هیچ کەس ئاوازی هەورامی لەگەڵ ئۆرکێسترا نەژەنیووە، عاشقی مۆسیقای لوڕی بووە و کۆمەڵێک کاری بۆ گۆرانی لوڕی کردووە وەک گۆرانییەکانی (دایە دایە ، موتورچی، بزران بزران، میری (جنگ لران)، داڵکە، تفنگ، زندگی، قدم خیر) کە بە دەنگی هونەرمەند ڕەزا سەقایی گوتراون.

## میرزادە و حەسەن زیرەک

موجتەبای میرزادە دەڵێت" لە ئێراندا لە شەجەریانەوە هەتا گوگوش کە دوو ستایلی زۆر جیاوازن من کاری میوزکم لەگەڵ کردوون، بەڵام لەگەڵ هیچیان وەک (حەسەن زیرەک) ئاسودە نەبووم". زۆر ئاواز و مەقام و گۆرانی کوردی لە حەسەن زیرەکەوە فێربووە، حەسەن زیرەکیش بەهۆی میرزادەوە کارەکانی دیارتر بوو.

زیرەک بەرلەوەی بێتە ڕادیۆی کرماشان لە تاران، کۆمەڵێک کاری کردبوو، بەڵام ئەو ئۆرکسترایەی کاری لەگەڵ کردبوو دابەشکردنەکەی زۆرتر لە فارسی نزیک بوو، لەڕووی ئۆرکسترایەوە باش بوون، بەڵام لەڕووی تام و چێژی کوردیەوە ناگەنە ئەو کارانەی لە کرماشان بۆیکراون.

میرزادە و زیرەک زۆر دۆستایەتی لە رادەبەدەریان هەبووە، وەک دوو هاوڕێی زۆبەی کاتەکان پێکەوەبوون، میرزادە زۆر بە وردی گوێی لە ئاوازەکانی زیرەک دەگرت و بە عەشقەوە ئارشەی دەخستە سەر کەمانەکەی، وەک خۆی دەڵێت ئاوازە کوردییەکان زیاتر خۆشحاڵی دەکرد، ناسین و ئاشنا بوونی میرزادە بە حەسەن زیرەک کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر هونەری میرزادە، بە جۆرێک وایلێکرد شێوە و ستایلی ژەنینی ڤیۆلینەکەی لە خزمەتی ئاواز و مۆسیقای کوردیدا بێت.

ئۆرکسترای ڕادیۆی کرماشان کە پێک هاتبوون لە (محمدی عەبدولسەمەدی ژەنیاری کلارنێت، قەرە نەی سەپەرشتیاری گروپی مۆسیقای ڕادیۆ کرماشان، ئەکبەر ئیزەدی سەنتور ژەن، بەهمەن پولەکی بە زەرب و هونەرمەندێکی تارژەنیشیان لەگەڵ بوو، حەسەن زیرەک لە ماوەی سێ ساڵ بە هاوکاری ئەو موزیکژەنانە توانی (١٠٠) سەد گۆرانی تۆمار بکات، کە زۆربەی ئاوازەکان بە هاوکاری کەمانەکەی میرزادە دانراوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە گۆرانیە دیارەکانی حەسەن زیرەک (گەوهەرێ، هەی نار، ئایشیلێ نازەنینێ، وەرە قوربان، نازانم لە کێ پرسم، لۆرکێ، ئای نیزام ، کەتانە، کرماشان شاری شیرینم، لە سیلەی قەبران، نەمام نەمامە، باوانەکەی باوم، ئەرێ هۆ لەیلی، دەچمە سەر ناڵەشکێنێ، ئەوەی وەی بارانە، ڕێگاکەم دوورە، هەروایە، نەسرین، کراس ڕەشێ، سەبری، کوڵوانە سوور، کیژێ مەڕۆ جوانی، دوگمەت داخە، خانمی مەزەدار) و دەیان ئاوازی تر کە لە شاکارەکانی میرزادەن.

میرزادە ئەو تەکنیکانەی هەیبوو تایبەت بوو بە خۆی، توانی مۆرکێکی کوردی ببەخشێتە کەمانچە مۆسیقا کار و پیشەی سەرەکی میرزادە بوو، ( کەمانچە و سێتار و دەف)ی دەژەنی، سەلیقەیەکی جوانی هەبوو لە دابەشکردنی مۆسیقا گوێگرێکی باشی مۆسیقای ئێرانی بوو، شارەزایی لە مۆسیقای کلاسیک هەبوو، گوێی لە بەرهەمەکانی (پەروێز یاحقی دەگرت، یا سێتاری ئەحمەد عەبادی و تاری جلیل شەهناز یا صەدای محمودی خوانساری.

کاری بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد کردووە لەوانە حەسەن زیرەک، مەزهەر خالقی، محەمەدی ماملێ، ئیبراهیمی خۆشنەوا، مورتزا توندڕەو، هاشمی رەبیعی، خەلیلی سەدیقی (گۆرانی فاتیمە دوو چاوی مەستت)، عەزیز شاروخی، حسێن شەریفی، ناسری رەزازی،

ئەمە جگە لەوەی کە کاری بۆ زۆر لە هونەرمەندە گەورەکانی فارس کردووە لەوانە شەجەریان، هایدە، ئیرەج، مەهەستی، ئەکبەر گولپایەگانی، موعین، گوگوش، حومەیرا، سوسن، ئەفسەری شەهیدی، محەمەد ئەسفەهانی، عەلی رەزا ئیفتیخاری، هومایون کازمی، و چەندینی تر.

هونەرمەند مەزهەری خالقی سەرسام بووە بە کارەکانی میرزادە، ساڵی ١٩٦٢ لە سنەوە چووەتە کرماشان تاوەکو چەند بەرهەمێک بە هاوکاری کەمانچەی میرزادە تۆمار بکات، گۆرانی (هەی نابێ نابێ ) کە ئاوازی هونەرمەند(سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)یە، یەکەم کاری هاوبەشی میرزادە و خالقی بووە.

گۆرانیەکانی خالقی (نازدار و نازدار یار، بازی بێریان، کەمەرەشل، ساقی، هەی نابێ نابێ، بۆی دێنم، هەڵای غەمگین، وەرگەڕێ، زوڵف، ئاخ لەیل و داخ لەیل، تۆبە بێ، لەرزانە، نامدوێنی، زارا، شیرین شیرینە، لەرزانە، پردی سوور) میرزادە کاری بۆ کردوون.

## میرزادە و مۆسیقای فیلم

میرزادە لە دوای مورتەزا حەنانەوە زۆرترین مۆسیقای بۆ فیلمی ئێرانی داناوە.. ژمارەی ئەو فیلمانەی کە میرزادە کاری مۆزیکی بۆ کردووە زیاتر لە (٥٨) فیلمە.. لەوانە (گل‌ها و گلولەها ، مسافران مهتاب، مدرک جرم، حماسه مهران ، تفنگدار ، خانه عنکبوت ، جایزە و چەندین فیلمی تر.

میرزادە بۆخۆشی عەودالّی ناو و ناوبانگ نەبووە، زۆربەی کەس گوێیان لە ئاوازەکانی بووە بەبێ ئەوەی بزانن ئەوە شاکاری میرزادەیە، لە ساڵانی کۆتایی ژیانی نەخۆشی ڕێگەی نەدا هونەری دواهەمین ئەلبومی گۆرانی (مەزهەری خالقی) تەواو بکات.

میرزادە دوای زیاتر لە چل ساڵ کاری هونەری و بەخشینی چەندین شاکاری گەورە بە مۆزیکی کوردی و فارسی، ڕۆژی (١٧ - ٧ - ٢٠٠٥) بە هۆی نەخۆشی دڵەوە لە نەخۆشخانەی گەورەی تاران کۆچی دوایی کرد. زۆر لە هونەرمەندانی ئێرانی یەکێک لەوانە شەجەریان بوو لە کاتی بە خاکسپاردنی میرزادە، بەشداربوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# موجتەبای میرزادە، لێزانێکی مۆسیقای کوردستان و ئێران



**کاوە فەقیەزادە**

زانست و مۆسیقای میرزادە یا باشتر بڵێم دنیای میلۆدی و دابەشکردەنەکانی کە خوڵقاندوویەتی زەوق و ئیحساساتی بەقوەتی مامۆستا موجتەبای میرزادەیە. بۆ ئەوانەی کە گوێیان لەهەر هەموو بەرهەمە موزیکە بێکەلام و بەکەلامەکانی بووە و لەگەڵیان ئاشنان، بۆ ئەوانەی کە دڵیان داوەتە میلۆدییە شیرین و دڵڕفێنەکانی و لەدابەشکردنیان بەشێوەی ئۆرکێسترایەکی پڕ هەست و حاڵ چێژی تایبەت دەبەن، کار و بەرهەمە مۆسیقاکانی زۆر بەرچاو و ئاشناترە لەنێو و قیافە و قسەکانی، کە نزیکەی نیو سەدەیە ئەو مۆسیقایانەی داناوە و تۆماریان کردووە. ئەو بلیمەت و مۆسیقاناسە کەسێک نییە جگە لە مامۆستای گەورە موجتەبای میرزادە.

میرزادە لە ٢٧ی رەشەمی ١٩٤٥ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، شاری کرماشان چاو دەکاتەوە و بەداخەوە لە تەمەنی شەست ساڵی لە ٢٦ی پووشپەڕی ٢٠٠٥ لەپایتەختی ئێران (تاران) چاوەکانی بۆ هەتا هەتایە دەبەستێ، بەڵام نەغمە و نەوای موزیک و ئامێرەکانی لەنێو خەڵکی کوردستان هەتا هەتایە هەردەمێننەوە و بەرگوێ دەکەون. مامۆستا میرزادە ئەوەندە لەچێژی مۆسیقای کوردستان و زانستی موزیکی ئەکادیمی شارەزابووە کە هەر بەرهەمێکی لەهەر تەمەنێکدا تۆماری کردەبێ بە راستەقینەوە خوڵقاندوویەتی. بەرهەمەکانی ئەو موزیسییانە بەناوبانگەی کورد بەچەند قۆناغەدا تێپەڕدەبێ:

١- کاتێک لە لاویدا لە رادیۆی کرماشان بەهاوکاری هونەرمەندانی ئەو کات گرووپێک سازدەکەن و بەرهەمەکانی مامۆستای گەورە و گۆرانیبێژی کورد حەسەن زیرەک تۆمار دەکەن و لاپەڕەیەک لە هونەر و مۆسیقای وڵاتەکەمان هەڵدەدەنەوە. بە تۆماری ئەو بەرهەمە پڕ چێژ و زانستییانە کە بۆ مۆسیقا و گۆرانی و ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەی کوردستانیان کردووە، بەسەدان میلۆدی، گۆرانی، مەقام و بەستەی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی موکریان یان کۆکردۆتەوە، بڵاویان کردوونەوە و ناساندوویانن بەجیلی خۆیان و دوای خۆشیان بووە بە کارنامەیەکی زێڕین بۆ ئەو گرووپە و مامۆستای گەورە موجتەبای میرزادە.

**موجتەبا دەڵێ:** «لە ئێراندا لە شەجەرییانەوە هەتا گوگوش کە دوو ستایلی زۆر جیاوازن، من کاری موزیکم لەگەڵ کردوون، بەڵام لەگەڵ هیچیان وەک حەسەن زیرەک ئاسوودە نەبووم.» زۆر ئاواز و مەقام و گۆرانی کوردی لە حەسەن زیرەکەوە فێربووە، حەسەن زیرەکیش بەهۆی میرزادەوە کارەکانی دیارتر بوون. زیرەک بەرلەوەی بێتە رادیۆی کرماشان لە تاران کۆمەڵێک کاری کردبوو، بەڵام دابەشکردنەکەی ئەو ئۆرکێسترایەی کاری لەگەڵ کردبوو زۆرتر لە فارسی نزیک بوو، لە رووی ئۆرکێسترابییەوە باش بوون، بەڵام لە رووی تام و چێژی کوردییەوە ناگەنە ئەو کارانەی لە کرماشان بۆی کراون. ئۆرکێسترای رادیۆی کرماشان کە پێکهاتبوون لە محەمەدی عەبدولسەمەدی ژەنیاری کلارنێت و قەرەنەی و سەرپەرشتیاری گرووپی مۆسیقای رادیۆ کرماشان، ئەکبەر ئیزەدی سەنتووژەن، بەهمەن پوولەکی بەزەرب و هونەرمەندێکی تارژەنیشیان لەگەڵ بوو. حەسەن زیرەک لە ماوەی سێ ساڵ بە هاوکاری ئەو موزیکژەنانە توانی «١٠٠» گۆرانی تۆمار بکات، کە زۆربەی ئاوازەکان بەهاوکاری و ڤیۆلۆنژەنی میرزادە دانراون.

٢- دانان و بەرهەمەکانیان لە روانگەی رەنگ، دەنگ و چێژی تۆنەکانیان وەک پەیژە و سکێڵ ئەوەندە بەرزە کە زۆربەی ژەنیاران و گۆرانیبێژانی سەرسام کردووە، هەر بۆیەش لەگەڵ زۆربەی گۆرانیبێژانی فارس و لوڕ و تورکیش بەرهەمی هەیە. میرزادە لەگەڵ گۆرانیبێژانی کورد وەک مامۆستایان عەلی مەردان، تاهیر تۆفیق، محەمەدی مامڵێ، رەزا سەقایی، مەزهەری خالقی و ناسری رەزازی بەرهەمی زۆر بەرچاوی تۆمارکردووە و توانیویەتی تام و چێژی مۆسیقای کوردی تێدا بخوڵقێنێ و بەتایبەت لەبەرهەمە ئۆرکێستراییەکانیدا بەتەواوی شارەزایی لە مۆسیقای کلاسیک و دراسی رەدیفی ئێراندا هەبووە و زۆر جاریش بە پەنجەکانی موزیکی عەرەبی و ئازەری و ئەرمەنیشی ژەنیوە. میلۆدییەکانی میرزادە لە بواری زانستی و دراسییەوە جۆرێک داڕێژراون کە لە بواری فێرکاریی موزیکی کوردستان، هەموو ئامێرە موزیکییەکان دەتوانن زۆر بەباشی کەڵکی لێ وەرگرن و لە پەیمانگە و زانکۆکان دراسە بکرێن، تا مرۆڤی کورد باشتر موجتەبا میرزادە وەک مۆسیقاناس و بلیمەتێکی کورد بناسێ و جیل بەجیل لە کۆمەڵگای کوردستاندا بدرەوشێتەوە، ئەوەش لەسەر شانی ئێمەی موزیسییەنی کوردە کە نەهێڵین ئەو سەروەتە بەنرخەمان بفەوتێ.

٣- تواناکانی میرزادە هەر بەمۆسیقا و گۆرانی و سروود تەواو نابێ و گەیشتووەتە لووتکەی حیرفەی فیلم و سینەما، لەگەڵ دەیان دەرهێنەری بەتوانای بواری فیلم و سینەمای سەردەمی خۆی کاری کردووە و موزیکی بۆ داناون و مۆسیقای فیلمی بۆ ئامادە کردوون. میرزادە ئەوەندە زانا و بەتوانابووە کە لەو بوارەشدا سەرکەوتنی زۆر باشی لە کارنامەی هونەری خۆیدا تۆمار کردووە و نیزیکەی پەنجا بەرهەمی بۆ فیلم و سینەما تۆمارکردووە. هەر بەو حەول و تێکۆشانەش دەتوانێ بواری مۆسیقایی سینەما بگۆڕێ و ڕێچکەیەکی نوێ بۆ خۆی و بەرهەمەکانی لەنێو جەماوەری هونەری فیلم و سینەمادا بخوڵقێنێ. لە کۆتاییدا دەتوانم بلێم ئەو کەڵەهونەرمەند و موزیکزانە بەکار و بەرهەمەکانی خزمەتێکی زۆر بەرچاوی بەبواری مۆسیقای کورد و نەتەوەکانی دراوسێی کوردستان کردووە و جێدەست و هەستی هەتا هەتایە بەسەر مۆسیقای وڵاتەکەمانەوە دیارە و قەت پات نابێتەوە. ڕۆحی بەرزی هەر شاد بێ و نموونەی هەر زۆر بێ لە کوردستانەکەمان.

## بۆچوونی چەند کەسایەتێکی بواری مۆسیقای کوردستان سەبارەت بە موجتەبای میرزادە



### مەزهەری خالقی: ئەم پیاوە مرۆڤێکی ئازادیخواز و بەهەست بوو لە هیچ کاتێکدا لە موزیکی کوردی دوور نەکەتەوە

مامۆستا موجتەبا میرزادە کە یەکێکە لەهەرە هونەرمەندە بەناوبانگ و ناسراوەکانی کوردستان، من بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٢ لە رادیۆ کرماشان بینیم، چووم کارێکی لەگەڵ بکەم، چونکە بەڕاستی سەرسام بووم بەکارەکانی هەم وەک ئۆرکسترایی هەم وەک دەست و پەنجەی شیرینی کوردی، ئەو کاتەبوو یەکەم گۆرانیم لەگەڵ موجتەبا تۆمارکرد کە ئەویش گۆرانی(هەی نابێ نابێ)یە کە پێشتر مامۆستا سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ئەو گۆرانییەی وتبوو، ئەو دەمە موجتەبا لە پۆلی پێنجی ئامادەیی بوو، هەم خوێندکار بوو هەم ڤیۆلۆنژەنێکی بەتوانای ئۆرکسترابوو، ئەو کاتەی ئەو کارەم لە رادیۆی کرماشان کرد دوو شت بۆ من زۆر سەرنجراکێش بوو: یەکەم ئەوەی کە موجتەبا لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا نۆتەی گۆرانییەکەی هەموو نوسییەوە. دووەم ئەوەبوو سەعاتێکی پێنەچوو کاری ئۆرکسترایییەکەی ئامادەکرد.

هەڵبەت ئەو کاتە دانەرێکی بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام توانی گروپەکەی کۆبکاتەوە و کارێکی هونەری جوان لە ماوەیەکی کەمدا بکات. ئەمە یەکێک لەو توانا گەورانەیە کە لە میرزادەدا هەبوو، هەروەها لەرووی تەکنیکەوە زۆر بەهێزبوو هەم لە دابەشکردنی کار و خوڵقاندنی جوانیدا، جگە لەوەش کەسێک بوو زوو شتی وەردەگرت و زووش دەیکردە بەرهەم، کە ئەمانە پێکەوە ئەو مرۆڤە رەسەنەی دروستکرد لە موزیکی کوردیدا، مامۆستایەک هەبوو بەناوی (موسەنن) کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە وانەی نۆتەی پێداوە، ئەم کورە بەشێوەیەک کە خۆی باسی دەکرد بۆم کاتێک کە خوێندکار بووە هەموو ساڵێک لە کرماشاندا خوێندکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان واتە (سنە، کرماشان، ورمێ، مەهاباد، شارەکانی تر) لە کرماشان یان شوێنێکی تر فێستیڤاڵی موزیکیان هەبووە، لەو فێستیڤاڵەدا هەر جارێک کە بەشداری کردبێت هەمیشە یەکەم بووە، بەڕاستی مرۆڤێکی هەڵکەوتوو بوو بە مناڵی تا ئەو کاتەی لەدنیا دەرچوو، پاش ئەوە ئیتر من میرزادەم نەدییەوە تاکو هاتە تاران و بووە خوێندکار لە زانکۆی موزیکدا. لە هەمانکاتدا لەرادیۆی ئێرانیش وەکو ڤیۆلۆنژەنێک وەرگیرا، دوای چوار ساڵ بەکالۆریۆسی لە موزیک وەرگرت لەو چوار ساڵەشدا بەردەوام بەشداری دەکرد لە کۆنسێرت و بەرنامە تەلەفزیۆنەکاندا، بەڕاستی کەسێکە پڕ بەرهەم بوو موجتەبا میرزادە لەگەڵ حەوت کەسی تر کە یەکێک لەوانە (حسێن یوسف زەمانی) بوو یەکێکی تر لەوانە (حەسەن یوسف زەمانی) بوو ئەوانی تریش فارس بوون، میرزادە لەوێش رابەری ئۆرکستراکە بوو کەمتر لە یەک سەعات پرۆڤەیان لە گۆرانییەکان دەکرد و لەوێ راستەوخۆ پێشکەشیان دەکرد و لە هەمانکاتیشدا هەر لەوێ تۆمار دەکرا. میرزادە لە رادیۆی تاران لەگەڵ ئێمە کاری دەکرد، دوایی بوو بەئەندامی شورای موزیکی رادیۆی ئێران، چونکە میرزادە جگە لەوەی کە باشترین ڤیۆلینی ئەژەنی، هەم جۆزە(کەمانچە)شی ئەژەند، لەگەڵ سێتار و پیانۆ و دەف و دایرە، یەکێک بوو لەو ئەندامانەی کە هەمیشە پرسیان پێدەکرد بۆ جۆری میلۆدییەکان و جۆری موزیکەکان، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێک کاری هەرە بەرزی بۆ لوڕستان کردووە، من بڕیارمدا کۆمەڵێک کاری تازە لەوێ بە یەکەوە بکەین، پەیوەندیم بە میرزادەوە کرد ئەویش نزیکەی چل کەسی لە موزیکژەنەکانی ئێران کۆکردەوە و نزیکی پانزە گۆرانی بۆ من تۆمارکرد، میرزادە لەو کارانەدا نەک تەنها موزیکەکەی ئامادەکرد، بەڵکو کاری میکس داونی موزیکەکەشی کرد کە ئەمە کاری هەموو کەسێک نەبوو دەبوو تەنها موزیسیان ئەو کارە بکات، ئەمەش یەکێکی تر بوو لە تایبەتمەندییەکانی میرزادە کە زۆر بە شارەزایی و سەلیقەیەکی جوانەوە ئەو کارەی دەکرد، جگە لەوە ئەم پیاوە مرۆڤێکی ئازادیخواز و بەهەست بوو لە هیچ کاتێکدا لە موزیکی کوردی دوور نەکەتەوە، میرزادە لەو کارانەدا کە بۆ منی کرد هەموو ئەو ئامێرانەی ژەنی کە دەیزانی وەک گۆرانییەکانی (نازدار و نازدار، بازی بێریان، هەڵاڵە، کەمەرەشل و چەند کارێکی تر) من بۆخۆم گۆرانی (نازدار)م زۆر لاجوانە و زۆر پێی موعجیبم لە رووی دابەشکردنەوە. لە رووی پەیوەندی میرزادە لەگەڵ موزیسیانەکانی تری ئەو کاتە خالقی وتی: میرزادە زۆر زۆر قسەخۆش و زۆر شاد کە هەموان خۆشیاندەویست، عادەتەن ئەوانەی کە لێپرساوی ئۆرکسترایەکن تا گۆرانییەک تۆمار دەکەن هەزار شەڕ و شۆڕ دەکەن، بەڵام میرزادە لەهەر کارێکی ئۆرکسترادا هەبوایە هەموان بە روویەکی شاد ئۆرکسترایان جێدەهێشت.



سەرچاوە
Serchawe



**عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە:**


**رێبەری ئۆرکێسترا ئەگەر میرزادە نەبوایە حەسەن زیرەک نەیدەتوانی گەلێک لەو کارانەی بکات**

بەشێک لە چێژی گۆرانی موزیکەکەیەتی، بەو پێیەی میرزادە چێژێکی تایبەتی بەخشیوەتە ئەو گۆرانیانەی کە کاری موزیکی بۆ کردون، عەبدوڵڵا جەمال وتی: گۆرانی و موزیک تەواوکەری یەکترن، سەبارەت بە میرزادەش یان هەر موزیکژەنێکی تر بێگومان رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دارشتنەوە و تۆمار کردنی هەر گۆرانییەکدا، دیارە میرزادە بەو توانا و لێهاتووییەی کە هەیبوە بێوێنەبووە و هاوکارێکی باشی گۆرانیبێژەکان بووە وەک حەسەن زیرەک و چەند هونەرمەندێکی تر، دەست و پەنجە و سەلیقە و شارەزایی ئەو دیارە کە مۆرکێکی کوردی زۆر جوان و ئاست بەرزی پێوەیە، تەکنیکێکی بەرزی هەیە کە لەو بروایەدام ئەگەر میرزادە نەبوایە حەسەن زیرەک نەیدەتوانی گەلێک لەو کارانەی بکات، میرزادە کاری بۆ زۆر هونەرمەند کردووە هەڵبەت من زانیاری کەمم هەیە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی، بەڵام توانایەکی بەهێزی تێدا دەبینم. میرزادە لە تەمەنی هەژدەساڵیدا دەبێتە رابەری ئۆرکستڕای رادیۆ کرماشان، ئایا میرزادە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەم رادیۆیە یان بە پێچەوانەوە؟ عەبدوڵڵا جەمال وتی: دیارە هەر رادیۆیەک کە دادەمەزرێت پێویستی بەموزیکژەنە، میرزادەش بەلێهاتوویی خۆی رۆڵێکی باشی لەو رادیۆیەدا بینیوە بەتایبەت لە تۆمار کردن و دابەشکردنی گۆرانییەکاندا کە شێوازێکی کوردی زۆر جوانی پێوە دیارە کە ئەمەش کاریگەری حۆی هەبووە، دوورنیە میرزادە رادیۆکەی بەرەو ئاراستەیەکی کوردی زۆرجوان بردبێت هەروەها دوریش نییە سوودێکی باشی لە رادیۆکە بینیبێت. بەو پێیەی میرزادە لە وڵاتێکی فارسی زمانی وەک ئێراندا کاری کردووە، بەڵام دەست و پەنجەی هەمیشە رەسەنایەتی کوردی پێوە دیارە، عەبدوڵڵا جەمال وتی: بە بڕوای من



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە کاریگەری حەسەن زیرەک بووە لەسەری، چونکە ئەمە قسەی میرزادە خۆیەتی کە چەندین شت لە حەسەن زیرەکەوە فێربووە، ئەو شێوازە کوردییە و ئەو مۆرکە کوردەوارییەی کە لەدەست و پەنجە و ژەنینی ئەو هونەرمەندە بەرزەدا هەیە کاریگەری حەسەن زیرەکە بە پلەی یەکەم پاشان لێهاتوویی خۆیەتی، ئینجا لە ئێراندا شتێکی زەحمەت هەیە ئەویش ئەوەیە موزیکی کوردی و فارسی تێکەڵاوە و بەهەمووی دەڵێن ئێرانی، کە ئەمە بۆ ئێمە رۆڵێکی خراپ دەبینێ، بەڵام ئافەرین بۆ ئەو گۆرانیبێژە یان ئەو موزیکژەنەی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژی و شێوازە کوردەوارییەکەی خۆی دەپارێزێت، میرزادە زۆر سەرکەوتوو بوو لەم لایەنەوە، بەهەمان شێوە حەسەن زیرەکیش بێوێنە بوو.



**نەجات ئەمین:**

## رێبەری ئۆرکێسترا دابەشکردنی موزیکەکانی میرزادە بۆ خۆی جوانکارییە لە گۆرانی کوردیدا

سەبارەت بەکارکردنی موجتەبا میرزادە لەگەڵ گەورە هونەرمەندانی وەک مامۆسا مەزهەری خالقی و حەسەن زیرەک و ئەو هونەرمەندانەی دەکەونە مێژووی کارکردنی ئەم موزیسیانەوە نەجات ئەمین وتی: پێم وایە ئەگەر میرزادە نەبوایە مەزهەری خالقی هەر گۆرانی دەوت و حەسەن زیرەکیش بەهەمان شێوە، بەڵام چۆنیەتی گۆرانییەکان لە چ ئاستێکدا دەبوو هەڵبەتە بەجۆرێکی تر دەبوو، دەنگی حەسەن زیرەک خۆی دەنگێکی رەسەنی کوردییە واتە بەمیرزادە نەبووەتە کوردی لەگەڵ ئەوەی میرزادە موزیکێکی جوانی بۆ ئامادەکردووە ئەمەش بۆ خۆی جوانکارییە لە گۆرانی کوردیدا. لەسەر کاریگەری موزیکی میرزادە لە پشت گۆرانییەکانی خالقی و زیرەکەوە نەجات ئەمین وتی: مامۆستا خالقی لەگەڵ مامۆستا حەسەن زیرەک هەندێک جیاوازییان هەیە، چونکە گۆرانییەکانی خالقی شێوەیەکی ئۆرکسترالی و سەمفۆنیان پێوەدیارە و میرزادەش کاریگەری خۆی

هەبووە لەسەریان، بەڵام گۆرانییەکانی زیرەک شێوەیەکی تریان هەیە و میرزادە وەک تیپێکی موزیکیی کاری بۆ کردووە، ئەوە میرزادەیە کە دوای حەسەن زیرەک کەوتووە و سەرسام بووە پێی، چونکە زیرەکی نەمر هەرچییەکت دەدایە لە (عەرەبی، تورکی، ئازەری) بەشێوەیەک دەیخوێند ئەتتوانی حاشای لێبکەی کە کوردی نەبێت. ئایا تەواوکردنی ئەکادیمیا چەندە پێویستە بۆ کەسێکی هونەری بەپێیەی میرزادە لە دوای کۆمەڵێک کاری ناوازە چووەتە ئەکادیمیا نەجات ئەمین وتی: بەڕای من هونەرمەند پێویستە ئەکادیمیا تەواو بکات، چونکە موزیک تەنها دەربڕینی هەست و ڕۆحیەتی خۆت نییە، ئەگەر ئەکادیمیایەک لە پشت ئەوەوە نەبێت ئاستێکی دیاریکراو و جێگیرت دەبێت، بەڵام میرزادە کە ئەکادیمیای نەخوێندووە وەک بروانامە نەیخوێندووە، بەڵام بە هەوڵی خۆی وانەکانی ئەکادیمیای لە شوێنەکانی تر پەیدا کردووە، لە لایەکی تریشەوە زۆر کەس هەیە ئەکادیمیای تەواو کردووە و ماستەریان هەیە و دکتۆراش دەخوێنن لەگەڵ ئەوەش ڕۆحیەتیان لە ئاستێکی بەرزدا نییە و لە تەکنیکی ئەکادیمی زۆر سوودوەرناگرن، لەبەرئەوە نە ڕۆحیەت بە تەنیا و نە ئەکادیمیا بە تەنیا دەتوانێت هیچ شتێک بکات، بەڵکو هەردووکیان تەواوکەر و گرێدراوی یەکن.

### دلێر حسێن:

### موزیکژەن تەکنیکەکانی دەست و پەنجەی میرزادە موڵکی خۆیەتی و هەر خۆی خوڵقاندوویەتی

سەبارەت بە تەکنیک و قورسایی موجتەبا میرزادە لە موزیکی کوردیدا دلێر حسێن وتی: میرزادە وەک ژەنەرێکی بەتوانا ئەو تەکنیکەکانی کە هەیبوو تایبەت بوو بەخۆی من وەک ئەوەی کە زۆر گەڕاوم لە ئێران و زۆر شوێنی تر و زۆر موزیسیانم بینیوە لەوە دڵنیام کە ئەو تەکنیک و دەست و پەنجەیەی میرزادە موڵکی خۆی بوو و هەر خۆی خوڵقاندبووی، ئەویش لە ئەنجامی گەڕان و گوێگرتنی زۆر و عەشقی بۆ موزیک، وەک گۆرانی کوردیش ئەو دەمەی کە کاری بۆ حەسەن زیرەک و مەزهەری خالقی و خەلیلی سدیقی و هەتا ماملێش کردووە کە زۆر شت لەوانە هێشتا نەگەیشتووە بە ئێمە، چونکە هەندێکیان بادینی بوون و خەڵکی شکاکی لای ناوچەی ڕەزائیە بوون کە کاریان لە کرماشان تۆمارکردووە، میرزادە قورساییەکەی ئەوەیە کە کاری دابەشکردنی موزیکی بۆ هەموو ئەمانە کردووە و سۆڵۆی زۆر جوانی لێداوە کە جێگەیەکی گەورەی پڕکردۆتەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چونکە ئەو دەمە ڤیۆلۆن تەنها کاری فارسی پێدەکرا، بەڵام میرزادە توانی مۆرکێکی کوردی ببەخشێتە ئەم ئامێرە کە زۆربەمان گوێمان پێی ئاشنایە. زیرەکی میرزادە ئەوەبوو ئەو تەکنیکانەی لە قوڕگی گۆرانیبێژەکاندا بیستویەتی وەک گۆرانییەکانی مامۆستا خالقی یان زیرەکی نەمر کە زیاتر کارەکانی ناوچەی موکریانە و هەندێک لە میلۆدییەکانیش کاری ئەو کوردانەی ناوچەی قوچانی لای مەشهەدە کە ئەو کوردانەن کاتی خۆی ڕاگوێزراون بۆ ئەوێ، میرزادە ئەو شێوانەی هەموو زانیوە و ئەو گۆرانییە کوردییانەی لەو ناوچەیە بەئامێری جوزەلەی کوردی و کەمانچە (جۆزە)ی قوچانی لێدراون ئەو توانی ئەو تەکنیک و مۆرکە کوردییانە زیندووبکاتەوە و بیانخاتە سەر

ئـامێری ڤیۆلۆن(ڤیـۆلین)، جگـە لـەوەش میـرزادە ئـەو موزیکانـەی کـە داینـاوە لـە رۆحـی گۆرانییەکەوە دەری هێنـاوە، چونکـە کاتێک گوێی لێدەگریت وا هەست دەکەیت ئەو موزیکە لەگەڵ ئەو گۆرانییە لە دایکبووە و وەک کارێکی فۆلکلۆر دێتە گوێمـان، بێگومان ئەمەش کاریگەری ئەوەیە کە وایکـردووە ئێمـەش لـە باشووری کوردسـتان لاسـاییمان کردوەتـەوە و کاتێـک کارێکمـان کردووە کاریگەری ئەومان بەسەرەوەیە. ئەگەر موزیکی کوردی بەزانستی بنووسرێتەوە وەک پرۆگرامێـک بـۆ خوێنـدن کارەکـانی میرزادە تا چەند پشتیان پێدەبەرسترێت؟ دلێـر حسێن وتـی: موزیکـەکانی میـرزادە هـەڵقولاوی قـوڕگی گۆرانیبێژەکانـە، ئـەم تەکنیکانەش ئەو کەرەستە خاوەن کە لـە موزیکی کوردیـدا هـەن و سەرچاوەکەشیان شاخ و گونـد و دەشـتەکانی کوردستانە، چونکە زۆربەی گۆرانیبێژە کوردەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان روویـان کردۆتە میـرزادە، پـارچەکانی کوردسـتانیش زۆر لەیـەک دەچـن بـۆ نموونـە لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان لـە ناوچـەی کرماشـان بـەولاوە گەرمیانـە وە ناوچـەی موکریـان هـەمووی کوێستانە زۆر لە باشووری کوردستان دەچێت، وەک چۆن ئەوان ناوچەی شکاکیان هەیە ئێمـەش بادینانمـان هەیـە، میرزادەش سوودی لـە هـەموو گۆرانیبێژەکـانی ئـەم ناوچانـە وەرگرتـووە و کردوویـەتی بـە تـەکنیک، ئەگـەر بێتـو رۆژێـک لـە رۆژان وەک موزیکی کوردی تەکنیک بنووسرێتەوە بۆ ئەو ئامێرانەی دەتوانرێت کاری کوردییان پێبکرێت و ئەو کار و تـەکنیکانەی میـرزادە بە نۆتە بنووسرێتەوە بە دڵنیاییەوە شوێنێکی گـەورەی دەبێـت وە دەتـوانین بـە نموونەیـەکی زینـدوو باسـی بکـەین لـەموزیکی زانستی کوردیدا.

سەرچاوە: کوردستـان و کورد – رێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## موجتەبا میرزادە، کەمانچەیەکی هێمن



ئەم دۆسێیە کە پوختەیەکە لە ناوەڕۆکی کتێبێکی نووسەر دلێر سەلیم بە ناونیشانی ((موجتەبا میرزادە شانازیی میوزیکی کوردی)) جگە لەوەی بەشێک لە ژیانی ئاسایی و هونەریی موزیسیان و هونەرمەندی گەورە موجتەبا میرزادە و ئاستەنگەکان و گەشەپێدانی هونەرەکەی و وێستگەکانی کارکردنی و ئاوازە نەمرەکانی تێدا خراوەتەڕوو، کۆی بابەتەکەش سەرنجێک لای خوێنەر دروست دەکات کە ئەویش بریتییە لەوەی زمانی هونەر و زمانی موزیک رۆحی گوێگر و بینەر و وەرگر دەبزوێنن، چونکە ئەگەرچی هەر نەتەوەیەک خاوەنی میلۆدی و ئاوازی تایبەت بەخۆشی بێت، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە ناتوانێت رێگربێت لەوەی سنوورەکانی هەستی نەتەوەی دیکە نەبڕێت، ئەوەی لێرەدا دەبێتە مایە سەرنج لای خوێنەر ئەو توانەوەیەی نێوان گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی کوردی موکریانە لەگەڵ موزیسیانێک کە گوێ ی میوزیکی و پەنجەکانی ژەنینی تا ناسینی حەسەن زیرەک لە ئاواز و میلۆدیی فارسیدا قەتیسماوە، بەڵام کارکردنی لەگەڵ زیرەکی نەمردا، هەستی هونەری بەسەر هەستی ناسیۆنالیستیدا زاڵ دەکات و هانی دەدات میوزیک و میلۆدی بۆ چەندین هونەرمەندی گۆرانیبێژی دیکەی گورد ئامادەبکات و بژەنێت.

دیارە ئەو هەستەش لای ئەو هونەرمەندانەوە پەیدا دەبێت کە لەناو هونەرەکەیاندا تواونەتەوە و لەناو رۆحی خۆیاندا هەموو سنوورەکانی جیاوازیی چینایەتی و نەتەوایەتییان تێپەڕاندووە، دەنا ئەگەر ئەو هەستە هونەریی و جیهانبینییە نەبوایە میرزادە لە دوای زیاتر لە دەیان ساڵ لە کۆچی دوایی حەسەن زیرەک، کەماڵی هونەریی خۆی نەدەگەڕاندەوە بۆ حەسەن زیرەک، بەڵکو پێچەوانەکەی پێ دەوتین،

## دۆسێ

### ئا: جەواد حەیدەری

کەم کەس هەیە لەناو کورد و گەلانی دیکەی ئێراندا ناوی موجتەبا میرزادەی نەبیستێبێت و گوێی لە کەمان و سێ تارەکەی ئەو نەگرتبێت و سەرمەست و دڵخۆش نەبووبێت بە ئاوازەکانی.

موجتەبا میرزادە پیاوێکی سەنگین و سەلار و بێدەنگ، هەرچەندە خۆی بێدەنگ بوو، بەڵام میوزیکەکەی هاوار دەکات، هاوار ئەمما چ هاوارێک، میوزیکەکەی خۆراکی مێشک و هێدی کەرەوەی دڵ و رۆح، ئارامکەرەوەی دڵی پڕ کەیل و کەسەر. ئەم بابەتە کە لەم دووتوێیە خراوەتە ڕوو هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەک کتێبی (موجتەبا میرزادە شانازیی میوزیکی کوردی) کە لە نووسینی دلێر سەلیمە.

### لە دەنگی حەسەن زیرەکدا خۆم دۆزییەوە

موجتەبا میرزادە ئاوازدانەر و میوزیکژەنی ناوداری کورد دەڵێت: ئەو میوزیکەی ئێستا دەیژەنم، تەواو گۆڕاوە، ئێستا میوزیکێکی کوردییە، ئێستا پەنجەکانم کوردی دەژەنێت، ئەوەم لە حەسەن زیرەک وەرگرتووە، لە دەنگی زیرەکدا توانیم شێوازی کوردیی خۆم بدۆزمەوە». ل ٢٢

موجتەبا میرزادە باس لەوە دەکات کە هەر لە منداڵییەوە خولیای میوزیک بووە، هەرچەندە لەناو بنەماڵەکەیاندا نە کەسێک هەبووە میوزیک بژەنێت و نە ئامێرێکی میوزیک لە ماڵەکەیاندا هەبووە. تەنانەت بنەماڵەکەیان وەک زۆربەی بنەماڵەکانی دیکە شەرمیان کردووە کە منداڵەکەیان بچێت بە لای میوزیکەوە. بنەماڵەکەیان، بنەماڵەیەکی هەژار بووە و تەنانەت رادیۆیەکیشیان نەبووە، هەربۆیە بەدزییەوە لە پشت دەرگاوە گوێی لە رادیۆی دراوسێکەیان گرتووە. لە

چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانیی کوردسات لە ساڵی ٢٠٠٥، ئاماژەی بەوە کردووە، لە پێنج ساڵییەوە میوزیکی ژەنیووە، بەڵام کەس گوێی لێنەگرتووە و بەس خۆی تێگەیشتووە کە چی دەژەنێت.

هەر لە منداڵیدا بنەماڵەکەیان لە کرماشانەوە دەچنە پارێزگای ئیلام، لەوێ لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا دەرفەتێکی بۆ هەڵدەکەوێت و فلوتێکی پلاستیکی دەستدەکەوێت و دەست بە فلوت ژەندن دەکات. باوکی هەمیشە لەگەڵ موجتەبا هەڵسوکەوتێکی توندی هەبووە و داوا لە کوڕەکەی دەکات بۆ ئەوەی «ئابڕووی بنەماڵەکەیان نەچێت»، دەست لە میوزیک و گۆرانی هەڵبگرێت. ماوەیەک دواتر برا گەورەکەی موجتەبا سەنتوورێک دەکرێت بۆ ئەوەی سەنتور لێبدات، بەڵام دوای چەند مانگێک براکەی هیچ فێر نابێت و پاشان سەنتوورەکە دەدات بە موجتەبا و ئەویش دەست بە سەنتوور ژەنین دەکات و بەبێ هیچ مامۆستایەک دوای ماوەیەک بە باشی فێری ژەنینی سەنتوور دەبێت.



موجتەبا میرزادە لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانییەک لەگەڵ حەسەن زیرەک

موجتەبا چونکە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و سەید بوون، لایان حەرام بووە کە منداڵەکانیان میوزیک بژەنن. سەرەڕای ئەم هەموو کەند و کۆسپەی بۆی دروست دەکەن، موجتەبا کۆڵ نادات و بە دوای خولیای میوزیکەوە دەبێت و خۆی دەڵێت: «ئەو میوزیکەی ئامادەی دەکەم و ئامێرەکەم دەری دەبڕێ، پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە وەک ناسنامە وایە، ئێوە کە دەیبیستن،



سەرچاوە
Serchawe

دەڵێن ئەوە ناسنامەی میرزادەیە».

موجتەبا باس لەوە دەکات کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی وانەیەکیان بە ناوی میوزیک هەبووە، کە مامۆستاکەیان «خان بابا خان خوسرەوانی» بووە کە خەڵکی ئەسفەهان بووە و کەمانی لێدەدا. لەو مامۆستایەوە شتێکی ئەوتۆ فێرنابێت، دواتر مامۆستایەکی فارسی دەبێت بە ناوی « فرووتەن» کە لە شەقامی شەریعەتی لە کرماشان فێرگەی میوزیکی هەبووە.

## کەمانگەر چی لەبارەوە دەڵێت؟

**لەوبارەیەوە محەمەد کەمانگەر هاوڕێی موجتەبا دەڵێت:** لە فێرگەکەی فرووتەن وانەی میوزیکم دەخوێند، میرزادەم لەوێ بینی، ڕۆژێک بەرلەوەی مامۆستا فرووتەن بێت بۆ فێرگە، موجتەبا دەستی بە ژەنینی میوزک کرد، لەپڕ فرووتەن هاتەژوورەوە و موجتەبا وەستا، فرووتەن پێی وت: بۆ وەستای بەردەوام بە، موجتەباش لەسەر میوزیک ژەنینەکەی بەردەوام بوو. دواتر فرووتەن بە موجتەبای وت: تۆ ئەوەندە باش کەمان دەژەنی، هاتووی فێری چیت بکەم؟ ل ١٤ و ١٥.

موجتەبا میرزادە ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە سنە و لەوێ لە بەرنامەی منداڵان کار دەکات. هونەرمەند حەسەنی کامکار کە سەرپەرشتی ئۆرکسترایەک لە ڕادیۆی سنە دەکات، دەبینێت کە موجتەبا باش کەمان دەژەنێت، داوای لێدەکات کە بچێت لەو ئۆرکسترایە کاربکات و موجتەباش دەچێت و ماوەی ساڵێک لەوێ کار دەکات. لەکاتێکدا کە تەمەنی ١٤ ساڵ بووە گەڕاوەتەوە بۆ کرماشان. ل ١٤

**ئەبولقاسمی پەرەندیان کە هاوڕێی میرزادەیە لەوبارەیەوە دەڵێت:** میرزادە هۆگری ژەنینەکانی پەروێز یاحەقی هونەرمەندی فارس بوو، ئەو شارەزاییەکی لە میوزیکی کوردیدا نەبوو، یان ڕاستتر بڵێین لێی تێنەدەگەیشت و میرزادە لە چالاکی قوتابخانەکاندا هەمیشە پلەی یەکەمی بەدەست دەهێنا. ل ١٥

## بۆچی میرزادە لە ڕادیۆی کرماشان وەرناگرن؟

ساڵی ١٩٦٠ کە ڕادیۆی کوردی لە کرماشان دەکرێتەوە، هەڵبەت پێشتریش هەبووە، بەڵام لەو ساڵەدا زیاتر دەبێت بە ڕادیۆیەکی کوردی. گرووپێکی میوزیک دروست دەبێت کە تایبەت دەبێت بە ڕادیۆی کرماشان. موجتەبا دەچێت سەردانی ڕادیۆکە دەکات بۆ ئەوەی لەوێ وەربگیردرێت، بەڵام بەپێی ئەوەی میردمنداڵێکە زۆر گرنگی پێنادەن و وەری ناگرن، پێیان باش

نەبووە کە منداڵێک لەو تەمەنەدا بێتە ناو ئۆرکستراکەوە. ل١٧

محەممەد کەمانگەر بێژەری ئەو کاتی رادیۆی کرماشان لەبارەی وەرگرتنی میرزادە لە رادیۆی کرماشان دەڵێت: میرزادە نەدەهاتە رادیۆ، چونکە دەیوت وەرمناگرن، چونکە جارێک چووە وەریان نەگرتووە، متمانەی بەخۆی نەبوو کە وەری بگرن، بەڵام من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە دەبێت میرزادە وەربگیرێت، ساڵی ١٩٦١ میرزادەم بە محەممەدی عەبدولسەمەدی ناساند کە ژەنیاری کلارنێت بوو و خەڵکی سنە بوو، میرزادە چەند خولەکێک کەمان دەژەنێت، عەبدولسەمەدی بەدڵی دەبێت بە تایبەتی کە هەرزەکارێک بتوانێت لەو تەمەنەدا بەو جۆرە کەمان بژەنێت. عەبدولسەمەدی لەبواری میوزیکدا کەسێکی شارەزا بوو، دەکرێت بە سەرپەرشتی ئۆرکسترای رادیۆی کرماشان و میرزادە وەردەگرێت.ل ١٨

یەکەمین کاری موجتەبا میرزادە لە رادیۆی کرماشان بۆ بەهاری ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە گۆرانییەک بوو بۆ «مورتەزا توندڕەو» لەگەڵ کچێک بە ناوی «وەجیهە» کە دەبوایە ئەو دووانە پێکەوە گۆرانی بڵێن، گۆرانییەکەش ناوی «کچی کرماشان» بووە. ١٩ و ٢٠

## چوونی حەسەن زیرەک بۆ رادیۆی کرماشان

حەسەن زیرەک ساڵی ١٩٦٢ دوای ئەوەی کە بەرنامەی کوردی لە رادیۆی تاران دادەخرێت، بەپێی بڕیارێک هەریەک لە شوکروڵڵای بابان و سەید عەزیزی عەلەوی و حەسەن زیرەک و میدیای زەندی دەگوازرێنەوە بۆ کرماشان. لەگەڵ هاتنی ئەوان، ناوی رادیۆی کرماشان دەگۆڕدرێت بە »دەنگی ئێران- بەشی کوردی» رادیۆ وەک خۆی نامێنێت، کە پێشتر ناوخۆیی بوو، بەڵکو لەڕووی ئامێر و دەنگ و تۆمارکردنەوە بەهێزتر دەکرێت و لەوکاتەوە رادیۆ کوردییەکەی کرماشان لە ناوخۆییەوە دەبێت بە نێودەوڵەتی و دەنگەکەی دەگاتە هەموو وڵاتان. لاپەڕە ٢١.

چوونی حەسەن زیرەک بۆ کرماشان گڕوتنێکی تایبەت بە میرزادە دەبەخشێت. دەنگی زیرەک بۆ میرزادە هیچ سنوورێک نازانێت، بەرلە هاتنی زیرەک بۆ کرماشان، میرزادە هەفتەی دوو رۆژ دەچوو بۆ رادیۆ، بەڵام کە زیرەک دەچێت بۆ رادیۆ، موجتەبا هەموو رۆژێک سەردانی رادیۆ دەکات و بەوەش ناوەستێت، سەردانی ماڵەکەشی دەکات و لەگەڵیدا دادەنیشێت. هۆگریی میرزادە بۆ حەسەن زیرەک وا دەکات کە هەستی کوردی لای میرزادە ببزوێنێت و دەنگی زیرەک پەنجەی میرزادە کوردیتر دەکات. لاپەڕە ٢٢.

میرزادە پێشتر ئەوندە ئاگای لە دنیای میوزیک و گۆرانی کوردی نەبووە، ئەوانەی کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ میرزادە بوون، ئەو راستییە دەزانن و خودی موجتەبا حەزی دەکرد وەک پەروێزی یاحەقی فارس بێت، بەڵام دواتر کە لەگەڵ حەسەن زیرەک ناسیاویی پەیدا کردووە، ئیتر پەنجەکانی بۆ ئەبەد دەبنە رێچکەیەکی تەواو کوردی.

جیاوازیی تەمەنی حەسەن زیرەک و میرزادە ٢٤ ساڵ بووە. هۆگریی میرزادە بۆ حەسەن زیرەک وادەکات کە رۆژ لە دوای رۆژ دەنگی کەمانەکەی میرزادە شیرینتر بێت و یەکەمین کاری میرزادە بۆ حەسەن زیرەک گۆرانیی ( قاسپە قاسپی کەو دێ) بووە.

حەسەن زیرەک بە موجتەبا میرزادە دەڵێت: کاتێک تۆ کەمانەکەت دەژەنیت، دڵم لەگەڵیدا دەردێنیت.

ساڵی ١٩٦٢ هونەرمەند مەزهەری خالقی دەچێتە رادیۆی کرماشان و گۆرانییەک تۆمار دەکات. خالقی لەگەڵ میرزادە دادەنیشن گۆرانی «هەی نابێ نابێ» ئامادە و تۆمار دەکەن و بەم شێوەیە ئەوە دەبێتە یەکەمین کاری میرزادە بۆ خالقی، ئەو گۆرانییە هەشت خولەک و ٣٧ چرکەیە، سەرەتا بە مەقامێک دەستپێدەکات و دواتر دەبێتە گۆرانییەکە. لاپەڕەی ٢٤ و ٢٥.

## میوزیک بۆ گۆرانی هەورامی دەژەنێت

ساڵی ١٩٦٢ هونەرمەند شەفیع کێمنەیی کە خەڵکی کێمنەی هەورامانە، ناوە ناوە سەردانی رادیۆکەی کردووە و گۆرانی هەورامی تەنها بە چەپڵە تۆمار کردووە، شەفیع پێی وابووە کە گۆرانی هەورامی ناتوانرێت لەگەڵ میوزیک بوترێت، بەپێی چەشنی گۆرانییەکە و وتنەکەی. میرزادە بە شەفیع دەڵێت: دەمەوێت بۆ یەکەمجار بە میوزیکەوە چەند گۆرانییەکی هەورامی تۆماربکەین، سێ گۆرانی هەورامی تۆمار دەکەن و ئەمەش دەبێتە مێژوو بۆ میرزادە کە بووە بە یەکەمین میوزیکژەن کە میوزیک بۆ گۆرانی هەورامی بژەنێت.

ئەوەی لێرەدا جێی داخە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە ئەرشیفی رادیۆی کرماشان لەناوچووە، بەشێک پێیانوایە دوای رووخانی شا، ئەو ئەرشیفە لەناو حەوشەی باڵەخانەی رادیۆ سووتێنراوە و هەندێکیش پێیانوایە ئەو ئەرشیفە براوە بۆ تاران و پاراستویانە و بڵاویان نەکردۆتەوە، هەردوو بۆچوونەکە راستە، چونکە بۆ هەردووکیان شایەتحاڵ هەیە. لاپەڕەی ٢٦ و ٢٧.



سەرچاوە
Serchawe

میرزادە سەبارەت بە حەزی خۆی بۆ میوزیک دەڵێت: هەر لە منداڵییەوە خولیای موزیک بووم، هەرچەند لەناو بنەماڵەکەماندا نە کەسێک میوزیکی دەژەنی و نە هیچ ئامێرێکی میوزیکمان هەبوو. ژەنینی من شتێکی سروشتییە و شتێک نییە کە من فێری بوو بێتم یان بە ئەنقەست وا بژەنم. هەستێک لە ناخمدایە و بۆ کەسیش ناگوازرێتەوە.

## خەلیل سەدیقی: ئەگەر میرزادە نەبێت گۆرانی ناڵێم

خەلیل سدیقی کە خاوەنی دەنگێکی تایبەت دەبێت، ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە کرماشان و بە نیاز بووە کە چەند گۆرانییەک تۆمار بکات. سدیقی مەقامێک ئامادە دەکات لە هۆنراوەی شاعیر ئەحمەد هەردی بە ناوی « فاتیمە» لەگەڵ میرزادە ئامادەی دەکەن بۆئەوەی تۆمار بکرێت، خەلیل سدیقی دەڵێت: گۆرانی ناڵێم ئەگەر میرزادە نەبێت. میرزادە سەبارەت بە خەلیل سدیقی وتویەتی: «دوای حەسەن زیرەک، خەلیل سەدیقی توانیی هەستم بجووڵێنێت».

## ماملێ و میرزادە

ساڵی ١٩٦٥ هونەرمەند محەمەدی مامڵێ دوو گۆرانی «لالە بە دەستان و هەی لێ لێ» لە رادیۆی کرماشان تۆمار دەکات. مامڵێ وتویێتی: زۆرجار لە کاتی گۆرانییەکاندا ئەوەندە سەرنجی دەست و پەنجەی میرزادەم دەدا، خەریک بوو گۆرانییەکەم لێ تێکبچێت. ل ٣١

رادیۆی کرماشان جگە لە بەرنامە هونەرییەکانی، چەندین بەرنامەی ئەدەبی و فەرهەنگی هەبووە و خاوەنی گوێگرێکی زۆریش بووە. کەسانی شارەزا لەو رادیۆیە کاریان کردووە، بەشێک لەوانە، شوکروڵڵای بابان، سەید تاهیری هاشمی، سەید عەزیز عەلەوی، محەمەد کەمانگەر، میدیا زەندی و... هتد. رادیۆی کرماشان خزمەتێکی زۆری بە هونەر و ئەدەبی کوردی کردووە.

## چەند گۆرانییەکی زیرەک لە کرماشان تۆمار کراوە

حەسەن زیرەک ماوەی چوار ساڵ لە رادیۆی کرماشان کاری کردووە و لەو چوار ساڵەدا گۆرانییەکی زۆری تۆمار کردووە و رای جیاوازیش هەیە لەسەر ژمارەی گۆرانییەکان. میرزادە خۆی وتویێتی ١٧٢ گۆرانی بۆ حەسەن زیرەک تۆمار کردووە کە ئێستا نزیکەی ٦٠ گۆرانی لە ئەرشیفدا ماون. میدیا زەندی خێزانی حەسەن زیرەک لە کتێبی چریکەی کوردستاندا نووسیویەتی:

«زیاتر لە هەزار گۆرانی لە رادیۆی کرماشان و تاران تۆمار کردووە». هەر لەو کتێبەدا شوکروڵڵای بابان وتویێتی: «١٥٠٠ گۆرانیی حەسەن زیرەک-مان هەیە. بۆ ئەو دوو قسەیە هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە، بۆیە دەکرێت باوەر بکەین کە حەسەن زیرەک نزیکەی ١٥٠ بۆ ٢٠٠ گۆرانیی تۆمار کردبێت کە ئێستا نیوەی ماوەتەوە.




میرزادە سەبارەت بە بەهرە و توانای حەسەن زیرەک دەڵێت: کاتێک گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکمان تۆمار دەکرد، ئەگەر بە هۆکارێک تۆمارکردنەکە دوابکەوتایە، ئەوا کاتێکی دیکە کە دەستمان پێدەکردەوە هەمان میوزیکمان لێ دەدا، بەڵام دەمانبینی زیرەک شیعرێکی دیکە دەڵێت کە هیچ پەیوەندیی بەوەی پێشترەوە نەبوو، ئەوکاتە چی بە خەیاڵدا بهاتایە دەیوت. زۆریش لە ناوەڕاستی گۆرانیدا مەقامی دەوت بێ ئەوەی ئامادەکاریی بۆ کرابێت، ئەمە هونەرە راستەقینە و خۆڕسکەکەی زیرەک بوو هەر ئەوەش بوو بە خاڵی سەرکەوتن لە هونەرەکەیدا. لاپەڕەی ٤٣.

## دەنگی زیرەک و کەمانی میرزادە

دەتوانین بڵێین کە دەنگی زیرەک و کەمانەکەی میرزادە تەواوکەری یەکتری بوون، زۆر جار ئەوە دەوترێت ئەگەر میرزادە نەبوایە، ئەو کارە جوانانەی حەسەن زیرەک دروست نەدەبوون و بە پێچەوانەشەوە ئەوەش دەوترێت ئەگەر دەنگی زیرەک

نەبوایە میرزادەش ئەو ناوبانگەی پەیدا نەدەکرد. ناکرێت غەدر لە کەسیان بکرێت، دوو هونەرمەندی بێ بەدیل بوون و تەواوکەری یەکتر بوون.

میرزادە لەوبارەیەوە وتویەتی: «ناتوانم لەسەر گەورەیی حەسەن زیرەک قسە بکەم، خەڵک چۆن دەتوانێ باسی دەریایەک بکات، زیرەک بێوێنە بوو و من هەر چییەک بڵێم کەمم وتووە، دڵنیاشم نە بەر لە زیرەک و نە دوای زیرەک، کەسێکی دیکە نییە جێگەی بگرێتەوە».

میرزادە ئاماژەی بەوەشکردوە باشترین سەردەمی ژیانی هونەری و باشترین چانسیش کە هەیبووە، ئاشنایەتی بووە لە گەڵ حەسەن زیرەک، دەتوانم بڵێم: حەسەن زیرەک بە هەژاری دەستی پێکرد و بە هەژاریش مرد، بەڵام گۆرانییەکانی لە پاشاییدا مانەوە. لاپەڕە ٤٥ و ٤٦.

حەسەن زیرەک ماوەی چوار ساڵ لە کرماشان دەبێت و دواتر ئەو شارە بەجێدەهێڵێت و بە ڕۆیشتنی زیرەک بێتاقەتی میرزادە دادەگرێت و ئەویش دوای شەش ساڵ کارکردن لە رادیۆی کرماشان ئەو شارە بەجێدەهێڵێت و ساڵی ١٩٦٧ روو دەکاتە تاران.

میرزادە بە دوو مەبەست دەچێتە تاران، یەکەمیان دەیەوێت بچێتە زانکۆ و بە شێوەیەکی زانستی میوزیک بخوێنێت و دووەمیش تێکەڵاوی دروست بکات.

بەشێک لەو گۆرانییانەی حەسەن زیرەک کە میرزادە کاری میوزیکی بۆ کردوون ئەوانەن: قاسپەی کەو، ئەرێ ناز، ئەو کچە لەو ماڵە، نارنج لەگەڵ هەرمێیە، واڕۆیی و بەجێیهێشتم، عەمرەکەم، کرماشان، هاتەوە با بێتەوە، هۆ لەیلی، کەتانە، لە سیلەی قەبران، لای لای سووره گوڵ، شازادەی ئێران، لۆرکێ، ماڵە بابم نەسرینە، مریەم بۆکانی، ناڵەشکێنە، نەمام نەمامە، گەوهەرێ، نامدوێنی، نەورۆز، نییە لە ماڵ، نیزام، ئامینێ، ئامینێ گیان ئەو ڕۆ ئەو ڕۆ، ئامین و ئامین، ئەمن بولبول ئەتۆ گوڵی، هەر وایە، سابڵاخ، مەقام و بەستەی شەو، ئەرێ بێنە، ئەرێ هۆ لەیلی، ئەسمەرا دولبەرا، ئەی کیژی لادێ، ئەی وەی لە گوڵ، ئایشیلێ ناسک و جوانی، سوێندم خواردووە، رەزییە، بەناز، بارانە، بەستەی با وابێ، باوانەکەی بابم، بۆچ ئەمنت ناوێ، وەک قومری، وەرە قوربان، کاکی رێبوار، خەمی خۆمە، بریندارم، چارۆکەت هەولێرییە، چارۆکە سوور تۆبە بێ، چاروکێ، دەنگی یار نایە، داینێ تۆ داینێ، دوگمەت داخە، ئایشیلێ نازەنینێ، یارەکەم بەڵالوکە، ئەمان سەبری، شاییە دەگەڕێ ئامۆزا. ل١٥٧ تا ١٦١.

میرزادە جگە لە حەسەن زیرەک، بۆ محەمەدی مامڵێ، عەزیز شارۆخ، مورتەزا توندڕەو، شەفیع کێمنەیی، رەزا سەقایی، خەلیل سەدیقی، مەزهەر خالقی، هاشم رەبیعی، فەتانە وەلیدی، ئیبراهیم خۆشنەوا، تاهیر تۆفیق، شەهرام نازری، مەهدی حوجەت سادات، ئەکبەر جەمیل پەنا و عەلائەدینی بابا شەهابی، حسێن شەریفی، ئیسماعیل سابووری، زۆر کەسی دیکە میوزیکی ژەنیوە.

لەناو فارسەکانیش بۆ زۆربەی هەر زۆری گۆرانیبێژەکانی فارس میوزیکی داناوە کە دەکرێت ئاماژە بە شەجەریان، عەلیڕەزا ئیفتیخاری، رامش، هایدە، مەهەستی، موعین ئەسفەهانی، ئەمانەڵلا تاجیک، گوگوش، پەیامی عەزیزی، فەرزین، هومایۆن کازمی، ئیرەج، ئیرەج مەهدیان، ئەفشین، مەرجان، لەیلا فروهەر، ئۆمید، شیلا، شەکیلا، حومەیرا و ... هتد.

## گۆرانی «شیرین گیان» هایدە و میوزیکی موجتەبا

میرزادە ساڵی ١٩٧٦ سەرپەرشتی ئامادەکردنی بەرهەمێک بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ (شەهاب جەزائیری) دەکات کە ئەو بەرهەمە لە شەش تراک پێکهاتبوو کە یەکێک لە گۆرانییەکان، گۆرانی شیرین گیان بوو، گۆرانیی شیرین گیان لە بنەڕەتدا هۆنراوە و ئاوازی هونەرمەند هاشمی رەبیعییە، موجتەبا میوزیکی بۆ ئامادەکردووە. ئەو گۆرانییە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. هونەرمەند هایدە گوێی لەو گۆرانییە دەبێت و رۆژێک دەچێتە ستۆدیۆ و میرزادە لەوێ دەبێت و داوا لە موجتەبا دەکات کە ئەو گۆرانییە بڵێتەوە، موجتەباش پێی دەڵێت: ئاوازەکە هی ئەو نییە و دەبێت مۆڵەت لە هاشمی رەبیعی وەربگرێت، هایدەش مۆڵەت لە رەبیعی وەردەگرێت و گۆرانییەکەی بە میوزیکی میرزادە تۆمار کرد و گۆرانی شیرین گیانی هایدە سنوورەکانی ئێرانیشی بڕی و لەناوچەکەدا دەنگی دایەوە، زۆربەی خەڵک وا دەزانن کە ئەو گۆرانییە هی هایدەیە، بەڵام لە راستیدا ئەو گۆرانییە لە بنەڕەتدا هی شەهاب جەزائیرییە و هایدە وتوێتییەوە.



سەرچاوە
Serchawe



موجتەبا میرزادە لەگەڵ کۆمەڵێک ژەنیار

## میرزادە بۆ لە ئەمریکا گەڕایەوە؟

موجتەبا میرزادە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ ڕێگەی ئەمریکا دەگرێتەبەر و سەردانی ئەو وڵاتە دەکات، لە ڕاستیدا میرزادە دەیویست بە یەکجاری لە ئەمریکا بگیرسێتەوە و لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەکەوە نەیتوانی زۆر لەو وڵاتە بمێنێتەوە و بە ناچاری گەڕایەوە بۆ ئێران، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنەکەی و هەردوو کچەکەی لە ئێران بوون و یەکێک لە کچەکانی خوێندکاری زانکۆ بووە. هەرچەند میرزادە خۆی حەزی دەکرد لە ئەمریکا بمێنێتەوە، بەڵام ناهیدی هاوسەری گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر میرزادە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و بە ناچاری گەڕایەوە. ناهید هاوسەری موجتەبا میرزادە سەبارەت بە گەڕانەوەی مێردەکەی دەڵێت: میرزادە حەزی لێ بوو بگەڕێتەوە، میرزادە لەو ماوەیەی کە لە ئەمریکا بوو، میوزیکی بۆ چەندین هونەرمەندی ناوداری ئێران ژەنیوە.

میرزادە زۆربەی ڕۆژەکان لە ئەمریکا یان لە ستۆدیۆ بووە یان لە هۆڵەکانی کۆنسێرت، بە بەردەوامی سەرقاڵی ژەنینی میوزیک بووە. لەوبارەیەوە هونەرمەند کاوە شێخ دەڵێت: سەرەتا کە چووینە ئەمریکا، لە واشنتۆن چووینە ماڵی د.بەرهەم ساڵح کە ئەوکات نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە ئەمریکا. لە واشنتۆن، چوون بە دوای میرزادەدا و هێنایان بۆ ماڵی د.بەهەرم و لە ژێرزەمینی ماڵی د.بەرهەم دەست بە مەشق و پرۆڤەی میوزیک دەکەن. ل:٨٩ و ٩٠.



سەرچاوە
Serchawe

میرزادە پاش ئەوەی لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، لەلایەن رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانەوە داوای لێدەکرێت بگەڕێتەوە بۆ رادیۆ و دەست بەکارکردن بکاتەوە، بەڵام سەرەتا رازی نابێت بگەڕێتەوە بۆ رادیۆکە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە میرزادە حەزی لەوە نەبووە لەژێر فەرمانی هیچ کەسێکدا کاربکات و هەروەها ئەو مووچەیەی کە دەیاندایە، لە ئاست میرزادەدا نەبووە. دواجار محەمەد ئەسفەهانی بەهەر جۆرێک بێت رازی دەکات بگەڕێتەوە بۆ رادیۆ و پاشان وەک ئەندامێکی فەخری دەگەڕێتەوە و وەک فەرمانبەرێک پابەند نابێت بە دەوامی رۆژانە و بەپێی پێویست دەچێت بۆ رادیۆ. ل ٩٦.

میرزادە پێی وابوو هەرچی میوزیکژەنی بە تواناو پرۆفیشناڵە یان خانەنشین کراون یان لە کارکردن ساردبوونەتەوە.

## دانانی میوزیک بۆ فیلم و دراما

موجتەبا میرزادە بۆ ٥٨ فیلمی فارسی میوزیکی داناوە و هەروەها بۆ دەیان دراماش میوزیکی ئامادە کردووە. خۆی لەبارەی موزیکی فیلم تێڕوانینی تایبەتی هەبووە و دەڵێت: میوزیکی فیلم، میوزیکێکی تایبەتە، نە میوزیکی گۆرانییە و نە ئاوازە، پابەندی چوارچێوەکانی میوزیکی کلاسیکیش نییە، میوزیکی فیلم میوزێکێکی داماڵینە.

فارسەکانیش رێزی تایبەتیان بۆ میرزادە هەیە و رێز لە کارەکانی دەگرن و پێیانوایە ئیتر میرزادەیەکی دیکە دووبارە نابێتەوە و ئەو تاقانەیە، هەر بۆیە دەڵێن: جیهان یەک میرزادەی هەبوو، دروست نابێتەوە. لاپەڕە ١٢٩.

## ئەو ناهەقییانەی کە دەرهەق بە میرزادە کراوە

میرزادە لە سەرەتای چوونی بۆ تاران هەتا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد، ناهەقی زۆری لێکرا. بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی بەڕێز و شەرمن بوو و هاوکاتیش هەمیشە بێدەنگ بووە، زۆر مافی خوراوە بە تایبەتی لەبواری میوزیکدا. چونکە هەندێک لە ئاواز و میوزیکی ئەو بە ناوی کەسانی دیکەوە بڵاوبوونەتەوە و خۆشی دەڵێت: بۆم گرنگ نییە کە ناوم دەهێنن یان نایهێنن، بەڵام هەموو کەس دەزانێت ئەوە منم و ئەوە شێوازی منە. لاپەڕە ١٢٣.

دیارە ئەو جۆرە لە بیرکردنەوەیە لە سادەیی و بەڕێزیی میرزادەوە بووە، چونکە لە داهاتوودا راستکردنەوەی ئەو بەرهەمانە سەخت و ئەستەم دەبن و لەسەر میرزادە هەژمار ناکرێن و هەتا مردیش ئەو بەرهەمانەی راست نەکردەوە کە بە ناوی کەسانی دیکەوە بڵاوبوونەتەوە و ئێستاش کە لە ژیاندا نەماوە زەحمەتە راست بکرێنەوە. لاپەڕەی ١٢٣.



سەرچاوە Serchawe

ناوی زۆر کەس دێت کە مافی میرزادەیان خواردووە، هەندێکیان پارەیان پێنەداوە، هەندێکی تر ناوی خۆیان لەسەر داناوە، یان بە ئەنقەست ناویان نەنووسیوە. لاپەڕەی ١٢٧.

ئامادەکردنی میوزیک بۆ میرزادە چەندین شێوەی جیاوازی پێوە دیارە، بۆ نموونە: ئەو کارانەی لە کرماشان کردوونی شێوەیەکن و دوای ئەوەی دەچێتە تاران چەند شێوەیەکی دیکەن، لە تاران تێکەڵ بە جیهانێکی فراوانتر دەبێت. لە کرماشان کارەکانی هەستێکی کوردانەی وەرگرتووە و ئەو کەشوهەوایەی کە تێیدا ژیاوە زۆر کوردی ترە لە چاو تاران. میرزادە خۆی لەوبارەیەوە دەڵێت: ژیانم لە کەژ و کیو و گوڵ و هەتاو و رووناکی بووە، قەت ناتوانم ئەم فەزایە لە فەزایەکی فارسیدا ببینمەوە، فەزای فارسی بۆ من فەزایەکی دەستکردە، دواجار من لە ژێر کاریگەریی میوزیکی کوردیدا میوزیکم ژەنیوە». لاپەڕە ١٤٣

## ژیاننامەی موجتەبا میرزادە

موجتەبا سەید تەقی میرزادە ناسراو بە موجتەبا میرزادە رۆژی ١٧ - ٣ - ١٩٤٥ لە شاری کرماشان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی سەید دا لە دایکبووە و رۆژی ١٧ - ٧ - ٢٠٠٥ بە هۆی نەخۆشییەوە لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد و لە بەشی هونەرمەندان لە گۆڕستانی «بەهەشتی زەهرا» لە تاران بەخاکسپێردرا و خاوەنی دوو کچ بووە.

کتێبی «موجتەبا میرزادە شانازیی میوزیکی کوردی» لە دوو تووێی ٢٠٧ لاپەڕە لەلایەن دلێر سەلیمەوە نووسراوە و دەزگای فام چاپ و بلاوی کردۆتەوە. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەی بەوەکردووە ماوەی ١٠ ساڵ لەسەر ئەم کتێبە کاری کردووە و راستگۆیانە مامەڵەی لەگەڵ قۆناغەکانی ژیانی میرزادە دا کردووە.

## سەرچاوەکان:

کتێبی: موجتەبا میرزادە شانازیی میوزیکی کوردی


چەند ماڵپەڕێکی فارسی





سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ – ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری کتێبی موجتەبا میرزادە




لەو ڕۆژانەدا کتێبێکمان لەسەر ژیانی هونەرمەندی مەزنی گەلەکەمان موجتەبا میرزادە بەدەست گەیشت کە بەڕێز دلێر سەلیم نووسیویەتی. ئێمە کتێبەکەمان خوێندەوە و پێمان وایە کتێبێکی باش و بەنرخە. کاک دلێر ماوەیەکی زۆر زەحمەتی بەم کتێبەوە کێشاوە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر کارەکانی موجتەبا میرزادە کردووە. بۆیە هەوڵماندا چاو پێکەوتنێکی لەگەڵ ساز بکەین و ئەو پرسیاریارانەی هەمان بوو ئاڕاستەی بکەین. بەخۆشحاڵیەوە کاک دلێر ئەو داواکاریەی ئێمەی قەبووڵ کرد و ئەوەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:

**پرسیار: پێشەکی سپاست دەکەین بۆ ئەوەی ئەو هەلەت پێداین بتوانین ڕاستەوخۆ ئەو چاوپێکەوتنەت لەگەڵ ساز بکەین. دەکرێ بە کورتی هەندێک باسی خۆتمان بۆ بکەی؟**

**وەڵام**: زۆر سوپاس بۆ ئێوەش، خەڵکی شاری کەرکوکم و هەر لەوێ لە دایک بوومە، بەڵام بەهۆی کورد بوونمان لە سەردەمی ڕژێمی سەدام لەو شارە دەرکراین و ڕوومان کردە هەولێر. قۆناغەکانی خوێندنم لە هەولێر تەواو کردووە،

دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێرم بەشی میوزیک. ماوەی ١٥ ساڵ لە بواری ڕاگەیاندن کارم کردووە لە بواری دەنگ دا، ئێستا لە کۆمپانیایەک کار دەکەم.

**پرسیار**: چۆنیەتی بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە چۆن دروست بوو و چی بوو وایکرد کە دەست بە نووسینی ئەم کتێبە بکەی؟

**وەڵام**: کاتێک قوتابی پەیمانگە بووم لە بەشی میوزیک هەستم دەکرد بۆشاییەکی گەورە هەیە لە بواری مێژووەوە لەسەر ڕابردوومان، ئەوەی دەخوێندرا باسکردن بوو لە مێژووی میوزیکی جیهانی و کەمتر مێژووی هونەری کوردی. لە قۆناغی کۆتایی خوێندنەکەم دەبوو توێژینەوەیەک پێشکەش بکرێت و هەر قوتابییەک بابەتێک هەڵبژێرێ بۆ توێژینەوە، منیش بێ هیچ دوو دڵییەک بڕیارمدا لەسەر هونەرمەند (موجتەبا میرزادە) کار بکەم، چونکە لەگەڵ چوونم بۆ پەیمانگە میرزادە یەکێک بوو لەوانەی سەرسام بووم بە شێوازی ژەنینی و ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدرابۆوە، بۆیە بە ئەرکی خۆمم زانی توێژینەوەی لەسەر بکەم و پاش توێژینەوەکە پڕۆژەکە گەورەتر بکەم بۆ کتێب بۆ ئەوەی بگات بە هەموو لایەک.

**پرسیار**: چۆنە کاتێک میرزادە لە ژیاندا مابوو لە بیری شتێکی وا دا نەبووی؟

**وەڵام**: بەداخەوە ئاستی تێگەیشتنم بۆ میوزیک و هونەر بەو جۆرە کامڵ نەبوو کە تا لە ژیاندابوو ئەو کارەم بکردایە، چونکە تەمەنم کەمتر بوو، پاشان بارودۆخی ژیان و کەشوهەواکە ئەو دەرفەتەی نەدەڕەخساند کە بیر لە بابەتی وا بکەمەوە، بەداخەوە ئەو ساڵەی کە کۆچی دوایی کرد ئیتر لای من بوو بە پرسیار! بۆ دەبێ کەمترین زانیارییمان لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندێکی وەک میرزادە هەبێت! زۆر شتی تر کە بەردەوام بیرم لێدەکردەوە، ئەوەبوو چوار ساڵ دوای کۆچەکەی بە شێوەیەکی کرداری دەستم بە گەڕان و نووسینی کتێبەکە کرد.

**پرسیار**: ئەو چەند جارەی میرزادە هات بۆ باشووری کوردستان، دەرفەتی ئەوەت هەبوو لە نزیکەوە بیبینی یا لە کۆڕێکدا بەشدار بی کە ئەوی لێ بوو؟

**وەڵام**: بیرمە کە هاتە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٥، ئەمە یەکەمجارە دەیڵێم! زۆر حەزم لێ بوو بڕۆم و لە نزیکەوە بیبینم بەڵام پارەم پێ نەبوو بچم بۆ سلێمانی، واتە پارەی کرێی تاکسی، ئەوە خەمێک بوو تا ماوەیەکی زۆر هەر بیرم لێ دەکردەوە. بێ شەنسی من هەر ئەو ساڵە میرزادە کۆچی دوایی کرد.



**پرسیار**: بۆخۆت کەی ئەلاقەت بە کارەکانی موجتەبا میرزادە پەیدا کرد و کام بەرهەمی یەکەم جار بۆلای خۆی ڕاکێشای کە حەز بکەی زیاتر لەسەر ژیانی میرزادە لێکۆڵینەوە بکەی؟

**وەڵام**: هەڵبەت پێش ئەوەی ناوی بزانم ئاشنای میوزیکەکەی بووم، نەمدەزانی کێیە! بەڵام هەستم دەکرد پیاوێکی تەواو کامڵە و لە دەوری چل ساڵی دایە، هەر کاتێک لە ڕادیۆوە گوێم لە حەسەن زیرەک دەبوو میوزیک و کەمانەکەم زۆر پێخۆشبوو یانی بە قەد دەنگی زیرەک میوزیکەکە جوان بوو، ئەو گۆرانییەی کە زیاد لە پێویست حەزم لێی بوو ئێستاش هەر جوانترین گۆرانی حەسەن زیرەکە لای من، گۆرانی (مریەم بۆکانی)یە. میوزیکی ئەو گۆرانییە بۆمن زۆر جیاوازە هەرچەندە سادەیە بەڵام پڕ هەستە. شێوازی ژەنینەکەی وایکرد بیر بکەمەوە کتێبێکی لەسەر بنووسم بۆ ئەوەی بۆ مێژوو بمێنێتەوە کە کورد خاوەن باشترین ژەنیاری ئامێری کەمانە و نەوەی داهاتوو ناوی ئەم هونەرمەندەیان لا نامۆ نەبێت و بتوانن توێژینەوە و کتێبی زیاتری لەسەر بنووسن.

**پرسیار**: چ ساڵێک دەستت بە نووسینی کتێبەکە کرد و کەی ئامادە بوو بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە؟

**وەڵام**: بە شێوەیەکی پراکتیکی کە دەستم پێکرد هاوینی ٢٠٠٩ بوو، سەرەتا چوومە ئێران و لە تاران لەگەڵ هاوڕێ و کەسە

نزیکەکانی گفتوگۆ و بەدواداچوونم بۆ کرد، لە مانگی ٨ی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوم کردەوە.

**پرسیار**: هۆیەکەی چی بوو ئەو هەمووە کاتەی گرت تا کتێبەکەت تەواو بوو بۆ چاپ؟

**وەڵام**: دۆکیۆمێنت و نووسین لەسەر میرزادە زۆر کەم بوون، ئەوانەی هەبوون زیاتر پیا هەڵدان و چەند زانیارییەکی کەمی دووبارە بوون کە بەشی زۆریان لە یەکترییان کۆپی کردبوو، بۆ نموونە، بابەتێک لەسەر میرزادە دەنووسرا هەندێکی هەڵە بوون هەندێکی تری شتێکی وا نەبوون کە بڵێین زانیارییەکی باشە جا ئەم بابەتە لە ١٥ بۆ ٢٠ شوێنی جیا لە ماڵپەر و گۆڤار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەمان شت دەوترانەوە بێ ئەوەی هیچ زیادەیەکی بکەنە سەر، تەماشام کرد هیچ لەمانە سوودێکی وا بە کتێبەکەی من ناگەیەنن بۆیە بڕیامدا بە شێوەیەکی مەیدانی کارەکە بکەم. هەموو زانیارییەکانم لەو کەسانە وەرگرتووە کە لەگەڵ خودی میرزادە بوون؛ چ کاریان چ ژیانیان، یانی ئەگەر کەسێک بیکوتبا بیستوومە میرازدە فڵانە کاری کردووە یا بەسەرهاتێکی باس بکردایە ئەو قسانەم وەر نەدەگرت. زۆر بەکەمی هەبووە زانیارییەک بنووسم لە کەسی سێیەمەوە و بۆ ئەوەش متمانەم هەبووە کە کەسی سێیەمەکە نزیکی هاوڕێ یا هونەرمەندەکەی میرزادە بووە بۆ نموونە: زانیاریم لە کاک وریا ماملێ وەرگرتووە لەسەر هونەرمەند محەمەدی مامڵێ کە زانیوومە ئەوەی دەیڵێت ڕاستە، جگە لەوە پەیداکردنی ئەو کەسانە لەگەڵ میرزادە بوون ئاسان نەبوو، بەڕاستی دۆزینەوەیان هەم ماندووبوون بوو هەمیش ئازاری دەروونی کە نامەوێ زۆر بچمە نێو بابەتەکەوە. هۆکاری دواکەوتنی کتێبەکە ئەمانە بوون و لەگەڵ ئەوەش دەمویست ورد بنووسم تەنیا پڕکردنەوەی لاپەڕەکان نەبێت.

**پرسیار**: کاتێک کتێبێکی وا دەنووسی، زەحمەت و کێشەکان چیە وەک نووسەر ڕووبەڕووی دەبییەوە؟

**وەڵام**: کاتێک کەسێک بیەوێت کتێبێک بنووسێت کە تا ڕادەیەک پەیوەندی بە مێژوویشەوە هەبێت بێگومان بەدواداچوونی وردی دەوێت، جیا لەوە ئەگەر بێتو زانیاری لەسەری کەم بن! بۆمن چەند ئاستەنگێک هەبوون یەکێک لەوانە ئەوەیە کە من خۆم لە باشووری کوردستان و کارەکتەری کتێبەکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوو، زۆرینەی مێژووی موجتەبا میرزادە لە ئێران بووە؛ ژیان و سنووری کارکردنی. بۆیە دەبوو یا سەردانی ئێران بکەم یاخود پەیوەندی بکەم بە کەسە نزیکەکانیەوە، بەڕاستی هەردووکیان بۆمن ئاستەنگێکی گەورە بوون تا کۆتایی چاپکردنی کتێبەکە. دەستکەوتنی وێنە و تۆماری ڤیدیۆیی، دۆزینەوەی زۆرینەی کارەکانی، ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، سنووورداری لایەنی دارایی، ئەمانە چەند ئاستەنگێک بوون کە هاتنە پێشم لە نووسینی کتێبەکەدا.

**پرسیار**: پێت وایە کەسانێک هەن کە زانیاری زیاتریان هەیە لەسەر ژیانی ئەم هونەرمەندە بەڵام هاوکاریان نەکردووی، ئەگەر وایە بڵەی هۆیەکەی چی بێ؟

**وەڵام**: بەڵێ بەدڵنیاییەوە! چونکە ئەو هەموو کارەی میرزادە کردوونی بێگومان بەر چەندین کەس کەوتووە، هەر لە هونەرمەندەوە بیگرە تا کەسی ئاسایی. کەوابێ خەڵکانێک هەن زانیاری باشیان لەسەر هەیە هەتا وێنە و تۆماری ڤیدیۆیی و دەستنووسیشان لایە، بەڵام ئامادە نین بیبەخشن لە پێناو ئەوەی خزمەتەکە گەورەتر بێت، کاتێک ئەم قسانە دەکەم بە بەڵگەوە دەیڵێم، خەڵکانێکی زۆر هەبوون ئامادە نەبوون هیچ یارمەتییەکم بدەن لە پێدانی زانیاری ئەو بەڵگانە، هەبوو بەڵێنیان دەدا پاشان خۆیان دەشاردەوە یا بە هەر هۆکارێک بێت پەشیمان دەبوونەوە، هەبوو وەڵامیان نەدەدامەوە. جا هەر ئەو کاسانە لە یادکردنەوەی میرزادە یاخود بابەتێک پەیوەندی بە میرزادەوە هەبێت خۆیان دێننەوە پێشەوە و قسەی گەورە دەکەن وەک بڵێی میرزادە لەوان ڕۆیشتووە. تێگەیشتم کە بەشێکیان لە ئیرەیی پێبردن بوو، بەشێکی تر لە نا دڵسۆزییان بوو بۆ میرزادە.

**پرسیار**: لە زۆر کەس زانیاریت لەبارەی میرزادە وەرگرتووە بەڵام وێناچێ لە گەڵ خێزان و کچەکانی قسەت کردبێ؟

**وەڵام**: پێموایە دووەم کەس یا سێیەم کەس قسەم لەگەڵ کردوو چوومە خزمەتی لە تاران، خاتوو (ناهید) خێزانی موجتەبا میرزادە بوو، پرسیارەکانم زۆر بوون کە دەمویست بیکەم بەڵام ئەوەی مەبەستم بوو دەستم نەدەکەوت، بەشێکیان وەڵامەکان کورت بوون کە سوودێکی وایان نەبوو، بەداخەوە پێمخۆش بوو زۆرترین و دروسترین وەڵامم دەستکەوتایە. سەبارەت بە کچەکانی کە پێموابوو دەیانتوانی زۆرێک لە پرسیارەکانم وەڵام بدەنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هاوسەرگیرییان کردبوو و ئەوکاتیش لە ماڵ نەبوون ئەو دەرفەتە نەڕەخسا، دوایی چەند ساڵێک دیسان هەوڵمدایەوە بەڵام جێبەجێ نەبوو.

**پرسیار**: بێجگە لەوەی کتێبەکەتان زانیاری زۆر بەنرخی تێدا لەسەر ژیان و کارە هونەریەکانی میرزادە، بەڕای ئێمە خۆشت بیر و بۆچوونی جوانت هەیە لەسەر کارەکانی. جەنابتان دەستی کاری هونەریتان هەیە یا هەر وەک هونەردۆستێک ئەو شتانەت وا جوان هەڵسانگاندووە و نووسیوتن؟

**وەڵام**: بەشێوەیەکی زانستی میوزیکم خوێندووە بەڵام پێش ئەوەی میوزیکیش بخوێنم گوێگرێکی باشی گورانی و میوزیکی کوردی بوومە، هەر لە منداڵییەوە گوێم گرتووە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ماڵی نەنکم بە تایبەت خاڵۆکانم کە لە ڕێی ئەوانەوە توانیم ئاشنا بم بە دەنگی باش و کتێب بناسم، ئەمە بووە بناغەیەک بۆ ئەوەی بەردەوام هەوڵ بدەم و هونەرمەند و کەسایەتییەکانم بناسم. سەبارەت بەوەی کاری هونەری بکەم نەخێر چونکە دوای ئەوەی پەیمانگەم تەواوکرد



خۆم تایبەت کرد بە نوسین و لێکۆڵینەوە لەسەر گۆرانی و میوزیک، جیا لەوەی حەزم لێبوو هەستم بە بۆشایی دەکرد کە نووسەرمان کەمن لەو بوارە، هەستم کرد لەو بوارە زیاتر دەتوانم خزمەت بکەم وەک لە کاری هونەری بەشێوەیەکی پراکتیکی.

**پرسیار**: ئەویندارانی موسیقا و هونەری کوردی چۆن و لە کوێ دەتوانن کتێبەکە بەدەست بێنن؟

**وەڵام**: ئەم کتێبە لە باشووری کوردستان دەست دەکەوێت لە کتێبخانەی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە سنە و مەریوان دەست دەکەون، لە دەرەوەی وڵاتیش لە سوید و بەریتانیا هەن بەڵام لە کتێبخانەکان نا تەنیا لە لای چەند دۆستێکن کە هەرکەسێک داوای بکات بۆیان دەنێرن. بەداخەوە بەشی بڵاوکردنەوە کێشەیەکی گەورەیە بە تایبەت بۆ هەندێک بوار کە هێشتا ئەو بایەخەی نییە لە لای ئێمە، بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی پەیوەندی و برادەری کارەکان بکەیت و بەشێوەیەکی فەرمی ناتوانی بیگەیەنیت بەهەموو شوێنێک.

**پرسیار**: بێجگە لەو کتێبە بڵاوکراوەی تریشتان هەیە؟

**وەڵام**: بەڵێ کتێبێکی ترم هەیە دوای موجتەبا میرزادەکە بە ٤ مانگ بڵاوم کردەوە بە ناوی (زانستی دەنگ) کە نزیکە

حەوت بۆ هەشت ساڵ خەریکی نووسینی بووم. کتێبەکە باس لە بواری دەنگ ئەکات بەشێوەی سادە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت زانیارییان هەبێت جا چ هونەرمەند یا میدیاکار و خەڵکی ئاسایی، مەبەستی سەرەکیم ئەوە بوو خەڵکی ئێمە ڕۆشنبیری دەنگییان هەبێت و بزانن گرنگی دەنگ چییە، جیا لەوەش زانیارییەکە بۆ ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی پراکتیکی لە بوارەکەدان.

**پرسیار**: ڕۆژانە سەرقاڵی چیت و پرۆژەی داهاتووت چیە؟

**وەڵام**: ڕۆژانە لە کۆمپانیایەک کار دەکەم کە تایبەتە بە بواری ئینتەرنێتی ماڵان، وتەبێژی کۆمپانیا و لە بەشی کوالیتی کۆمپانیاکەشم. وەکو پرۆژە شتێکی دیاریکراوم نییە هەر کاتێک بمەوێت کتێبێک یا کارێک بکەم تا ئەو ڕۆژەی ئامادە دەبێت بۆ بڵاوکردنەوە قسەم لەسەر نەکردووە، بەڵام ڕۆمانێک هەیە کە خەریکی نووسینیم کە لە ٢٠١٦ ەوە دەستم پێکردووە جا نازانم کەی تەواو دەبێت یاخود بۆم تەواو دەکرێت یا نا.

**پرسیار**: لە کۆتاییدا زۆر سپاست دەکەین و هیوای تەمەندرێژی بۆ جەنابتان ئاواتەخوازین و هیواداریین هەر سەرکەوتوو بی لە کارەکانی داهاتووتدا.

**وەڵام**: زۆر سوپاس بۆ ئێوەش، سوپاس بۆ پرسیارەکانتان کە زۆر جوان بوون، هیوادارم بەردەوام بن لەم بوارەدا.





موجتەبا میرزادە لە دەورانی منداڵیدا خەریکی ژەنینی ئامێری سەنتوورە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردلاند - ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## چاوخشاندنێک بەسەر ژیانی هونەری هونەرمەند موجتەبا میرزادە

**خالند عجمی**

هونەرمەند موجتەبا میرزادە لە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاوی لە کرماشان لەدایک بووە. بەوجۆرەی کە دایکی بۆی گێڕاوەتەوە، ناوبراو هەر لەتەمەنی سێ ساڵیدا بەهۆی ئەوەی کە گوێی لە مۆسیقای ڕادیۆی دراوسێیەکیان گرتووە، هەر لەو سەردەمەدا خولیای مۆسیقا لە دەروونیدا گەرای کردووە و وردە وردە بە پێی هەل و مەرجی ژیان خۆی پێگەیاندووە.



میرزادە لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا ئامێری وێلۆنی کڕیوە، بەڵام لە فێربوونی ئەم هونەردا هیچ مامۆستایەکی نەبووە و کلاس و وانە و دەرسی هونەری تێپەڕ نەکردووە و هەرچی هەیبووە تەنیا هەست و توانای خودا پێداو و حەول و تەقەلای خۆی بووە. ئەو لەسەر ڕێچکەی هونەری خۆی دەڵێت:"من لەکاری هونەری خۆمدا ڕێچکەی (پەرویز یاحەقی)م وەک وێنەیەک لەپێش چاو گرتووە."



ئەم هونەرمەندە ساڵی ١٣٣٨ دەچێتە شاری سنە و لە ئۆرکێسترای ئەم شارە کە هونەرمەند حەسەن کامکار سەرپەرەشتی کردووە پەرە بە هونەرەکەی دەدات، دوای ساڵێک بۆ کرماشان دەگەڕێتەوە و لەڕادیۆ کرماشان دەگیرسێتەوە. هەر لەم ساڵەدا لە ئۆردووی سەرانسەری ڕامسەر پلەی هەوەڵ لەلێدانی ئامێری وێڵۆن بۆخۆی مسۆگەر دەکات و لێهاتوویی خۆی دەسەلمێنێت. بە هۆی هاتنی مامۆستا حەسەن زیرەک لە ڕادیۆ تاران بۆ ڕادیۆ کرماشان گۆڕانێکی بەرچاو لەژیانی هونەری میرزادە دێتە کایەوە و زیرەک بە گووتنی ئاواز و مەقامە ڕەسەنەکان هەستی میرزادە بە مۆسیقای کوردی وەجۆش دەهێنێت.



میزرادە بێجگە لە مامۆستا حەسەن زیرەک، لەگەڵ هونەرمەندانی تری دیکە وەک خەلیل سەدیقی، محەممەد مامڵێ، تاهیر

تۆفیق، عەلی مەردان، مەزهەر خالقی، هاشم ڕەبیعی، ئیبراهیم خۆش نەوا بەرهەمی جۆراوجۆری لێ تۆمار کراوە.

بەداوی ئەم هونەرمەندانە، دەنگێکی ئەوتۆ لەڕادیۆ کرماشان بەدی ناکرێت کە سرنجی میرزادە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هەر بۆیە لەساڵی ١٣٤٦ ڕێگای تاران دەگرێتە بەر و بە پلەی سێهەم لەزانکۆی هونەرەجوانەکانی تاران وەردەگیرێت، ئەمەش بازنەی تێکۆشانی هونەری میرزادە بەرفراوانتر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ هونەرمەندگەلێکی وەک: مورتەزا حەننانە، جەلیل شەهناز، حسێن یاحەقی، حەسەن کەسایی و... لە ئۆرکێسترە گەورەکانی وەک: فاڕابی، نەکیسا، باربۆد و هەروەها بەرنامەی (گۆلهای) ئەوکات بە تەکنەوازی (سۆلۆ) لەگەڵ ئاوازخوێنەکانی ئەو سەردەم وەکوو ئیرەج و گۆلپایەگانی هونەری خۆی بنوێنێت.



موجتەبا لەڕادیۆ کوردی تاران لەگەڵ مامۆستایان حەسەن و حسێن یۆسفزەمانی بەرهەمی کوردی ڕێک و پێکی تۆمار کردووە. دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی سەرپەرەشتی ئۆرکێستڕای ڕادیۆ ئێران بە ناوبراو دەسپێردرێت، لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٠٠ بەرهەم بۆ دەنگ و ڕەنگ تۆمار دەکات.

ناوبراو لەم ساڵانەدا گەلێک بەرهەمی بەنرخی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ مامۆسا مەزهەر خالقی زیندوو دەکاتەوە کە بەرچاوترینیان ئاڵبۆمی "هەڵاڵە"یە.



سەرەڕای ئەو هەمووە خزمەتەی کە موجتەبا میرزادە لەدەنگ و ڕەنگ کردی، بەڵام لەبێلوتفی کاربەدەستانی ئەو کاتی ناوەند بێبەش نابێت و لەسەر کار لادەچێت. بەڵام ئەم لەسەرکار لابردنە نابێتە هۆی ئەوەی کە میرزادە لە دونیای مۆسیقا و گۆرانی دوور بکەوێتەوە و گەلێک بەرهەمی بەنرخی دیکە لەگەڵ مامۆستایان عەزیز شاڕووخ، شەهرام نازری، حسێن شەریفی، پەیام عەزیزی، عەلیڕەزا ئیفتیخاری، محەممەدڕەزا شەجەریان و... تۆمار دەکات.

میرزادە لەکاری مۆسیقی فیلمیشدا توانایی خۆی نواندووە، بە جۆرێک کە مۆسیقای بۆ زیاتر لە ٤٠ فیلمی داڕشتووە کە هەوەڵینیان فیلمی (درۆشکەچی) بووە.



موجتەبا میرزادە پاش ٦٠ ساڵ خزمەت بە دونیای هونەری کلاسیک، بەتایبەتی هونەری کوردی لە ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی مۆمی ژیانی دەکوژێتەوە و لە تاران ئەسپاردەی خاک دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی: پایگاه خبری هاژە - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠٢٢

## "بەرهەمەکانی میرزادە بەڕاستی کوردین و کوردانەیە"



### دیدار لەگەڵ ئەرسەلان کامکار دەربارەی موجتەبا میرزادە

**پرسیار**: **لە کام بوار لەو بوارە جیاوازانەدا کە کاری کردووە، بە سەرکەوتووتر دەزانیت؟**

**ئەرسەلان کامکار**: ئەگەر بمانەوێت بەرهەمەکانی موجتابە میرزادە پۆلێن بکەین، زۆرترین کاریگەر لە بواری مۆسیقای کوردیدا داناوە، بۆ نموونە هونەرمەندێکی وەکو مامۆستا مەزهەر خالقی کە هونەرمەندێکی زۆر بە تواناو جێگای بایەخە، بە ڕای من دوو کەس لەسەری زۆر کاریگەر بوون، یەکێکیان موجتەبا میرزادە و ئەوی تریشیان حەسەن یوسف زەمانی، تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم ، ئەم دووانە هاوکارێکی باشی مامۆستا خالقی بوون. یان مامۆستا حەسەن زیرەک کە لە سەدا هەشتای بەرهەمە سەرکەوتووەکانی لەگەڵ مووجتەبادا بوو. بەڵام لە مۆسیقای فارسیدا جیاوازی لەگەڵ مۆسیقای کوردیدا

بـوو. بە گشـتی موجتەبـا زۆر بە توانـا و داهێـنەر بـوو. لە زۆربەی ئامێرەکانیشـدا شـارەزا بـوو، وەک ڤـایۆلین و سێتار و کۆنتراباس. زۆربەی بەرهەمەکانی باش بوون. بەڵام بەرهەمەکانی لە مۆسیقای کوردیدا بایەخدارتر بوون.

**پرسیار**: هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**ئەرسەلان کامکار**: بەڕای من ئاخێزگەی هونەرمەند و چاوەڕوانی کۆمەڵگا کاریگەربوون لەسەر سەرکەوتووتر بـوونی بەرهەمە کوردییەکانی موجتەبا. جیاوازییەکەش ڕێژەیی بوو، لەوانەشە داواکاری کۆمەڵگا بووبێت.

**پرسیار**: میرزادە درێژە پێدەری ڕێگای پەروێز یاحەقی بوو یان شێوەی تایبەت بە خۆی؟

**ئەرسەلان کامکار**: بە ڕای من شێوەی کارکردنی یاحەقی و میرزادە زۆر جیاوازە. میرزادە بۆخۆی خاوەن شێوە بـووە، دەتـوانین بڵێین میرزادە شیرین نەواز بـوو. واتە شێوەیەک لە لێدانی ئامێریـدا بـوو کە زۆرتـر خەڵـک پێیـان خۆشبێت و لەسەر دڵان دەنیشێت و لە خواستی خەڵک نزیک بووە.

**پرسیار**: موجتەبای میرزادە لە ژەندنی ئامێردا سەرکەوتووتر بوو یان لە دابەشکردندا؟

**ئەرسەلان کامکار**: بەڕای من دابەشکردنی مۆسیقای میرزادە زۆر سەرکەوتوو بووە. بـۆ نمـوونە بەرهەمەکـانی مامۆسـتا حەسـەن زیرەک و مامۆستا مەزهەری خالقی. مەبەستم لە هەڵبژاردن دانانی پێشکەیشە، کە من خۆم موجتەبـا زیـاتر بەمەوە دەناسم، بۆ نموونە ئەگەر ئاوازەکانی موجتەبا لە من پرسیار بکەیت، لەوانەیە شتێکم لە بیر نەبێت، بەڵام بـۆ دابەشکردن وانییە.

**پرسیار**: چەندە فەرهەنگ و ئاخێزگەی کوردیی میرزادە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە؟

**ئەرسەلان کامکار**: بەرهەمەکانی میـرزادە بەڕاستی کـوردین و کـوردانەیە. لە منداڵییەوە لە گوێمدا بـووە و گـوێم لێگرتـووە. بەو جۆرەش کە من میـرزادەم بینیـوەو ناسیومە؛ زۆر بیـری لەوە نەدەکـردەوە کە نـاوی بێـنن و بناسـرێت، تەنـانەت زۆربەی کارەکانی لە لایەن کەسانێکەوە دزراوەو بە ناو خۆیانەوە بڵاوبووەتەوە. ناوی کەسەکان نابەم . بەڵام لە مۆسیقای کوردیشدا کەسانی وامان هەیە کە بەرهەم و دابەشکردنی میرزادەیان دزیووە، کە میرزادەش خۆی گرنگی بەم بـابەتە نەداوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی کامکاران - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٥

# موجتەبا میرزادە: ڤایۆلینژەنێک بۆ هەمیشە



نوسینی: بیار رەشید

میرزادە کێیە؟ موجتەبا میرزادە لە سالی ١٩٤٥ لە شاری کرماشان هاتۆتە دنیاوە. بەهۆی کاری باوکییەوە کە کارمەندی حکومەت بوو بۆ چەند سالێک دەچنە ئیلام، دواتر تەمەنی شانزە سالان دەبێت کە دەگەڕێنەوە کرماشان. میرزادە لە تەمەنی منداڵیدا بە هۆی رادیۆ (همسایە) لە گەل موزیک ئاشنا بووە. ئەو کات لە ڕێگای ئەو ڕادیۆیەوە گوێ لە ڤیۆلینی مامۆستایان خالدی و پەرویز یاحەقی دەگرێت. یەکەم ئامێری موزیک کە موجتەبا لە تەمەنی منداڵیدا دەستی دایە، نای بوە پاشان سەنتوور. میرزادە دەڵێت:"هەر لە سەرەتای مناڵیمەوە هۆگر و خولیای ڤیۆلین بوم، بەڵام لەبەر کەم داهاتی باوکم وزە و تواناى کڕینی ئەم ئامێرەم نەبووە، لە تەمەنی مناڵیدا و بەهۆی کارو باری باوکم لە کرماشانەوە کۆچمان کرد بۆ ئیلام، لەوێ دراوسێیەکی تارانیمان هەبوو کە خۆی خەریکی ئامێری دڵخوازی من واتا ڤیۆلین بوو، بە پەرەسەندنی هاتوچۆ لەتەک ئەواندا ئەو ژەنیارە هەستی هونەری لە مندا بە دی کرد و هەر لەبەرئەوەش بوو پێشنیاری بە باوکم کرد کە ڤیۆلینێکم بۆ بکڕێت، بەمجۆرە من بووم بە خاوەنی ڤیۆلینێکی ٧٠ تمەنی کە زۆربەی گۆرانییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەکم هەر بەم ڤیۆلینە ژەنیوە، دوای چەند ساڵ مانەوە لە ئیلام گەڕاینەوە کرماشان، ئەو کات لە کرماشان مامۆستایەکی لێهاتوی وای لێنەبوو کە من ڤیۆلینی لێ فێربم، هەر بۆیەش من هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبووە و هەرچییەکی هەمە

تەنیا هەست و توانایی خواپێداو و تێکۆشانی خۆم بوە" . میرزادە ساڵی ١٩٦٧ دەچێتە تاران هەوڵی ئەوە دەدات کە خۆی فێری نۆتە خوێندنەوە بکات، کارێکی سەرنج ڕاکێش کە موجتەبا دەیکات ئەوەیە کە لەڕێگەی گۆڤارێکەوە بە ناوی (موزیک ایران) کە هەفتانە نۆتەی چەند گۆرانییەکی تێدا بڵاو دەکرایەوە هەوڵی دا فێری نۆتە خوێندنەوە بێت، لەم ڕووەوە دەڵێت: " لەبەرئەوەی هەموو ئاوازەکانم لەبەر بوو بە شێوەی خۆرسک دەمتوانی بیان ژەنم، دەچووم لە هەمان کاتدا سەیری نۆتەکانم دەکرد و دەمخوێندنەوە و پاشان چەند بارەم دەکردنەوە و دەکەوتمە بەراورد کردنیان تا نۆتەکان بناسمەوە، بە ڕاستی کارێکی تاقەت پروکێن بوو. لە یادمە بەهۆی گۆرانییەکی (مەجید وەفادار)ەوە بۆ یەکەمینجار (ترێل) فێر بووم، تا بەو شێوەیە فێری نۆتە خوێندنەوە بووم".

مامۆستا مەزهەری خالقی لەسەر منداڵی میرزادە دەڵێت: " میرزادە بە شێوەیەک کە خۆی باسی دەکرد، کاتێک کە خوێندکار بووە هەموو ساڵێک لە کرماشاندا خوێندکارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە (سنە، کرماشان، ورمێ، مەهاباد، شارەکانی تر) لە کرماشان یان شوێنێکی تر فیستیڤاڵی موزیکیان هەبووە، لەو فیستیڤاڵەدا هەرجارێک کە بەشداری کردبێت هەمیشە یەکەم بووە". یەکێک لەو دەرگایانەی کە موزیکی کوردی بە ڕوی میرزادەی هونەرمەند و بلیمەت دا کردەوە، ئاشنا بوونی ناوبراو لە گەڵ مامۆستای کۆچ کردوو حەسەن کامکار باوکی کامکارەکان بوو. موجتەبا میرزادە ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە شاری سنە و لە ئۆرکێسترای ئەم شارەدا بەسەرپەرشتی مامۆستا (حەسەن کامکار) پەرە بە هونەرەکەی دەدات، لەو هەل ودەرفەتەدا بووکە موجتەبا توانی کۆمەڵێک ئەزموون لە مامۆستا کامکار وەرگرێ و پاشان ببێ بە فەرمانبەر لە ڕادیۆی کوردی سنەدا. دوای ساڵێک مانەوە لە سنە دەگەڕێتەوە کرماشان و لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگی ئەم شارە (بەشی رادیۆ)دا دەست بەکار دەبێت. لەتەمەنی (١٧) ساڵیدا دەبێت بە ئەندامی گروپی ڕادیۆی کرماشان و ساڵێک دواتر دەبێت بە ڕابەری ئۆرکێسترای ئەو ڕادیۆیە. دواتر لە گەڵ گۆرانیبێژانی گەورەی کورد حەسەن زیرەک، مەزهەر خالقی، ئیبراهیمی خۆشنەوا، مورتزا توندڕەو و هاشمی ڕەبیعی دەستی کرد بە تۆمارکردنی چەندین بەرهەمی کوردی کە هەتا ئیستاش هونەری کوردی لە ئاستێکی بەرزدا دەیاننرخێنی و وەک شانازییەکی نەمر لە میرزادەوە بۆ کورد و گۆرانی کوردی دەمێننەوە.

قۆناغێکی تری ژیانی میرزادە ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٦٧ لە (کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران) بە پلەی سێیەم وەردەگیرێت، بەڵام کۆلێژ تەواو ناکات، هەرچەندە ئەم قۆناغە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی هونەر و تێکۆشانی میرزادە و هاوکاری لەگەڵ هونەرمەند گەلێکی پایەبەرزی وەک (مورتەزا حەنانە، جەلیل شەهناز، حوسێن یاهەقی، حەسەن کەسایی) دواتر لە ئۆرکسترا گەورەکانی وەک (فارابی، نەکیسا و بابەرد) هەروەها بەرنامەی (گوڵها)ی ئەوکات بە سۆلۆ (تاکژەنی) لەگەڵ گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە بۆ وێنە: ئیرەج و گولپایەگانیدا هونەری خۆی دەنوێنێت. هەر لەم کاتەدایە کە میرزادە دەبێتە ڕابەری ئۆرکێسترای ڕادیۆی تاران و چەندین کاری ناوازە تۆمار دەکات.

میرزادە جگە لە ئامێری سەرەکی خۆی کە بریتی بوو لە ڤیۆلین، شارەزاییەکی باشی لە (کەمانچە، تار، سێتار، پیانۆ) هەبووە، ئەمە جگە لەوەی کۆمپۆزەرێکی زۆر لێهاتوو بووە.

لایەنێکی تری ژیانی میرزادە لەم کاتەدا ئەوەیە کە عاشقی کچێک دەبێت لە تاران، خۆشەویستی بۆ ئەو کچە بەشێوەکە پێی دەڵێت: " ئەگەر بێت و ڕازی نەبێت بەوەی من موزیک بژەنم ئەوا ئامادەم هەموو پەنجەکانم ببڕمەوە". پاشان لەگەڵ ئەو کچە هاوسەرگیری دەکات و بەرهەمی چل ساڵی ژیانیان دوو کچ دەبێت بە ناوەکانی (ئیلیکا و ئەناهید).

هەر لەم ماوەیەدا کە میرزادە لە تاران دەبێت، رۆژێک لە کاتی ژەنیندا لەو ئۆرکێسترایەدا کە (مستەفا کسروی) ڕابەرایەتی دەکات، دەنگی ڤیۆلینەکەی بە جیاواز بەرگوێی دەکەوێت و ئەمەش دەرگایەکە بۆ میرزادە بۆ ئاشنا بونی بە موزیکی فیلم. دواتر پێشنیاری دانانی موزیکی فیلمی (درشکەچی) دەخرێتە بەردەم، میرزادە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت:" پێش ئەم کارە هەرگیز موزیکم بۆ ئۆرکیسترا نەنوسیبووەوە، تەنانەت هەندێک زانیاری هەبوو لەسەر ئامێرەکان کە نەمبوو، بۆ نمونە نەمدەزانی ژێکانی کۆنتراباس چۆنەو چییە؟! بۆیە لەماوەی مانگێکدا لە ڕێگەی پرس و ڕاوە هێندەم زانیاری کۆکردەوە کە بتوانم بۆ ئۆرکێسترا کارێک بنوسم. بەڵام کێشەی سەرەکیم ئەوەبوو کە نەمدەزانی ئایا بۆ فیلمەکە دەبێت چی دابنێم؟ چونکە تا ئەو کاتە هیچ زانیارییەکم سەبارەت بە کاری موزیکی فیلمسازی بەرچاو نەکەوتبوو لە کەسیشم نەبیستبوو نەشمدەزانی کامەن؟ بۆیە هەموو یاسا و ڕێساکان خۆم دامنان". هەندێک لەوانەی لەسەر ژمارەی ئەو فیلمانەیان نوسیوە کە میرزادە کاری موزیکی بۆ کردوون یان (٥٤) یان (٥٦) نوسراوە، بەڵام من بۆ خۆم ساڵی ٢٠٠٥ کە میرزادە لە سلێمانی بوو ئەوەم لێپرسی کە چەند کاری موزیکی فیلمی هەیە، ئەویش وتی :" زیاتر لە (٥٨)" لەبەرئەوە من ئەم ژمارەیە دادەنێم کە لە خودی خۆیەوە وەرم گرتووە.

میرزادە لە تەمەنی هونەری خۆیدا واتە سەرەتای کارکردنی تا پێش مردنی ئەوەی من دەستم کەوتبێت و ئاگادار بم لێی کاری بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد کردووە لەوانە : (حەسەن زیرەک، مەزهەر خالقی، محەمەدی مامڵێ، ئیبراهیمی خۆشنەوا، مورتزا توندڕەو، هاشمی رەبیعی، خەلیلی سەدیقی، عەزیز شاروخی، حسێن شەریفی، ناسری رەزازی، جەمشید عەزیزخانی، خەبات مەولودی، کەیوان عەلی محەمەدی، کانی، شێرکۆ تالیب). هەندێک لەو هونەرمەندانە دەکەونە دە ساڵی سەرەتای کاردنی میرزادەوە، هەندێکی تریان ساڵەکانی دواتر ئەوانی تریش دەساڵی کۆتایی تەمەنی.

ئەمە جگە لەوەی کە کاری بۆ زۆر لە هونەرمەندە گەورەکانی فارس کردووە لەوانە: (شەجەریان، هایدە، ئیرەج، مەهەستی، ئەکبەر گولپایەگانی، موعین، گوگوش، حومەیرا، سوسن، ئەفسەری شەهیدی، محەمەد ئەسفەهانی، عەلی رەزا

ئیفتیخاری، همایون کازمی، و چەندینی تر)

میرزادە دوای زیاتر لە چل ساڵ کاری هونەری و بەخشینی چەندین شاکاری گەورە بە موزیکی کوردی و فارسی، ڕۆژی (١٧ - ٧ - ٢٠٠٥) بە هۆی نەخۆشی دڵەوە لە نەخۆشخانەی گەورەی تاران کۆچی دوایی کرد. لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی گەورە هونەرمەندانی کورد و فارس لە گۆرستانی هونەرمەندان بە خاک سپێردا. لە کاتی بە خاک سپاردنەکەیدا هونەرمەندی گەورە شەجەریان وتی: "مردنی میرزادە کارەساتێکی گەورە بوو بۆ موزیکی کوردی بە تایبەتی موزیکی ئێرانی بە گشتی، جگە لەوەش ئەمڕۆ هونەرمەندێکمان لەدەستدا کە زەحمەتە کەس هەبێت بتوانێت جێگەی بگرێتەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی موزیکناس - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# موجتەبا میرزادە، میوزیکژەنی ناوداری کورد



موجتەبا میرزادە

ئامادەکردنی: مستەفا فاتیح

کەم کەس هەیە ناوی موجتەبا میرزادەی نەبیستبێت. ناوی میرزادە بۆ هەمووومان بە بیرهێنەرەوەی بەشێکی زۆر لەو ئاوازانەیە کە بە گوێمان ئاشنایە. میوزیکژەن و ئاوازدانەرێک کە شوێن پەنجەی کارەکانی لەسەر میوزیکی کوردی و تەنانەت میوزیکی ئێرانیش دیارە. هونەرمەندێک بە کەمانەکەی رۆحی دەکرد بە بەر ئاوازەکاندا. کەمانەکەی میرزادە، ئاوازی تاقوەسان و بێستونی دەچڕی.

## لە رێگەی رادیۆیەوە هۆگری میوزیک دەبێ

موجتەبا میرزادە، ١٨ی ئازاری ١٩٤٦ لە شاری کرماشان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە دایکبووە. باوکی کارمەندی میری بووە، هەربۆیە چەند ساڵێک لە ئیلام نیشتەجێ دەبن. کە دەگەڕێنەوە بۆ کرماشان تەمەنی شازدە ساڵ دەبێت. میرزادە لە تەمەنی منداڵیدا بەهۆی گوێ راگرتن لە رادیۆی دراوسێکەیانەوە لەگەڵ مۆسیقا ئاشنا بووە و لەو کاتەدا زۆر تامەزرۆی کەمان

ژەنی «مەهدی خالیدی» و « پەرویز یاحەقی» بووە و هۆگریان بووە و هەر لە رێگەی رادیۆوە گوێی لە کارە هونەرییەکانی ئەم دوو هونەرمەندە ناوادارە ئێرانییە گرتووە.

## سەرەتا بە ئامێری نەی دەستپێدەکات

میرزادە سەرەتا لە تەمەنی منداڵیدا دەست دەداتە ئامێری «نەی»، دواتر ئامێری « سەنتوور» و لە کۆتاییدا ئامێری کەمان هەڵدەبژێرێت و پێش ئەوەی دەست ببات بۆ کەمان بە سەنتووری برا گەورەکەی کاری موسیقی کردووە. میرزادە دەڵێت: هەر لە سەرەتای منداڵیمەوە هۆگر و خولیای کەمان بووم، بەڵام لەبەر کەمدەرامەتی باوکمەوە توانای کڕینی ئەم ئامێرەم نەبوو، لە تەمەنی منداڵیدا و بەهۆی کاروباری باوکم لە کرماشانەوە بەرەو ئیلام کۆچمان کردبوو، لەوێ دراوسێیەکی تارانیمان هەبوو کە خۆی خەریکی ئامێری دڵخوازی من واتە کەمان بوو، بە هۆی بوونی پەیوەندیی و هاتوچۆ لەگەڵ دراوسێکەمان، ئەو کە خۆی ژەنیاری کەمان بوو، هەستی کرد من حەزی هونەریم هەیە، هەر بۆیە پێشنیاری بە باوکم کرد کەمانێکم بۆ بکڕێت، بەو شێوەیە من بووم بە خاوەنی یەکەم کەمانی خۆم کە بە ۷۰ تمەن کڕدرابوو و بەشێکی زۆری گۆرانییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەکم بەو کەمانە ژەندووە، دوای چەند ساڵ مانەوەمان لە ئیلام گەڕاینەوە بۆ کرماشان.

**ئەوکات لە کرماشان مامۆستایەکی بە توانای وای لێنەبوو کە من کەمانی لێ فێر بم، هەر بۆیە هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبووە و هەرچییەکی هەمە خۆم، خۆم پێگەیاندووە و فێربووم**

## هیچ مامۆستایەکی نەبووە

ئەوکات لە کرماشان مامۆستایەکی بە توانای وای لێنەبوو کە من کەمانی لێ فێر بم، هەر بۆیەش من هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبووە و هەرچییەکی هەمە خۆم، خۆم پێگەیاندووە و فێربووم.

ساڵی ١٩٦٧ میرزادە دەچێتە تاران و لەوێ لە رێگەی گۆڤارێکەوە بە ناوی (موزیک ایران) کە هەفتانە نۆتی چەند گۆرانییەکی تێدا بڵاو دەکرایەوە هەوڵیدا خۆی فێری خوێندنەوەی نۆت بکات. لەم بارەیەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی هەموو ئاوازەکانم لەبەر بوو، بە شێوەی خۆڕسک دەمتوانی بیان ژەنم، دەچووم لە هەمان کاتدا سەیری نۆتەکانم دەکرد و دەمخوێندنەوە و پاشان چەندبارەم دەکردنەوە و دەکەوتمە بەراورد کردنیان تا نۆتەکان بناسمەوە، بە راستی کارێکی تاقەت پڕوکێن بوو. لەبیرمە بەهۆی گۆرانییەکی(مەجید وەفادار)ەوە بۆ یەکەمین جار (ترێل) فێر بووم، تا بەو شێوەیە

فێری نۆتە خوێندنەوە بووم.

## پەیوەندی زیرەک و میرزادە

یەکێک لەو کەسانەی کە میرزادە کاری لەگەڵ کردووە، حەسەن زیرەکی نەمر بووە. بەشێکی زۆر لەو کارانەی حەسەن زیرەک کە لە رادیۆ کرماشان تۆمار کراون، میرزادە کاری مۆسیقاکەی کردووە. زیرەک هەر ئاهەنگێکی بە زاردا هاتووە، میرزادە زۆر زوو توانیویەتی ئاهەنگەکەی رێکبخات. دەگێرنەوە جارێک هایدە گۆرانیبێژی ناوداری ئێرانی بە میرزادە دەڵێت : «بەرێز میرزادە ئەو مۆسیقایەی کە تۆ دەیژەنی، وەحشییە، مرۆڤ سەرسام دەکات، میرزادە لە وەڵامی هایدەدا دەڵێت: خانمی هایدە، ئەو مۆسیقایە، مۆسیقای کوردییە.

ساڵی ١٩٦٧ میرزادە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران بە پلەی سێیەم وەردەگیرێت، بەڵام کۆلێژ تەواو ناکات و بەجێیدەهێڵێ. هەر ئەو کاتە لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندی وەک مورتەزا حەنانە، جەلیل شەهناز، حوسێن یاحەقی، حەسەن کەسایی دەست دەکات بە کاری هونەری. پاشان ئۆرکسترا گەورەکانی وەک فارابی، نەکیسا و بابەرد و هەروەها بەرنامەی (گلها)ی ئەوکات بە سۆلۆ لەگەڵ گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە بۆ وێنە ئیرەج و گولپایەگانی کار دەکات. میرزادە لە تەمەنی هونەری خۆیدا بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد وەکو حەسەن زیرەک، مەزهەر خالقی، محەمەد ماملێ، ئیبراهیم خۆشنەوا، مورتەزا توندرەو، هاشم رەبیعی، خەلیل سەدیقی، عەزیز شاروخ، حوسێن شەریفی، ناسر رەزازی، جەمشید عەزیزخانی، پەیام عەزیزی، خەبات مەولوودی، کەیوان عەلی محەممەدی، ئاوازی داناوەو مووزیکی ژەندووە.هەروەها یەکەم کەس بووە بە هاوکاریی عوسمان هەورامی مۆسیقای هەورامی بردۆتە ناو ئۆرکێستراوە و کەڵکی لێ وەرگرتووە.

بەداخەوە ئەم هونەرمەندە ناسراوەی کورد، ئەو کەسەی پەنجەی بە رۆحی هەمووومان ئاشنا بوو، 17ی تەمووزی 2005 لە تەمەنی ٥٩ساڵیدا، لە حاڵێکدا هێشتا دەیتوانی زۆر خزمەت بە هونەری کوردی و میوزیکی کوردی بکات، بە هۆی نەخۆشی دڵەوە لە تاران ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٤ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو نووسەران  بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، بابەت و دیمانەکان .

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

